# فیۆدۆر دۆستۆیڤسکی

# کچەجیران

## وەرگێڕانی: حەمە کەریم عارف

بەشی یەکەم

ئوردینوف، ئاخری بڕیاری دا کە ژوورەکەی بگۆڕێت. خانەخوێ و خودان ماڵەکەی پیرەژنێکی بەتەمەنی زۆر هەژار، بێوەژنی بابایەکی فەرمانبەر بوو. لەبەر هەندێک سەدەمی چاوەڕوان نەکراو.

ناچار بووبوو، تەنانەت تا کۆتایی مانگیش کە کاتی تەواو بوونی کرێیەکەی بوو چاوەڕوان نەکات. پترسبورگ بە جێبێڵێت و بڕوات بۆ گوندێکی بچووک و دوورەدەست ولەنک هەندێ لە خزمەکانی بژی. بەڵام یارۆی گەنج دەیویست تا سەری مانگ کە پێشوەختە کرێی دابوو، لە ژوورۆچکەیەکدا وەمێنێت ، نها بە کەسەرەوە بیری لەوە دەکردوە کە دەبێت ئەم کونجە ئارامەی کە خووی پێوە گرتبوو بە جێ بێڵێت، هەرچەندە ئەمەی لەبەر گران بوو. بەڵام لەبەر ئەوەی هەژار و نەدار کرێی هەموو خانووەکەی کە گران بوو،پێ هەڵنەدەسوڕا.ئەوە بوو ڕۆژی دوای ڕۆشتنی یارۆ پیرەژن، کڵاوەکەی لەسەرنا، ملپێچەکەی لە مل کردو لە ماڵ وەدەرکەوت. کوچە و کۆڵانە تەنگە بەرەکانی پترسبورگی دایە ژێر پێوە، کەوتە تاقیبی ئەو ئاگادارییانەی کە لە سەر کارتۆن نووسرابوون بە دەرگای بینا تاریک و قەرەباڵغەکانەوە هەڵواسرابوون(بۆ کرێ). زیاترتاقیبی ئەو بینایانەی دەکرد کە گەورەتر و پەرپووتتر و قەرەباڵغتر بوون، چونکە ئەو ژوورەی ئەو دەیویست لەو شوێنانەو لەلای کرێچیانیهەژار و نەدار ئاسانتر پەیدا دەبوو. ئیدی بەدەم ئەم گەڕان و تاقیب کردنانەوە، دوای ماوەیەک هەستیکرد. هەستێکی نامۆ بەرەبەرە سەر و دڵی دەگرێت لە هەوەڵەوە، حایر و حەپەساو لامسەرلایی دەسووڕایەوە وچاوی دەگێڕا، دوای ئەوە بە وردی و بەجدیتر کەوتە تەماشاکردن و تاقیبکردن، بە کونجکاوی دەیڕوانییە ئاپۆڕای خەڵکی و ژیانی کوچەو کۆڵانەکان وجم و جوڵی خەڵکەکە. ئەو شتانەی کە دەیبینی و هەروەها ڕەوشی خۆی لەو هەراو هەنگامەیەدا بۆ ئەو تازە بوو، ژیانی نالەبار و پڕ لە وردە گرفتاریانی ڕۆژانە، کە مایەی زیللەت و ماندوویەتی پترسبورگیانی جدی و سەرقاڵ بوو، کە بە درێژایی تەمەن لەهەر دەرو دەرگایەک دەدەن، تا بە هەوڵ و تەقەلایەکی زۆر بەڵام بێهودە.کونج و گۆشەیەکی گەرم و نەرم و کونجێکی ئارام بۆ خۆ پەیدا بکەن و تیایدا بحەوێنەوە، بەڵام ئەنجام بەو ئاواتە ناگەن و ڕێگەی دی دەگرنەبەر... ئەم ڕەنج و کوێرەوەری وسەریەشە و هەوراز و نشێوە بێهودانە، جۆرە هەستێکی خۆشی و شادی وپڕکەلەجان و جۆش و خرۆشی لە دڵ و دەروونی ئەردینوفدا چێدەکرد، گۆنا زەردەکانی بە ئاستەمێک سوور دەبوونەوە ، پڕشنگی ئومێدێکی تازە لە چاوانی دەبووەوە ،بە تامەزرۆییەوە هەوای تازە و تەڕ و ساردی پڕ بە سییەکانی هەڵدەمژی، هەستی بە چەلەنگی و بارسووکییەکی

بێوێنە دەکرد.هەموو ژیانی بە ئارامی و لە گۆشەگیریدا بەسەر بردبوو، نزیکەی سێ ساڵێک دەبوو. خوێندنی زانکۆی تەواو کردبوو. کە زانکۆی تەواوکرد، تا ڕادەیەک ئازاد بوو.سەردانی پیرەمێردێکی دەکرد تا ئەو کاتە هەر بە ناو دەیناسی. ماوەیەکی زۆر لە بەردەرگا چاوەڕوانی کرد تا ئاقیبەت پێشخزمەتی پیرەمێردەکە کە بەرگی فەرمی لەبەربوو و کەسێکی بەڕواڵەت بەشەخسیەت بوو، دڵی نەرم بووبوو کە جارێکی دی هاتنی ئەو بە ئاغای خۆی ڕابگەیەنێت. هەنگێ دەرگای هۆڵێکی گەورەی ساپیتە بڵندی تاریک و چۆڵی لێکرابووەوە کە بێزاری لە دار و دیواری دەباری. لەو جۆرە هۆڵانە بوو کە هێشتا لە هەندێ خانووی کۆنی لە چەپاڵە و ئاسیوی ڕۆژگار خەلەسیوی ئەشرافاتی کۆندا نموونەی مابوو. بەڵێ لەوێ، لەو هۆڵەدا کابرای پیرەمێردی بینی بوو. پیرەمێردێکی زورهان، بەفری پیری سەری داپۆشی بوو، سینگ و بەرۆکی یەک پارچە میداڵ و نیشانان بوو، ئەمە دۆست و هاوکاری باوکی ڕەحمەتی و سەرپەرشت و سەروەرێتی تا ئێستای خۆی بوو. یارۆی پیرەمێرد بڕە پارەیەکی کەمی دابوویێ، ئەم پارەیەی پاشماوەی ئەو میراتەی باو باپیرانی بوو کە بە ئەمری دادگا خرابووە ئیزالەی شیوعەوە و قەرزی خاوەن قەرزانی لێ درابووەوە و ئەو بڕە کەمەی لێ مابووەوە.ئوردینوف، بە بێ موبالاتییەوە بەشە میراتەکەی وەرگرتبوو و کڕنۆشێکی بۆ یارۆی پیرەمێرد بردبوو و بۆ هەمیشە خاترخوازی لێکردبوو، لە ماڵەکە وەدەرکەوتبوو. ئەو پایزە ئێوارەیە زۆر تەزی و تاریک بوو، ئوردینوف هایمو حەیران، مات و غەمبار، بە دڵی کەسەردارەوە لە فکران ڕۆچوو بوو. گڕ لە چاوانی دەبووەوە، هەستیدەکرد تای لێهاتووە. بەدەم ڕێگاوە، لە زەینی خۆیدا حیسابی دەکرد کە بەو پارەیەی کە لە پیرەمێردی وەرگرتبوو دەتوانێت دوو – سێ ساڵان بژی، خۆ ئەگەر نەوسنی نەکات و کەمێک دەست لە خواردن بگرێتەوە، ڕەنگە چوار ساڵ گوزەرانی پێبکات. شەو داهات. باران نم نم دەستی پێکرد ، کە یەکەم ژوورۆچکەی بینی بوو، یەکسەر بە گەنی کردبوو و بەکرێی گرتبوو. دوای یەک سەعات شڕو شیتاڵەکەی بۆ ئەوێندەر گواستبووەوە و لەوێندەر جێگیر بووبوو. ئیدی لەوێندەر، لەو ژوورەدا وەکو ڕەبەنێک لە دێردا بژی، کونجی قەناعەتی گرتبوو. ئیدی بە تەواوەتی وەک تەرکە دنیایان لە دنیا دابڕابوو، دوای دوو ساڵان وەکو کێویان لە خەڵکی دەرەوییەوە .

بووبوو بە کێوی و خۆی هەستی پێنەدەکرد. تا ئەو کاتە بە خەیاڵیدا نەهاتبوو کە ژیانێکی دیکەش هەیە. ژیانێکی جەنجاڵ و پڕ هەراو زەنا، قەوغا و لە گۆڕانی بەردەوامدا هەیە و بتەوێ و نەتەوێت یەکانگیرت دەبیت و مەحکوومی بەو ژیانە. وە نەبێت هیچی لە مەڕ ئەو ژیانە نەبیستبێت، بەڵام پێی ئاشنا نەبوو، هەوڵیشی نەدەدا پێی ئاشنا بیت... ئیدی لە منداڵییەوە بە گۆشەگیری ژیابوو. نها دەقی

بەم تەنیاییەی خۆیەوە گرتبوو. تەنیا یەک ئاوات و ئارەزووی هەبوو، ئارەزوویەک نە تێر دەبوو نە پاراو، ئارەزوویەک لەوانەی کە نایەڵێت خەڵکانی وەکو ئوردینوف، وەکو خەڵکی ئاسایی بژین و مومارەسەی ژیان بە هەموو جەنجاڵییەکی خۆیەوە بکەن. ئەم ئاوات و ئارەزووە، خولیا و کەڵکەڵەی ((زانست)) بوو. ئەم خولیایە باڵی بەسەر جەوانی ئەودا کێشابوو، وەکو ژەهرێکی بەلەزەت ئارامی شەوانی لێ تاڵ دەکرد. لە خواردنی ساغڵەم و هەوای خاوێن کە هەرگیز نەدەچووە هەوا تاریک و خەفەکەیەوە مەحرورومی دەکرد. بەڵام ئوردینوف، کە سەرمەستی خولیاو ئارەزووەکەی خۆی بوو، نەیدەویست هەست بەوە بکات و دانی پێدا بنێت. هێشتا گەنج بوو، نها لەوە زیاتری نەدەویست کە هەیبوو. ئیدی خولیای زانست بەسەریا زاڵ بوو، منداڵانە دەژیا و لەوە بترازێ هیچ کەڵکەڵە و خولیایەکی دیکەی نەبوو، هێندە دەست و پێ سپی بوو کە فێری ئەوە نەبوو بوو لە کاتی تەنگانەدا دل بە خەڵکەکە بدات وتەنانەت جێگەیەکی بچووکیش بۆ خۆی بکاتەوە. زانست بۆ هەندێ کەسی چاوکراوە سەرمایەیەکی گرینگ و کار سازە، کەچی خولیاکەی ئوردینوف چەکێک بوو دژی خۆی.

وە نەبێت بەپێی بەرنامەو خولیایەکی ڕوون و لۆجیکی ڕووی کردبێتە دنیای فێربوون و زانین، ئەو فێربوون و زانینەی کە تا ئەو ڕۆژە خۆی بۆ تەرخان کردبوو، بەڵکو جۆرە کەڵکەڵکە و جازیبەیەکی نائاگایی بوو. هەر لە منداڵییەوە بە کەسێکی نامۆ و دوورەپەرێز دەژمێردرا. لە هیچ شتێکدا لە هاوڕێکانی نە دەچوو. داک و بابی خۆی نەناسی بوو، چونکە بە تەبیعەت برێک غەریب و قیچەک کێوی بوو، دوورەپەرێز و تەریک بوو، هاوڕێکانی زۆریان ئەزییەت دەدا، ئەمە هێندەی تر گرژو مۆن و دڕدۆنگی کرد. تا بەرەبەرە وای لێهات بە تەواوەتی لە هەموو خەڵکی دوور کەوتەوە و چووە قاوغەکەی خۆیەوە. بەڵام لە تەنیایی و گۆشەگیریشدا کار و سەرگەرمییەکانی کە لە ڕابردوودا و لە ئێستادا، هیچ جۆرە بەرنامەدارییەکیان بەخۆوە نەبینی. تەنیا جۆرە خولیا و کەڵکەڵەیەکی سەرەتایی بوو، ڕێک وەکو ئەو کەلەجان و جۆش و خرۆشە سەرەتاییەی کە هونەرمەند هەستی پێدەکات. ئیدی خۆی ڕێ و ڕێباز و مەزەبێکی تایبەتی بۆ خۆی دروستکرد بوو: ئەم ڕێ و ڕێبازە بەرەبەرە و وبە تێپەڕبوونی ساڵان چێبوو بوو. بەرە بەرە بیرۆکەیەک لە هزریا دروست بوو بوو کە هێشتا فۆرمێکی دیاریکراوی پەیدا نەکردبوو. برێک گۆنگ بوو بەڵام بەلای خۆیەوە زۆر جوان و دڵگیر بوو، تازە خەریک بوو فۆرمێکی تازە و ڕۆشنی وەردەگرت. ئەم فۆرمە دەیویست لە ڕوحییەوە لە دایک ببێت و خۆی بنوێنێت، دەردو ژانی ئەم لە دایکبوونە ڕوحی عەزاب دەدا. زۆر شەرمنانە هەستی بەڕەسانەیەتی و ڕاستگۆیی و بەهێزی ئەم بیرۆکەیە دەکرد.

ئامیان و ماکی خەڵقەندەیەک لەناخیا دەجولا، بیرۆکەکە لە دڵ و دەروونیا بەرجەستە دەبوو، بەڵام ئەم بیرە هێشتا زۆری مابوو بخەملێت و بەرجەستە ببێت، ماوەیەکی یەجگار زۆری مابوو، ئەوەندە زۆر کە لەگینە هەرگیز نەیەت و نەبڕێتەوە.

ئەوەتا ئوردینوف وەکو بێگانەیەک سەرگەردان، وەکو دەروێشێک لە سارا و بیابانی بێدەنگی خۆی هەتووەتە دەر لە ناکاوا بەناو شارێکی جەنجاڵ و خرۆشاو، پڕ لە هەراو هەنگامە کەوتووە. هەموو شتێک لەبەرچاوی ئەو سەیر و باڵکێش و تازەیە. بەڵام بەردایەک بەم دنیا خرۆشاو و پڕ هەراو هەنگامەیەی دەوروبەری نامۆ بوو، کە سەری لە تازەیی ئەم هەستە سەیرو سەمەرانەی خۆی نەدەسوڕما. پێدەچوو ئاگای لە کێویەتییەکەی خۆی نەبێت، هەست بە کێویەتی خۆی نەکات.بە پێچەوانەوە: جۆرە هەستێکی شادمانی،  وەکو هەستی بابایەکی برسی، کە ماوەیەک بێت بەڕۆژوو بووبێت . لە برسا لاکەی سەری بێت و لە ناکاوا بە خواردن و ئاو گەیی بێت، بەو ئاوایە ئۆخژنێکی شادمانی لە دڵ و دەروونی ئوردینوف گەڕا . سەیر ئەوە بوو کە سوکە گۆڕانێکی ئاسایی وەکو بارکردن لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیکە، ئەو هەموو کەلەجان و جۆش و خرۆشە لەلای ئاکنجییەکی خەڵکی پترسبورگ دروست بکات. با ئەو کەسە ئوردینوفش بێت. تا زیاتر بە کوچەو کۆڵانەکاندا دەگەڕا پتر لەزەتی لەم کارەی خۆی دەبینی، ئیدی هەموو شتێکی لە ڕوانگەی شەقامگەڕێکی بێخەم و خەیاڵەوە دەبینی.

بەڵام هێشتاش هەر پابەندی خولیاو ئارەزووە باوەکەی خۆی بوو، وەکو چۆن لە بن دێڕی کتێبێکدا شتە نەنووسراوەکان بخوێنێتەوە، بەو ئاوایە دیمەنە کراوەکانی بەردەم خۆی دەخوێندەوە. هەموو شتێک مایەی سەرنجی بوو، هیچ دیمەنێکی نەدەبوارد. بە نیگا سەرگەردانەکانی، ڕێبوارانی دادەبێژت ، لە ئەحواڵیان ورد دەبووەوە. بە وردی دەیڕوانیە هەموو شتێکی دەوروبەری خۆی، بە تامەزرۆییەوە گوێی لە دەم و دووی خەڵکەکە دەگرت، وەکو ئەوە بوو لێکۆڵینەوە لە دروستی ئەو ئەنجامانە بکات کە لەمیانی ئارامی شەوانی گۆشەگیری و تەنیایی خۆیەوە پێی گەیی بوو.زۆرجار شتی بێبایەخ و هیچ سەرنجی ڕادەکێشا و بیرۆکەیەکی لە مێشکیدا بێدار دەکردەوە. بۆ یەکەمجار هەستی بە داخ و کەسەر دەکرد، کە خۆی لە دەخمەکەیدا زندەبەچاڵ کردووە. لێرەدا هەموو شتێک بلەز دەڕوات. لێدانی دڵی خێراترە. زەینی کە لەژێر باری تەنیاییدا، تەمەڵ بووبوو. بە هەوڵ و تەقەللایەکی زۆر ئەوسا دەوروژا،  نها بەخێرایی و ئارامی و جورئەتەوە کاری دەکرد. پڕ بەدڵ حەزی دەکرد، خۆبەخۆ خۆی بەم ژیانە نامۆیەدا بکات، نامۆ بەو. هەڵبەتە ئەو تا ئەمرۆش بەم

ژیانە ئاشنا نەبوو، هیچی لەبارەیەوە نەدەزانی. مەگەر بە جۆرە غەریزەیەکی هونەرمەندانە دووراودوور هەستی پێکردبێت.تەنها دڵی، بێئەوەی لەدەستی خۆیدابێت، بۆ خۆشەویستی و دۆستایەتی لێی دەدا. زۆر بە وردی لەسەرو سیمای ئەو کەسانەی دەڕوانی کە بە بەردەمیا ڕەت دەبوون. بەڵام هەر هەموویان دوورو خەیاڵاوی و مژوول دیار بوون... بەرەبەرە هەست و سۆز و کەلەجانی ئوردینوف دادەمرکایەوە ؛ لە کەمی دەدا. واقیع لە ئێستاوە باری سەر شانی قورس دەکرد، جۆرە ترس و ڕێزێکی بەسەریدا دەسەپاند. ئەم شەپۆلە هەستەی کە تا ئەو کاتە بۆ ئەو تازەبوو، ماندووی دەکرد. وەکو چۆن نەخۆشێکی ماندووی سەر جێگا. یەکەمجار لەسەر جێگا هەستێت و شادمان و دڵخۆش کە ڕۆشنایی ڕۆژ و پاکی هەوا و هەراو هەنگامەی ژیان و جەنجاڵی تەندروستان و ساغڵەمانی پڕ جۆش و خرۆش دەبینێت، دەحەپەسێت، بەرچاوی تاریک دەبێت و سەرەگێژکەی پێدەکەوێت و دووبارە لەجێدا دەکەوێتەوە. ئوردینوفش کە چاوی بەو خەڵکە جۆراوجۆرە کەوت کە بەبەردەمیا ڕەتدەبوون، بەر چاوی تاریک بوو، خەم دایگرت، پەرێشانی و نیگەرانی زۆری بۆ هێنا. ئیدی ترسی لێنیشت، سەبارەت بەژیانی ، بە کار و چالاکییەکانی، تەنانەت سەبارەت بە ئایندەشی. بیرۆکەیەکی تازە، ئارامی لە ڕوحی دەبڕی. لە ناکاوا بیری کەوتەوە کە بەدرێژایی تەمەنی هەر بەتەنیا بووە، کەس خۆشی نەویستووە، ئەو خۆیشی لەخەمی ئەوەدا نەبووە ڕۆژێ لە ڕۆژان کەسی خۆشبووێت. هەندێ لەو ڕێبوارانەی کە لەهەوەڵی گەڕانەکەیدا، بەڕێکەوت و لامسەرلاییقسەی لەگەڵدا کردبوون، بەسەرسامی و گومانەوە تەمەشایان کردبوو، هەستیان بریندار کردبوو و فەرامۆشیان کردبوو. هەستی دەکرد بە پیاوێکی مەیلەوشێت یان نەسازی دەزانن، هەڵبەتە ناهەقیان نەبوو. هەنگێ بیری کەوتەوە کە هیچ کەسێک کەیفی بەو نەهاتووە، بیری کەوتەوە کە هەموو خەڵکی، هەر لە منداڵییەوە، بەهۆی گۆشەگیری و ناکڵۆکییەوە، خۆیان لێدووردەگرت، تەنانەت ئەو هاوسۆزییەش کە هەندێجار سەبارەت بە خاڵکانێک لە دڵ و دەروونیدا پەیدادەبوو، خەڵکەکە بە پیرییەوە نەدەچوون، لێی تێنەدەگەیشتن. ئوردینوف، لە منداڵییەوە خەفەتی لەوە دەخوارد کە لە هیچ منداڵێکی هاوتەمەنی خۆی نەدەچوو. ئێستا هەست بەوە دەکات کە خەڵکی هەمیشە و لە هەموو کاتێکدا خۆیان لەو بەدوورگرتووە.

ئورردینوف، بێئەوەی بەخۆ بحەسێت هەر دەڕۆیی و دەڕۆیی، لە شار دوورکەوتەوە، خۆی لە گەڕەکێکی قەراغ شاردا بینییەوە. خۆیشی نەیدەزانی چۆن گەییوەتە ئەوێندەر. لە خواردنگەیەکی بچووکی دوورەدەستدا، نانێکی سووکی خوارد، دیسانەوە کەوتە گەڕان بە شەقامەکاندا، چەند مەیدانێکی بڕی. بەو ئاوایە گەییە ڕێگایەک کە ئەم بەر و ئەوبەری دار و درەختێن زەرد و تۆزاوی

بوو. ئێرە کۆشک و تەلاری بە شکۆ و دەوڵەمەندنشینی تیا نەبوو، هەر هەمووی کولبەی کۆن و هەژارنشین بوو، پڕ بوو لە بینای بەرزی کارخانانی دزێو و دووکەڵکێشی بەرزەوە. ئیدی هەرچوار نکاڵی چۆڵ و بیابان بوو. هەموو شتەکان تاریک و غەمبار بوو، یان ئوردینوف بەو ئاوایەی دەبینی. دنیا خەریک بوو تاریک دەبوو، ئوردینوف پاش بڕینی شەقامێکی تەنگی دوور و درێژ، گەییە مەیدانێکی بچووک کە کڵێسای ئەو گەڕەکەی لێبوو.

ئەردینوف، هایم و حەیران خۆی بە کڵێساکەدا کرد. نوێژو نزا تازە تەواو بووبوو. کڵێساکە نیمچە چۆڵ بوو. تەنیا دوو پیرەژن لە نزیکی دەرگاکەوە هێشتا لە ڕکوعدا بوون. جانکوشی(مجێوری کڵێسا) کە پیرەمێردێکی کورتەباڵای پۆڕ سپی بوو، خەریک بوو مۆمەکانی دەکوژاندەوە. تیشکی هەتاوی زەردەپەڕی ئێوارە لە پەنجەرە باریکەکەی ژێر گومەزی کڵێساکەوە، دەیدا لە ژوورەوە. یەکێک لە هەیکەلەکانی لە ڕووناکیدا نقوم دەکرد. بەڵام پرشنگی هەتاوەکە کە بەرەو ئاوابوون دەچوو بەرەبەرە کزو کزتر دەبوو.تاریکی ژێر گومەزەکە خەستتر دەبوو، لەگەڵ تاریک بوونی جەوەکەدا، ئەیکونە زێڕ کفتەپیرۆزەکان، لەبەر تیشکی لەرزۆکی چراو مۆمەکانی دیاریان، دەدرەوشانەوە. ئوردینوف، خەمێکی قوڵ دایگرت، هەستی بە هەناسە تەنگییەکی غەریب دەکرد. خۆی گەیاندە تاریکترین شوێنی کڵێساکەو پشتی بە دەوارەکەوەدا، بۆ ساتێک خۆی فەرامۆش کرد. لە دەنگی سووکی پێی دوان لەو ئیماندارانەی کە دەهاتنە کڵێساکەوە و دەنگی سیستماکی پێیان لەژێر گومەزی کڵێساکەوە دەنگی دەدایەوە، وەخۆهاتەوە. ئوردینوف، سەری بەرزکردەوە، کە ئەوانەی بینی دووچاری کونجکاویەکی سەیر بوو.پیرەمێردێک و ژنێکی گەنج بوون. پیرەمێردەکە پیاوێکی باڵا بەرز و قیت و بەگوڕ بوو، بەڵام زۆر لاواز و ڕەنگ و ڕوو سیسەڵە و چرچەڵە بوو؛ لە نەخۆش دەچوو. بە ڕواڵەتا لە بازرگانێک دەچوو کە لە دیار و دەڤەرێکی دوورەوە هاتبێت. جبەیەکی ڕەشی درێژی یەخە فەرووی لەبەر بوو کە دیاربوو تایبەت بوو بەبۆنەێن وەک میوانی و جەژن و ڕۆژانی پشوو. لە ژێر ئەو جبەیەوە جلێکی دیکەی هاودامانی لەبەر بوو و توند دوگمەکانی لە سەرەوە تا خوارەوە داخستبوو. ملپێچێکی سووری کاڵی، بە بێ موبالاتیەوە لە گەردنە ڕووتەکەی هاڵاندبوو. کڵاوێکی فەرووی بە دەستەوە بوو، کە لە کڵێساکەدا وەکو ڕێزێک لەسەری داگرتبوو و بە دەستییەوە گرتبوو. ڕدێنە تەنک و درێژ و ماش و برنجییەکەی تا سەر سینگی هاتبوو. چاوەکانی لەژێر برۆ چڕ و تێکەڵاوەکانیەوە بەگەرمی دەدرەوشانەوە و شەخسیەتی بە هەیبەت و سامی ئەوی دەنواند.

بەڵام ژنەکەی هاوڕێی، هەر بیست ساڵان دەبوو، لە ڕادەبەدەرخشکۆک و بەدەوبوو. پاڵتویەکی کورتی جوانی ئەستەڕفەرووی زۆر نایاب و گرانبەهای لەبەر بوو. لەچکێکی ئاوریشمی سپی لەسەر کردبوو و لەژێر چەناگەیدا گرێی دابوو. بە نازو نیگا لە زەوی ڕێی دەکرد. جۆرە نیگار ویقارومەندییەکی ئەفسووناوی پێوە دیار بوو. جۆرە خەمینیەک بە ڕوخسارە ناسک و شیرین و هەرزەکارانەکەیەوە دیار بوو. شتێکی نامۆ و غەریب، لەم جووتە چاوەڕوان نەکراوەدا بەدی دەکرا.

یارۆی پیرەمێرد لە ناوەندی کڵێساکەدا ڕاوەستا، بەرەو هەر چوارلا کڕنۆشی برد. هەرچەندە کڵێساکە بەتەواوی چۆڵ بوو. خانمە گەنجەکەی هاوڕێشی هەمان کاری ئەوی دووبارە کردەوە، هەنگێ پیرەمێرد قۆڵی بە قۆڵیا کردو بردی بۆ بەردەم وێنەیەکی گەورەی مریەمی پاکیزە کە کڵێساکە بە نێوی ئەوەوە نێونرابوو، وێنەکە لە نزیکی هەیکەلەکەدا و لەبەر تیشک و ڕوناکیەکی زۆردا و لەناو چوارچێوە ڕازاوەکەیدا بە بەردێن بەنرخ، دەدراوشایەوە.

جانکوشەکە، کە بەتاقی تەنیا لە کڵێساکەدا مابووەوە، زۆر بەڕێزەوە کڕنۆشی بۆ پیرەمێردەکە برد. پیرەمێردەکە سەرێکی بۆ لەقاند، ئافرەتەکە لەبەردەم ئەیکونەکەدا کەوتەسەر چۆکان؛ پیرەمێردەکە چمکێکی ئەو شاڵەی کە بەسەر ئەیکونەکەدا درابوو گرت و سەری ئافرەتەکەی پێداپۆشی. دەنگی گریانێکی سووک لە کڵێساکەدا دەنگیدایەوە.

ئوردینوف، کە شکۆو جەلالی ئەم دیمەنەی بینی حەپەسا، بەتاسەوە چاوەڕوانی بینینی کۆتایی ئەم سرووتەی دەکرد. دوای دوو خولەکان، خانمە گەنجەکە سەری هەڵبری و تیشکی بەهێزی چراکەی پای ئەیکونەکە دووبارە ڕوخساری ڕوناک کردەوە. ئوردینوف، ڕاچڵەکی و هەنگاوێک چووە پێشەوە. ئافرەتەکە دەستی دایە دەست پیرەمێردەکەو بە دوو قۆڵی بە کاوەخۆ لە کڵێساکە وەدەرکەوتن . ڕوندک لەبەرچاوی گەشی ئافرەتەکەدا دەلەرزی. چاوەکانی شین و مەند، برژانگە درێژ و جوانەکانی، بەسەر چاوە مەندەکانیا داهاتبوونەوەو هێندەی دی ڕوخسارە سپیکەلەکەی ڕازاندبووەوە. سووکە بزەیەک بەسەر لێویەوە دەدرەوشایەوە. بەڵام باندۆری ترسێکی منداڵانە و غەریب و گۆنگ بە ڕوخساریەوە دیار بوو. لەترسا خۆی بە پیرەمێردەکەوە چەسپاندبوو، هەر کەسێک دیتبای، یەکسەر هەستی دەکرد لەترسا هەڵدەلەرزێت.

ئوردینوف، حەپەسابوو. هەست و سۆزێکی غەریب و خۆش کە بۆ ئەو تازەبوو، هانیدەدا کە دووی بکەوێت، ئیدی بلەز دوویان کەوت. تا گەیشتنە مەیدانەکەی بەردەم کڵێساکە هەنگێ ئوردینوف بە بەردەمیدا ڕەت بوو، پیرەمێرد نیگایەکی توندی کرد، ئافرەتە گەنجەکەش

خێسەیەکی لێکرد، بەڵام نیگای ئافرەتەکە مات و خاڵی لەهەر کونجکاوییەک بوو، نیگایەکی سەرگەردان بوو، لە تۆ وایە بیرۆکەیەکی سەرگەردانمێشکی مژوول کردووە.

ئوردینوف، بە بێئەوەی ئەوان پێ بحەسن دوویان کەوت. دنیا تاریک بوو، شەو داهات. ئوردینوف دوورا و دوور بەدوویانەوە بوو. پیرەمێردەکەو ئافرەتە گەنجەکە خۆیان بە شەقامێکی گەورە و فەرەیح و پیسدا کرد، پڕبوو لە دووکانێن بچووک، کۆگاو عەماری ئارد، ئوتێلی پەڕپووت. شەقامێک کە ڕاست دەگەییە دەرەوەی شار. ئەوان لەم شەقامەوە، خۆیان کرد بە کۆڵانێکی تەنگەبەری درێژدا، کە ئەم بەرو ئەوبەری محەجەرە بوو، کۆڵانەکە لەلای دیوارێکی گەورەی ڕەشا کۆتایی دەهات، دیواری تەلارێکی گەورەی چوار نهۆمی بوو. ئەودیوی تەلارەکە دەیڕوانییە سەر شەقامێکی جەنجاڵ و قەرەباڵغ. وەختایەک لەم کۆشک و تەلارە نزیک بوونەوە پیرەمێردەکە لەپڕ ئاوڕی پاشەوەی دایەوە، خێسەیەکی تووندی لە ئوردینوف کرد.ئوردینوف، یەکسەر هەڵوەستەیەکی کرد. خۆیشی تیامابوو چما دووی ئەوانە کەوتبوو. پیرەمێرد جارێکی دیکەش ئاوڕی دایەوە. وەکو ئەوەی بیەوێت بزانێت ئاخۆ خێسە هەڕەشە ئامێزەکەی کاری لە گەنجە مێملەکە کردووە یان نا. هەنگێ پیرەمێردەکە و ئافرەتەکە ، لە دەرگایەکی تەنگەوە خۆیان بەحەوشەی تەلارەکەدا کرد.

ئوردینوف، لەکوێوە هاتبوو، لەوێندەرەوە زڕڤییەوە. زۆر پەست بوو، لەخۆی توورە بوو کە هەموو ڕۆژەکەی بەو جۆرە، بە بێهودە بەسەر بردووە، لەخۆڕایی خۆی ماندوو کردووە. بە حیسابی خۆی کارێکی ڕیسک ئامێزی کردووە، بەڵام لە ڕاستیا کارێکی هیچ و تورەهاتی کردبوو.

هەرچەندە بۆ بەیانییەکەی زۆر لە تەنیایی و گۆشەگیرییەکەی خۆی پەست و بێزار بوو، بەڵام غەریزەو تەبیعەت داوایان لێدەکرد خۆی لە هەموو ئەو ئەنگێزانە دوور بگرێت کە لە دنیای دەروونی و هونەریی خۆی دووریان دەخستەوە. نها بە دڵێکی خەمناک و جۆرە پەشیمانیەکی دەروونی لە کونجە ئارامەکەی خۆیدا لەفکران ڕاچوو بوو. خەیاڵ بردبوویەوە. بە نیگەرانی بیری لە ڕەوشی ناجێگیری خۆی دەکردەوە، بیری لەوە دەکردەوە دەبێ چ ڕێگەیەک بگرێتە بەر. لەلایەکی دیکەوە پەستی ئەوەبوو چما ئەم مەسەلە هیچانە بەو ئاوایە سندمیان کردووە. ئاقیبەت شەکەت و ماندوو، کە نەیدەتوانی دوو بیرۆکان بداتە دەم یەکەوە، پەرێشان و لەخۆ بێزار، درەنگانێکی درەنگ گەییشتەوە کولبەکەی خۆی. هێندە مژوول و حەواسپەرت بوو کاتێکی بە خۆزانی خەریکبوو لە ماڵەکەی خۆی تێدەپەڕی. لە حیرەتا سەرێکی باداو ئەمەی گێڕایەوە بۆ

ماندوویەتیەکەی خۆی. بە شێوەیەکی میکانیکی بە پلیکانەی ماڵەکەدا هەڵگەڕاو خۆی گەیاندە ژوورەکەی خۆی کە لەژێر هەورەبانەکەوە بوو.ئوردینوف مۆمێکی پێکرد، چیوای نەبرد کە وێنەی ژنە گەنجەکەی سەعاتێ لەمەوپێشی بە چاوی بەگریانەوە لەسەر شاشەی خەیاڵی بەڕوونی بەدیار کەوت. کاریگەری ئەم وێنەیە دڵ و دەروونی بە جارێ فەتح کرد. کە لە سیما ئارام و ڕەزا شیرینەکەی ڕادەما، هەستی دەکرد جۆرە میهرێکی پەنهان و ترسێکی بەهێز باڵی بەسەردا کێشاوە، غەرقی ئارەزوو یان پەشیمانیەکی منداڵانەیە، بە تاسەیەکی یەجگار زۆرەوە لە هەموو ئەو حاڵەت و دیمەنانە ورد دەبووەوە، هەستی دەکرد ئاگرێکی بەسوێ بە هەموو دەمارەکانی لەشیدا دەڕوات. بەڵام ئەو وێنەو وێناو خەیاڵپڵاوە زۆر نەمایەوە.ئوردینوف دوای ئەم  سۆزو گودازو کەلەجانە کەوتە بیرکردنەوە لە ڕەوش و حاڵی خۆی. ئەوسا جۆرە پەشیمانیەک دایگرت، ئەنجام تووڕەیەکی تووند دایگرت. پاشان هەر بە جلەکانی بەرییەوە خۆی لە پەتۆیەکەوە پێچاو لەسەر تەختە ڕەق و تەقەکەی، شەکەت و ماندوو لێی پاڵکەوت.

ئوردینوف، چێشتەنگاوێکی درەنگ لەخەو ڕابوو. تووڕە، شەرمەزار و خەمین. بلەز خۆی گۆڕی، بە خورتی خۆی ناچار دەکرد کە بیر لەخولیا گرینگ و ڕۆژانەکانی خۆی بکاتەوە. لەماڵ وەدەرکەوت، خۆی دایە دەم هەنگاوەوە، هەنگاو بە ئاڕاستەیەکی پێچەوانەی ئاڕاستەکەی دوێنێ هەڵیگرت. ئەنجام ژوورێکی لە شوێنێکدا پەیداکرد، ماڵێک بوو پیاوێکی ئەڵمانی بێنەوا بەنێوی شپیز لەگەڵ کیژەکەیدا کە ناوی تینشن بوو تیایدا دەژیا. کابرای ئەڵمانی هەرکە پێشەکی کرێی ژوورەکەی وەرگرت، یەکسەر ئەو ئاگادارییەی کە بەمەبەستی بە کرێدانی ژوورەکە، هەڵیواسی بوو، لەدەرگاکە کردەوە. بۆیە ڕازی بوو ژوورەکە بە ئوردینوف بەکرێ بدات، چونکە ئوردینوف ئەهلی زانست و ڕۆشنبیری بوو و خۆیشی لێبڕا بوو خۆی بۆ فێربوون و ڕۆشنبیری تەرخان بکات و بەجدی ڕوو بکاتە ئەو بوارە. ئوردینوفیش قەولی دابوویە یارمەتی بدات.ئیدی ئوردینوف پێیگوت ئەو ئێوارەیە ماڵەکەی بۆ ئەوێندەر دەگوازێتەوە. ئیدی بەخەیاڵی خۆی لەوێندەرەوە بۆ ماڵەکەی خۆی دەگەڕایەوە. بەڵام کە تۆزێ بیری کردەوە، سەیری کرد ملی ڕێگەیەکی پێچەوانەی گرتووە. پەلەی بوو، ڕێگاکە لەبەر چاوی درێژ بوو بوەوە. ئەنجام بەدەم ڕێگاوە گەییە ئەو کڵێسایەی کە دوێشەو خۆی پێدا کردبوو. خەڵکەکە لەگەرمەی نوێژکردنا بوون. شوێنێکی بۆخۆی هەڵبژاردکە بتوانێت لەوێندەرەوە هەموو نوێژ خوێنان ببینێت. بەڵام ئەو دوو کەسەی بەدی نەکرد کە بەتەمایان بوو. پاش چاوەڕوانیەکی زۆر، بە نائومێدی وەدەرکەوت، لە شەرما دەم و چاوی سوور بوو بووەوە. بەو نیازەی ئەو هەستە ناخۆش و بەسوێیەی کە عەزابی ڕۆحی دەدا لەخۆی بتارێنێت، بە هەموو

توانایەکی خۆیەوە هەوڵیدەدا بیر لە بابەت و شتێکی دیکە بکاتەوە، ئیدی بەدەم بیرکردنەوەوە لەشتی ڕۆژانە، کاتێ وەخۆ هاتەوە سەیری کرد وەختی فراڤینە، هەستی کرد بەڕاستی برسیەتی، خۆی بەو خواردنگە بچووکەدا کرد کە دوێنێ لەوێندەر نانی خواردبوو. خۆیشی نەیزانی چۆن و کەی لەوێ هەستا.

ماوەیەکی زۆر بە کوچەو کۆلانە جەنجاڵ و قەرەباڵغ ویان چۆڵ و چەپەکەکاندا، بە بێئەوەی بەرنامەیەکی تایبەتی هەبێت سووڕایەوە، ئەنجام گەییە دەشت و بیابانێکی دەرەوەی شار، تا هەتەری چاو هەر کێڵگەو مەزرای زەرد بوو. بێدەنگییەکی قووڵ باڵی بەسەر دنیادا کێشا بوو. ئوردینوف کە وەخۆ هاتەوە هەستێکی وەها دایگرتبوو کە زۆر لەمێژبوو هەستی وەهای بەخۆوە نەبینی بوو. دنیا هەورین و باراناوی نەبوو، بەڵام هێندە ساردو تەزی بوو دەتگوت سەهۆڵبەندانە. لەو ڕۆژە هەرە ساردانە بوو هەندێجار لە هەیڤی تشرینی یەکەمدا لە پترسبورگدا دەبینرێت.هەر لەو نزیکانەدا کوختەیەکی جووتیارانە هەبوو، دوو باوەش گیای لە نزیکەوە هەڵچنرابوو. ئەسپێکی لەڕی پەراسوو زەق، بێ لغاو، دەم و قەپۆز شۆڕ، سەری داژەند بوو و لەنزیکی عەرەبانەیەکی چکۆلەی دوو تەگەرییەوە وەستا بوو، مەگەر هەر خوا بزانێت بیری لەچی دەکردەوە.سەگێکیش لەنزیک عەرەبانەیەکی شکاوەوە بە ئێسقانێکەوە مژوول بوو. منداڵێکی سێ ساڵان بە تۆی کراسێکەوە سەرە زەردەکەی دەخوراندو بەسەرسامی دەیڕوانییە ئەم گەنجە شاریە کە بەتەنیا بۆ ئەم دەڤەرە هاتبوو. لە پشت کوختەکەوە کێڵگەو شینکایەتی هەبوو. لە ئاسۆی شینباودا تاریکی لێرەوارێک دیار بوو. لە بەرانبەردا، کۆمەڵێک پەڵە هەورییەفرزادیار بوو لە تۆ وایە پۆلە مەلێکی کوچەری ڕاو دەنەن و مەلەکان یەک لەدوای یەک و بە بێدەنگی ئاسمانیان داوەتە ژێر باڵی فڕین. هەموو شتێک ئارام بوو، هەموو شتێک خەمبار بوو وەکو ئەوە بوو جۆرە چاوەڕوانییەکی دژواری لەخۆدا پەنهان کردبێت.ئوردینوف دەیویست زیاتر بڕوات، بەڵام بێدەنگی دەشت و بیابانەکە دڵیان دەگوشی. بەڵام کە گوێی لە دەنگ و دەنگدانەوەی زەنگی کڵێساکان بوو کە ئیماندارانیان بۆ نوێژ و نزای ئێوارە بانگ دەکرد گەڕایەوە. ئوردینوف پێی هەڵگرت، زۆری نەبرد خۆی لەبەردەم هەمان کڵێسادا بینییەوە کە دوێشەو شارەزای بوو بوو.

ژنە نەناسەکەش نها لەوێ بوو. لە دەروازەی کڵێساکەدا و لەنێو نوێژ خوێنەکاندا چۆکی دادابوو. ئوردینوف بە بەینی ئەو سواڵکەر و پیرەژنە شڕ پۆش و نەخۆش و سەقەتانەدا کە لەبەر دەرگای کڵێساکەدا وەستا بوون و چاوەڕوانی خێر و سەدەقەیەک بوون، ڕێگەی خۆی کردەوەو هات لە

نزیک ئافرەتە گەنجە نەناسەکەوە، چۆکی دادا. جلەکانی لەگەڵ جلی ئافرەتەکەدا لێکدی دەخشین. ئوردینوف، گوێی لە هەناسەی بوو کە لەبن لێوانەوەو بەگەرمی وێردی دەخوێند. سۆز و گودازی پارسایی ئەمڕۆش وەکو دوێنێ بە سیمایەوە دیاربوو. ڕوندک بە چاوانیا دەهاتە خوارەوەو لەسەر گۆنا گڕگرتووەکانی وشک دەبوونەوە، وەکو ئەوە بوو بیەوێت شوێنەواری گوناحێکی ترسناک بە ڕوندکان بشواتەوە. ئەو شوێنەی ئەوان نوێژیان لێدەکرد تاریک بوو. ناو بەناو گڕی فانۆسەکەی پای ئەیکونە پیرۆزەکە، بەهۆی ئەو بایەوە کە لەپەنجەرە باریکە کراوەکەوە دەهاتە ژوورەوە.ڕووناکیەکی لەرزۆکی دەخستە سەر سیمای ئافرەتەکە ئەو سەرو سیمایەی لە یادگەی ئوردینوف دا نەخش بووبوو، بەرچاوی ئەمی تاریک دەکرد. بەدەم ئازارێکی کەڕوڵاڵەوە دڵی دادەخورپا، بەڵام ئەم ئازارە جۆرە خۆشی و لەزەتێکی یەجگار زۆریشی لەگەڵدا بوو. ئەنجام ئوردینوف خۆی پێنەگیرا، دڵی دادەلەرزی، لەناکاوا گریان زۆری بۆ هێنا، قەت ئەو حاڵەی بەخۆوە نەبینی بوو، بەدەم هەنسک هەڵدانەوە، نێوچەوانە گەرمەکەی نایە سەر ئەرزە ساردەکەی کڵێساکە. ئیدی هیچ دەنگێکی نەدەژنەوت، هەستی بە هیچ نەدەکرد، تەنیا ئازارە دژوارەکەی دڵی نەبێت، کە لەزگ بوو بەدەم عەزابێکی شیرینەوە لە لێدان بکەوێت.

ئایا گۆشەگیری و تەنیایی ئەم هەستیاری و لاوازی و سۆزەی لەلای ئوردینوف دروستکردبوو؟ ئایا ئەم کەلەجانی دڵە، ئەگەر دەریچەیەک نەبایە بۆ هەڵچوونەکەی نەدەتەقیەوە، لە بنبەستی بێدەنگی بەترەفی شەوانی دوورودرێژی بێخەوییەوە هەڵقوڵا بوو، یان تەنیا هەڵچوون و کەلەجانێک بوو، لەناکاوا پەیدا بوو بوو. وەکو چۆن لە قرچەی گەرمای هاویندا، لەناکاوا ئاسمان تاریک دەبێت و هەورەبروسکە لافاوی ئاو و ئاگر بەسەر خاکی تینوودا دادەبارێنێت و دڵۆپی باران وەکو دانەی مرواری بەسەر لق و پۆپی درەختانەوە ئاوێزان دەبێت، بارانێ کە بەسەردەشت و دەرا دادەکات وگیاو شینکایەتی مت دەکات و گوڵێن تازە پشکوتوو متی سەر زەوی دەکات و لەگەڵ یەکەم تیشکی هەتاودا، دەژێتەوەو باوەش بۆ ڕۆژ دەگرێتەوەو بۆن و بەرامەی شیرینی خۆی بۆ ئاسمان فرێدەکات و گۆرانی شوکرانەی بۆ دەڵێت… بەڵام ئوردینوف، لە حاڵێکدا نەبوو بزانێت چی بەسەر دێت، خەبەری لە حاڵی خۆی نەبوو.

ئوردینوف، نەیزانی کە نوێژەکە چۆن کۆتایی هات، کاتێک وەخۆ هاتەوە، سەیری کرد بەناو ئاپۆڕای بەردەرگای کڵێساکە کەوتووەو تاقیبی ئافرەتە نەناسەکە دەکات. ئافرەتە گەنجە نەناسەکە،

هەر کاتێ لە قەرەباڵغیەکەدا قەتیس دەما، ئاوڕێکی لەو دەدایەوە. ئافرەتەکە بەڕادەیەک حەپەسا بوو، کە لەناکاوا ڕوخساری سوور بووەوە.

لەو ساتەدا، ئەو پیرەمێردەی کە دوێنێ لەگەڵیدا بوو لەناکاوا لەنێو ئاپۆڕاکەدا پەیدا بوو، بازووی گرت. ئوردینوف، هەستی بە مۆڕەو خێسە تەوسئامێز و دژمنانەکەی کابرای پیرەمێرد کرد، پشم و غەزەبێکی سەیرو ناگەهانی سەرو دڵی گرت. بەڵام ئەوان، پیرەمێردو ئافرەتە گەنجەکە، لە تاریکیەکەدا لەبەر چاوی ون بوون، تەکانێکی توندی دا و دڕی بە ئاپۆڕاکەداو لە کڵێساکە وەدەرکەوت. بەڵام هەوا خۆشەکەی شەوێ نەیتوانی دڵە تەنگەکەی بژێنێتەوە. هەناسە تەنگیەکەی گوشاری لە دڵی دەکرد، لێدانی دڵی خاو بەڵام توند بوو، هێندە توند بوو، لەتۆ وایە دەیەوێت لەدڵییەوە بێتە دەرەوە. ئاقیبەت بۆی دەرکەوت کە جووتە نەناسەکەی ون کردووە، نە لەشەقامەکەدا دیار بوون نە لە کۆڵانە تەنگەبەرەکەدا، بەڵام بیرۆکەی نەخشەیەکی غەریب و پڕ جورئەت لەمێشکی ئوردینوف دا سەری هەڵدا، بیرۆکەو نەخشەیەک هەرچەندە لە خەیاڵی شێتان دەچوو، بەڵام زۆربەی کات سەرکەوتوو دەبوو.

ئوردینوف، بۆ بەیانی سەعات هەشت، لە قوڵی کۆڵانە تەنگە بەرەکەوە، بەرەو ماڵی وان چوو. خۆی بە حەوشەو حەسارێکی بچووکی پیس و پۆخڵ دا کرد، لەوە دەچوو سەرەنوێڵکی تەلارە گەورەکە بێت. دەرگاوانی تەلارەکە لەنێو حەوشەکەدا بەشتێکەوە مژوول بوو. کە ئۆردینۆفی لەنێو حەوشەکەدا بینی دەستی لە کارەکەی هەڵگرت، چەناگەی نایەسەر دەسکی پێ مەڕەکەی و سارپای ئوردینوفی بە نیگا دابێژت و ئەوسا لێی پرسی چی دەوێت.

ئەم دەرگاوانە گەنجێکی بیست و پێنج، بیست و شەش ساڵان، تەتەری نەژاد، کورتە باڵا بوو، روخساری پڕ چرچ و لۆچ بوو، لە تەمەنی خۆی پیرتر دیار بوو. ئوردینوف، بە بێتاقەتییەوە بەرسڤی دایەوە:– لە ژوورێک دەگەڕێم.

دەرگاوانەکە تەوسخەنێکی بەڕوویدا دا، بەجۆرێ لێی ڕوانی وەکو ئەوەی نیازی دڵی ئەوی بەتەواوی خوێندبێتەوە، پرسی:–ژووری چی؟

ئوردینوف گووتی:– بەڵکو بتوانم ژوورێک لەم خزمانە بەکرێ بگرم.

دەرگاوانەکە، بە ڕاوێژێکی غەریب و شارەزایانە گوتی:

– لێرە لەم تەلارەدا ژووری کرێ نییە.

- ئەدی لەوەی تریان؟

- لەویش نییە!

ئیدی یارۆی دەرگاوان بایدایەوە سەر بێلکارییەکەی خۆی.

ئوردینوف، سکەیەکیدە کوپیکی نایە قوولی مستی یارۆی دەرگاوان و گووتی: - بەڵکو هەرچۆنێ بووە ژوورێکم بەکرێ بدەنێ.

کابرای تەتەری نیگایەکی ئوردینوفی کرد و سکەکەی نایە تەنکەی باخەڵی و دەستی دایەوە پێ مەڕەکەی. دوای بێدەنگیەکی کەم دووبارەی کردەوە: - نا، لێرە ژووری کرێ نییە.

بەڵام ئوردینوف گوێی بە وەڵامەکەی یارۆی دەرگاوان نەدا، بەسەر ئەو تەختە ڕزیوو و لەرزۆکانەی کەبەسەر چاڵاوەکەی نێو حەوشەوە دانرابوون، بەرەو ئەو تاقە دەرگایەی دەچوو بۆ ئەو بەشەی کۆشک و تەلارەکە، کەوتەڕێ. دەرگاکە لە هی پێشخزمەتان دەچوو، پیس و دزێو، دەتگوت ئەم تەلارە لەو قوڕاوەوە سەری قوتکردووەتەوە.

پیاوێکی بەلەنگازی تابووتساز لە نهۆمی ژێرەوە دەژیا. ئوردینوف، بە بەردەم کارگەکەی ئەو بێنەوایەدا ڕەتبوو، ئەوسا بە پلیکانەیەکی پێچاوپێچی لەق و لۆقی پیس و خزدا سەرکەوت، لە نهۆمی سەرەوە، لە تاریکیەکەدا. بە لەپەکوتێ، دەرگایەکی گەورەی خوارو خێچی دۆزییەوە، دەسکی دەرگاکەی باداو کردییەوە. ئوردینوف بە سەهو نەچوو بوو. پیرەمێردی گۆرینی لەبەردەم خۆیدا بینییەوە کە بەسەرسامی چاوی بڕی بوونە ئەم. یارۆی پیرەمێرد بە کورتی و لە بن لێوانەوە لێی پرسی: - چیت دەوێت؟

ئوردینوف، کە خۆیشی نەیدەزانی چ بڵێت گووتی: - ژووری بەتاڵتان هەیە بۆ کرێ؟

لەپشت یارۆی پیرەمێردەوە ئافرەتە گەنجەکەی بەدیکرد.

پیرەمێردەکە دەیویست بەبێ وەڵام دەرگاکەی بەڕوودا دابخاتەوە. بەڵام ئوردینوف، گوێی بەدەنگی نەرمی ئافرەتە گەنجەکە زرینگایەوە کە بە میهرەبانییەوە گوتی: - بەڵێ، ژوورێکمان هەیە.

پیرەمێردەکە دەستبەرداری دەرگاکە بوو.

ئوردینوف، خێرا خۆی بە ماڵەکەدا کرد. ڕوویکردە ئافرەتە گەنجەکەو وتی: - من جێیەکی گەورەم ناوێ، تاقە کونجێکم بەسە.

بەڵام لەناکاوا حایر و حەپەساو وەستا، کە تەمەشایەکی خانەخوێیەکانی ئایندەی خۆی کرد، وەکو ئەوە بوو لەجێی خۆی وشک ببێت. دیمەنێکی بێدەنگ و عەجیب وەکو فیلم دەهاتە بەرچاوی. یارۆی پیرەمێرد ڕەنگ بەڕوویەوە نەمابوو، دەتگوت مردووە، لە تۆ وایە چیوای نەماوە لەهۆش خۆی بچێت. بە نیگایەکی ناڕازی و تیژ لە ئافرەتەکەی دەڕوانی. ئافرەتەکە لە سەرەتاوە ڕەنگی زەرد هەڵگەڕا، بەڵام دوای تۆزێک وەخۆ هاتەوەو ڕەنگی سوور هەڵگەڕاو پرشنگێکی سەیر لە چاوانیەوە هەڵهات. هەنگێ ئوردینوفی بۆ ژوورێکی بچوک برد.

ماڵەکە هەر هەمووی یەک ژووری گەورەبوو. بە دوو تیغە دیوار کرابوو بە سێ بەشەوە. لەدەستی پلیکانەکانەوە پیاو یەکسەر دەهاتە ناو ژوورێکی تەنگ و تاریکەوە، ڕووبەڕووت دەرگایەک بوو کە دەرگای ژووری خانەخوێیەکان بوو، بەدەستە ڕاست دا دەرگایەکی دی هەبوو، دەرگای ئەو ژوورەبوو کە دەیانویست بەکرێی بدەن. ژوورێکی تەنگ و تاریک و نزم بوو. دوو پەنجەرەی بچووکی نەوی هەبوو، پڕ بوو لە کەل و پەل و پێویستیانی ناوماڵ، ئەمە هێندەی دی تەنگی کردبوو، ژوورێکی هەژارانە بوو بەڵام وێڕای  ئەوەش لەچاو خۆی دا تاڕادەیەک پاک و خاوێن بوو، کەلو پەلەکانی ناو ژوورەکە بریتی بوو لە مێزێکی تەختەی سپی سپرتۆنەکراو، دوو کورسی زۆر ئاسایی، دوو تەختی تەسک کە بەپاڵ دیوارەکەوە، لەم بەرو لەو بەری ژوورەکە دانرابوون، سندوقێکی درێژ کە دەوری تەختەخەوی دەبینی. ئەیکونەیەکی گەورەی تاجدار لە سوچێکەوە هەڵواسرابوو، کە قوتیلە چرایەک لەبەردەمیدا دەسووتا، سۆپایەکی ڕووسی گەورە، کە نیوەی بۆ ئەم ژوورە بوو و نیوەکەی تری بۆ ژوورەکەی سەر ڕاڕەوەکە بوو. دیار بوو کە ئەم ژوورە بەکەڵکی ئەوە نەدەهات سێ کەس تیای دا بژین.

دەستکرا بە سەوداو مامەڵە لەسەر کرێی ژوورەکە . بەڵام قسەکانیان بێ سەروبەر بوو. لەوە ناچوو لەیەکدی حاڵی ببن وبە ئاسانی پێکبێن. ئۆردینۆف لە دوو هەنگاوی خانمە گەنجەکە وەستابوو، گوێی لە لێدانی دڵی خانم بوو. دەیبینی لە هەڵچووندا و بگرە لەترسا دەلەرزی. بەڵام لە ئەنجامدا هەر چۆنێ بوو لەسەر کرێیەکە پێکهاتن. ئوردینوف گوتی هەر ئێستاو یەکسەر ماڵەکەی دەگوازێتەوە، تەمەشایەکی خاوەن ماڵەکەی کرد. پیرەمێرد هێشتا بە ڕەنگی هەڵبزڕکاوەوە لەبەر

دەرگاکەدا وەستابوو و سووکە بزەیەکی خەیالاوی بەسەر لێوییەوە بوو، بەڵام کە نیگای ئوردینوف هەڵەنگوت، دووبارە چارەی گرژ بوو.

پیرەمێرد، وەختایەک دەرگای ڕاڕەوەکەی بۆ کردەوە، بە ڕاوێژێکی توند لێی پرسی:– کوا، ناسنامەت هەیە؟

ئوردینوف، بە سووکە سەرسامیەکەوە گوتی: – بەڵێ هەمە.

پیرەمێرد گوتی: – تۆ کێیت؟ ناو و ناوبانگت چییە؟

ئوردینوف، بەهەمان تۆنی ڕاوێژەکەی یارۆی پیرەمێرد گوتی:

– قاسیلی ئوردینوف، خوێنەوار. بەڵام هیچ کارێکم نییە، خەریکی کاروباری خۆمم.

پیرەمێردەکە گوتی: – منیش وام. ناوم ئیلیا مورینە، خوردە بورژوام، ئەوەندەت بەسە؟ دەی بڕۆ...

دوای یەک سەعات ئوردینوف، لە ماڵە تازەکەی دا گیرسایەوە.خۆیشی سەری لەم بارکردنە لەزو بەزە سوڕما بوو، سەرسامیەکەی هیچی لە سەرسامی یارۆی ئەڵمانی و تینیشنی کیژی کەمتر نەبوو کە لە دڵی خۆیان گومانی ئەوەیان لەم کرێچییە تازەیە هەبوو کە نەبا داوێکی بۆ نابنەوە. بەڵام ئوردینوف خۆیشی نەیدەزانی ئەم بویەرە چۆن ڕووی داو نەشی دەویست بزانێت...

(٢)

دڵی هێندە بەتوندی لێی دەدا کە بەرچاوی تاریک دەبوو، سەری بەگێژەوە دەچوو. ئوردینوف بێئەوەی بیربکاتەوە دەستی بە ڕێکخستنی شتە کەمەکانی لە ژوورە تازەکەی دا کرد، بە حەواس پەرتی بوخچەی شتەکانی کردەوە. ئەوسا سەندوقێکی کردەوە، کتێبەکانی دەرهێنان و لەسەر مێزەکەی هەڵی چنین. بەڵام زۆری نەبرد لەم کارە بێتاقەت بوو. وێنەی ئافرەتە گەنجەکە کە هۆش و گۆشی بردبوو، بەردەوام دەهاتە بەرچاوی،..شەوق و زەوقێکی سەیر دایگرتبوو، نیگەرانی باڵی بەسەر ڕوحیدا کێشا بوو، خۆیشی نەیدەزانی چیبکات.

ناسنامەکەی هەڵگرت و بردی بۆلای خودان ماڵەکە، بەو ئومێدە بوو کە ئافرەتە گەنجەکە بدینێت. بەڵام مورین بە ئاستەمێک درزی خستە دەرگاکە، ناسنامەکەی لێوەرگرت و لەبن لێوانەوە گوتی:

"بە هێڤی ژیانێکی ئارام" و ئەوسا دەرگاکەی داخست. هەستێکی ناخۆش سەر و دڵی ئوردینوفی گرت. بە خۆیشی نەیدەزانی چما بە دیتنی ئەم پیرەمێردە دڵی تەنگ دەبێت! جۆرە ڕق و کینەیەک لە نیگایدا پەنهان بوو. بەڵام ئەم هەستە ناخۆشە زۆری نەبرد ڕەوییەوە. سێ ڕۆژێک بوو ژیانی ئوردینوف، لەچاو ئارامی و بێدەنگیەکەی جارانیدا، لە زریان و گەردەلوول دەچوو، بەڵام نەیدەتوانی زۆر بیر لەم گۆڕانکارییە بکاتەوە، بگرە دەترسا بیری لێبکاتەوە. هەموو شتێکی لێ ژێرو بان بوو بوو. هەستێکی گۆنگی لەلا چێ بووبوو کە ژیانی بووە بە دوو بەشەوە. تەنها یەک شەوق و یەک تاسەو چاوەڕوانی بەسەریا زاڵ بووبوو، هەموو بوونی فەتح کردبوو، هێز نەبوو ئەو شتەی لەبیر بەرێتەوە.

ئوردینوف، مەند و مەدهۆش بۆ ژوورەکەی گەڕایەوە. لەوێ، لەپاڵ سۆپاکەدا، کە بۆ خواردن لێنانیش بەکاردەهات. پیرەژنێکی لاوازی کورتەباڵای ڕوخسار چرچ و لۆچ، سەرگەرمی کاری خۆی بوو، کەسێک بوو چڵکن و پڵکن، جلەکانی هێندە شڕ و شپڕۆ بوو هەم قێزت لێدەبووەوەو هەم بەزەییت پێدا دەهاتەوە. بەڵام بەڕواڵەت بوغزن و کینەکێش دیاربوو. ناو بەناو لەبەر خۆوە، لە بن لێوانەوە پرتەو بۆڵەیەکی دەکرد، ئەم پیرەژنە کارەکەری خاوەن ماڵەکە بوو، ئوردینوف هەوڵیدا سەری قسانی لەگەڵدا دابمەزرێنێت، بەڵام پیرەژن ڕووی نەدایێ، دیار بوو ئەم هەڵوێستەی لە عینادییە. وەختایەک کە کاتی فراڤین هات پیرەژن شۆربای کەلەرم و پیراشکی(ناو بەقیمە) و گۆشتی لە سۆپاکە دەرهێناو بۆخاوەن ماڵەکەی برد، پاشان هەمان خواردنی بۆ ئوردینوفیش هێنا. دوای فراڤین، بێدەنگییەکی ئەوتۆ باڵی بەسەر ماڵەکەدا کێشا، دەتگوت بێدەنگی گۆڕستانە.

ئوردینوف دەستی دایە کتێبێک ماوەیەکی زۆر خەریکی خوێندنەوەی بوو، هەوڵی دەدا لەمانای ئەو بابەتە حاڵی ببێت کە چەند جارێکی دی خوێندبوویەوە، بەڵام بێهودە. ئەنجام بێتاقەت بوو، کتێبەکەی توڕدایە سووچێکەوەو جارێکی دی ویستی شتەکانی ڕێک بخاتەوە. ئاقیبەت سەری شانە کرد. کڵاوەکەی هەڵگرت، پاڵتۆکەی لەبەرکردو لەماڵ وەدەرکەوت. ئیدی خۆبەخۆ، بێهودە ملی ڕێگەی گرتبەر، لە پەرێشانیدا بویەرو شتەکانی دەوروبەری خۆی نەدەبینی. هەوڵیدا هێندەی لەتوانایدایە هزرو بیری خۆی جەم و جور بکاتەوە، بیرە پەراگەندەکانی کۆبکاتەوەو کەمێک بیر لەحاڵی خۆی بکاتەوە. بەڵام ئەم هەوڵە زیاترعەزابی ڕوحی دەدا. هەستی بەلەرزو تا دەکرد. هەندێجار دڵی هێندە بەتوندی لێی دەدا کە ناچار دەبوو خۆی بە دیوارێکەوە بگرێت. لەدڵی خۆیدا دەیگوت: "مردن لەم حاڵە باشترە!". بە لەرزە لەرزو لێوە لەرزەوە دەیوت: "مردن لەم حاڵە باشترە!"

ماوەیەکی زۆر ڕێی کرد، ئاقیبەت کە هەستیکرد ئازای لەئاودا هەڵکشاوە، هەنگێ بۆ یەکەمجار هەستیکرد شەستە بارانە، ئیدی ناچار بۆ ماڵ گەڕایەوە.لەنزیکی ماڵەوە تووشی دەرگاوانەکە بوو، هەستیکرد یارۆی تاتاری بەجۆرە کونجکاوییەکەوە تەمەشای دەکات، بەڵام کە هەستیکرد ئوردینوف هەستی بە کونجکاوییەکەی کرووە، ڕۆیی. ئوردینوف پێی هەڵگرت ، خۆی گەیاندێ و گوتی:- سڵاو، تۆ نێوت چییە؟

کابرای تاتاری بەدەم بزایەکەوە کە ددانەکانی بەدیار کەوتن، بەرسڤی دایەوە:- من دەرگاوانم، بە دەرگاوان بانگم دەکەن.

- لەمێژە لێرە دەرگاوانیت؟

- بەڵێ لەمێژە.

- باشە خاوەن ماڵەکەی من بوورژوایە؟

- ئەگەر خۆی وای گوتبێت، بورژوایە!

- ئەدی چ کارەیە؟

- نەخۆشە، خەریکی نوێژو دوعاو نزایە.

- ئەی ئەو ئافرەتە ژنییەتی؟

- کیهە ئافرەت؟

- ئەوەی کە لەگەڵیدا دەژی!

- ئەگەر خۆی وای گوتبێت، دیارە ژنییەتی! بەدوعا ئەزبەنی!

کابرای تاتاری، بەئەدەبەوە دەستێکی تاقەراغ کڵاوەکەی بەرز کردەوەو خۆی بە ژوورۆچکەکەی خۆیدا کرد کە لە قەفەز دەچوو.

ئوردینوف بۆ ژوورەکەی خۆی زڤڕییەوە. پیرەژنەکە بەدەم خوتەخوتەوە دەرگاکەی بۆکردەوەو ئەوسا بەشیش دایخست و چووە سەر تەختە خەوەکەی خۆی کە بەسەر موغەیری و سۆپا دیوارییەکەوە بوو. شەو خەریک بوو دادەهات. ئوردینوف چوو شقارتە بێنێ تا چراکەی داگیرسێنێت، سەیری کرد دەرگای ژوورەکەی خانەخوێیەکەی بە کلیل داخراوە. بانگی پیرەژنەکەی

کرد. پیرەژنەکە لەسەر موغەیرییەکەوە سەیری دەکرد، ئانیشکەکانی دادابوو، وەکو ئەوە بوو بپرسێت ئەم کابرایە بۆ لەبەر دەرگای ژووری ئاغاکانیا وەستاوە بە بێئەوەی هیچ بڵێت شقارتەیەکی بۆ هەڵدا.

ئوردینوف بۆ ژوورەکەی خۆی زڤرییەوە، بۆ سەدەمین جار خۆی بە ڕێکخستنەوەی شتومەک و کتێبەکانییەوە سەرگەرم کرد. بەڵام بەرەبەرە پەشۆکا، خۆیشی نەیدەزانی چیەتی. لەسەر ئەو سەندوقە درێژکۆلەیەی کە لەجیاتی تەختەخەو بەکاری دێنا دانیشت. وای هەستدەکرد خەریکە خەو دەیباتەوە. جارێ جارێ وەخۆ دەهاتەوەو بۆی دەردەکەوت کە خەوەکەی خەو نییە. بەڵکو جۆرە بوورانەوەیەکی زادەی نەخۆشییە. گوێی لەدەنگی دەرگاکە بوو کە کرایەوەو داخرایەوە. وای بۆچوو خانە خوێیەکانین و لە نوێژی ئێوارە گەڕاونەتەوە. پاشان وەکو ئەوە بوو دەنگێ لە غەیبەوە پێی بڵێت کە بچێت بۆنک وان و شتێکیان لەلا بێنێت. لەجێی خۆی هەستا، دەیویست بڕوات بۆنک وان، بەڵام پێی لە شتێک هەڵکەوت و بەسەر کۆمەڵێک ئێزینگدا کەوت کە پیرەژن لەناوەندی ژوورەکەدا دایکردبوو. ئیدی بوورایەوەو ئاگای لەهیچ نەما. پاشان دوای ماوەیەکی زۆر کە وەخۆ هاتەوەو چاوی هەڵێنایەوە، بە سەرسامیەوە بینی بە جلەکانیەوە، لەسەر هەمان سەندوقە درێژ کۆلەکە کە لەجیاتی تەختەخەو بەکاری دەهێنا، ڕاکشاوە، ژنێکی جوانی فریشتەئاسا، بەوپەڕی میهرەبانی، بەچاوانی تەژی ڕوندکی دایکانەوە بەسەریا دانەویوەتەوە. هەستی دەکرد بالیفێک دەخەنە ژێر سەری، شتێکی نەرمی بەسەردا دەدەن، دەستێکی نەرم و میهرەبان دەخرێتە سەر تەوێڵە گەرمەکەی. دەیویست سوپاسی بکات.ئەم دەستە نەرمە بگرێت، لە لێوە وشکەکانی نزیکی بخاتەوە، لە ڕوندکی خۆیدا هەڵیکێشێت و لەجیاتی جارێک هەزار جار ماچی بکات. دەیویست هەزارو یەک شتی پێ بڵێت، بەڵام نەیدەزانی چی پێ بڵێت...خۆزی دەخواست  لەو دەمەداو بەو ڕەوشەوە بمرێت. دەستەکانی هێندە قورس بوون دەتگوت قورقوشمن، هەردووکرۆکپ لەجێی خۆ نەدەبزوان. وای وێنا دەکرد لاڵ بووە. بەڵام هەستیدەکرد کە خوێن بلەز بە دەمارەکانیدا دەڕوات وەکو ئەوەی بیەوێت بێداری بکاتەوە. یەکێک ئاوی دایە، بەڵام نەیزانی کێ بوو... دوای ئەوە بوورایەوە.

بەیانی دەوروبەری سەعات هەشت لەخەو ڕابوو. هەتاو تیشکی زێڕینی خۆی لە شوشەی پەنجەرە ئاماڵ کەسک و پیسەکانەوە، دەناردە ناو ژوورەکەوە. تەزووی هەستێکی خۆش بەئازای گیانی نەخۆشەکەدا مێرولەی دەکرد. ئارام و ئاسوودە، لەوپەڕی شادمانیدا بوو. وای هەستدەکرد کە

ساتێ لەوە پێش کەسێک بەدیارییەوە بووە. هەستا، چاویبەدەوری خۆیدا گێڕا، بۆ ئەو کەسە نادیارە دەگەڕا. پڕ بەدڵ حەزی دەکرد، باوەش بە دۆستێکدا بکات و بۆ یەکەمجار لەژیانیدا پێی بڵێت: " سڵاو، ڕۆژباش، ئازیزەکەی دڵم!"

دەنگێکی میهرەبان و ناسکی ژنانە گوتی:- زۆر خەوتیت!

ئوردینوف، ڕووی بەلای دەنگەکەدا وەرگێڕا. ڕوخساری جوان و ناسکی خانمەکەی دراوسێی بینی کە بەدەم بزەیەکی ڕوناکی وەکو هەتاوەوە بەسەر ئەمدا دانەوی بووەوە. گوتی: -نەخۆشییەکەی درێژەی کێشا! ئیدی بەسە، ڕابە، تاکەی خۆت لەم کونجەدا حەپس دەکەیت؟ پێشینان گوتویانە: "ئازادی لە نان فەرزترە، لە ئاو و هەوا گرینگترە. ڕابە گیانەکەم، ڕابە خۆرتۆ!...

ئوردینوف، دەستی گرت، تووند گوشی. خەیاڵی دەکرد هێشتا لەخەودایەو خەون دەبینێت.

- سەبر بکە. چام بۆدەم کردوویت. چایەک ناخۆیتەوە؟

چایەک بخۆوە، چای باشە، بۆیە ئەمە دەزانم، چونکە منیش نەخۆش کەوتووم.

ئوردینوف، بەدەنگێکی وەکو ئەوەی لە بنە بانی ئەشکەوتەوە بێت، گوتی:- بەڵێ، بەڵێ چایەکم وێدە.

ئەوسا ڕابوو، هێشتا زۆر لاواز و بێتاقەت بوو. موچوڕکەیەک بە گازەرای پشتیدا هات . ئازای گیانی دەیەشا، دەتگوت ماری ئەنجن کراوە، بەڵام دڵی پڕ لە ڕووناکی بوو، دەتگوت تیشکی هەتاو دەیژیاندەوەو شادمانیەکی بێ وێنەی بە ڕۆحی دەبەخشی. هەستیدەکرد ژیانێکی تازە، بەگوڕ،پەنهان، لەناخیا دەستی پێکردووە. سەری کەمێک بە گێژەوە دەچوو.

ئافرەتە گەنجەکە گوتی:- ناوت ڤاسیلی یە وانیە؟ یان باش گوێم لێ نەبووە. بەڵام وابزانم دوێنێ ئاغا بەو ناوەوە بانگی کردیت.

ئوردینوف، لێی نزیک بووەوە، بەزەحمەت دەیتوانی خۆی بە پێوە بگرێت و گوتی:- بەڵێ، ناوم ڤاسیلی یە، ئەدی تۆ؟

خەریک بوو بەر ببێتەوە کە ئافرەتەکە توند بازووی گرت و پێکەنی، هەنگێ چاوە شین و پرشنگدارەکانی لەدوڕ چاوانی ئوردینوف بڕی و گوتی:- من؟ نێوم کاترینایە.

دەستی یەکدییان گرت و ئەنجام ئافرەتەکە گوتی:- تۆ هیچت هەیە بە منی بڵێیت؟

ئوردینوف کە چاوی ڕێشکەو پێشکەی دەکرد گوتی:- نازانم!

- نابینیت چەند لاوازی؟.. ناتوانیت قسەش بکەیت، قەیدی نییە گیانەکەم! خەم مەخۆ. خۆت عەزیەت مەدە. وەرە لێرە، لەبەردەم مێزەکەدا، لەبەر هەتاوە ڕونەکە، ئارام بە.

کە بینی ئوردینوف تەکانی دایە خۆ تا بیگرێت، بە ئاماژەی دەست ڕایگرت و گوتی:- دووی من مەکەوە ئێستا دەگەڕێمەوە. پەلەت نەبێت زۆر یەکدی دەبینین، دەتوانیت بە کامی دڵ تەمەشام بکەیت!

دوای خولەکێک بە چایەکەوە زڤڕییەوە، چایەکەی لەسەر مێزەکە دانا، خۆیشی ڕووبەڕووی ئوردینوف ڕۆنیشت.گوتی:- دەی بیخۆوە! پێویستە چای زۆر بخۆیتەوە!سەرت دێشێت؟

- نا، سەریەشەکەم پەڕی. نازانم لەوەشە بیەشێت.. نازانم ... نامەوێت... بەسە بەس! خۆیشم نازانم چیمە! لێرەبە! لە من دوور مەکەوە...

ئەوسا بە شپرزەیی کەوتە گەڕان بە دووی دەستی کاترینادا کە دەستی ئەوی دۆزییەوەو گرتی، بە کەلەجانەوە گوتی:- چاوم ڕێشکەو پێشکە دەکات.. کە تەمەشای تۆ دەکەم وەکو ئەوەیە تەمەشای خۆر بکەم..

کە ئەو قسانەی دەکرد وەکو ئەوە بوو بە تۆپزی ئەو وشانە لە قوڵایی دڵییەوە دەربێنێت. بەدەم ئەو قسانەوە خەریک بوو ببورێتەوە، گریان لە ئەوکی گیرابوو.

- دۆستی من، وا دیارە هەرگیز لەگەڵ کەسێکی میهرەباندا نەژیاویت! تۆ تەنیای! کەست نییە؟ باشە هیچ کەس و کارێکت نییە؟

- نا، کەسم نییە. بەتەنیام. هیچ کەسێکم نییە. گوێ مەدەیە، ئێستا حاڵم باشترە. عەیبم نییە.

ئوردینوف، کە ئەو قسانەی دەکرد وەکو ئەوە بوو وڕاوە بکات، هەستی دەکرد ژوورەکە بەدەوری سەریدا دەسوڕێتەوە. ئافرەتە گەنجەکە سووکە هەڵوەستەیەکی کردو ئەوسا گوتی:- منیش چەندین ساڵ بەتەنێ بووم. کەسم نەدەبینی...

- بۆمی باس بکە، چۆن؟

– چیە؟ بەجۆرێ تەمەشام دەکەیت وەکو ئەوەی نیگای من بتژێنێتەوە، گەرمت بکاتەوە، ڕوحت وەبەر بکاتەوە. دەزانیت... تۆ بەجۆرێ تەمەشام دەکەیت وەکو ئەوەی خۆشت بویێم... من لەیەکەم قسەتەوە دڵم بۆی لێدایت. ئەگەر نەخۆش کەوتیتەوە پەرستاریت دەکەم. بەڵام هەوڵبدە نەخۆش نەکەویت. کە چاک بوویتەوە هەنگێ وەکو خوشک و برا دەژین. باشە؟ ئەگەر خوا خوشک بە بەشەرێک نەدات زۆر زەحمەتە بەخۆڕایی خوشک پەیدا بکات..

ئوردینوف بە ڕاوێژێکی نەوی گوتی:– تۆ کێیت؟ خەلکی کوێیت؟

–من خەڵکی ئێرە نیم!.. بەڵام ئەمەت بۆچیە؟ ئەم حیکایەتەت بیستووە؟ دەڵێن دوانزە برا هەبوونە لە لێرەوارێکی چڕو چوغوردو تاریکدا دەژیان.. ڕۆژێ لە ڕۆژان کیژێکی ناسک و نازدار، بەدەو لەم لێرەوارەدا ڕێ گوم دەکات و دەگاتەماڵەکەی وان، ماڵەکەیان بۆ ڕێکدەخات. خۆشەویستی دڵی بە ماڵەکەدا بڵاو دەکاتەوە. شەوێ، وەختایەک برایەکان دەزڤڕنەوە، هەستدەکەن خوشکێک هاتووەتە میوانیان و ماڵەکەی بۆ خاوێن کردوونەتەوەو کەلوپەلەکانی ڕێکخستووە. بانگی دەکەن، کیژێ لە سووچێکەوە دێ بە دەنگیانەوە، ئیدی دەیکەن بە خوشکی خۆیان و ئازادی دەکەن. ئەویش هیچ فەرقێکیان ناکات و هەمان مامەڵە لەگەڵ هەموویاندا دەکات. ئەم حیکایەتەت بیستووە؟ *(ئەمە بەشێکە لە حیکایەتێکی فۆلکلۆری ڕووسی کە پوشکین بە شیعر دایڕشتووەتەوە.)*

ئوردینوف، لە بن لێوانەوە گوتی:– بەڵێ، بیستوومە.

– ژیان زۆر خۆشە. تۆ پێت خۆش نییە کە لەم دنیایەدا دەژیت؟

ئوردینوف بەرسڤی دایەوە:– با، با حەزدەکەم بژیم.. زۆر بژیم..

کاترینا، لە فکران ڕاچوو و گووتی:– نازانم. من ڕقم لە مردنیش نییە. ڕاستە ژیان خۆشە.. بەڵام خاڵکانی باش... ها! ئەوە چییە دیسان ڕەنگت هەڵبزڕکا؟

– سەرم گێژ دەخوات!

– سەبرکە، نها تەختەخەوەکەی خۆمت بۆ دێنم. لەمە باشترە، سەرینەکەشت بۆ دەگۆڕم. هەنگێ بە کامی دڵ دەخەویت، خەون بە منەوە دەبینیت، ئیدی نەخۆشییەکەت دەپەڕێت.. کارەکەرە پیرەکەشمان نەخۆشە...

بەدەم ئەو قسانەوە، جێگاکەی بۆ ڕادەخست، ناو بەناو ئاوڕێکی دەدایەوە بە پێکەنینەوە تەمەشایەکی ئوردینوفی دەکرد.

ئەوسا سەندوقی کتێبەکانی جوڵاند و گوتی:- چەند کتێبت زۆرن!

هەنگێ هات بەلای ئوردینوفەوە، دەستی ڕاستی گرت، بردی بۆسەر جێگاکە، پاڵیخست. پەتۆیەکی پێدادا. ئەوسا گوتی:- دەڵێن خوێندنەوەی زۆر مێشکی بەشەر تێکدەدات. تۆ زۆرت حەز لە کتێب خوێندنەوەیە؟

ئوردینوف بەرسڤی دایەوە:- بەڵێ.

جا چونکە نەیدەزانی ئاخۆ لە خەودایە یان بێدارە، زیاتر دەستی کاترینای گوشی تا دڵنیابێتەوە کە نەنوستووەو خەون نابینێت.

- ئاغای منیش کتێبی زۆرە. دەڵێت کتێبی چاک و پیرۆزن. زۆرجار یەکێک لەو کتێبانە بۆ من دەخوێنێتەوە. دوایی پێتی نیشاندەدەم. تا پێم بڵێی ئەو شتانەی ئەو بۆی دەخوێندمنەوە، مانایان چییە، باشە؟

ئوردینوف کە چاوی لەو نەدەگواستەوە لە بن لێوانەوە گوتی:- باشە پێت دەڵێم...

کیژێ پاش سووکە هەڵوەستەیەک دیسان پرسی:- تۆ حەز دەکەیت نوێژو نزا بخوێنیت؟ دەزانی من دەترسم. لە هەموو شتێک دەترسم، هەمیشە...

کاترین، قسەکەی تەواو نەکرد، نەیگوت لە چ دەترسێت. وا دیار بوو بیر لە شتێک دەکاتەوە. ئاقیبەت ئوردینوف دەستی ئەوی بۆ لێوی خۆی بەرز کردەوە.

کاترین کەمێک سوور بووەوەو گوتی:- چما دەستم ڕادەموسیت؟

ئەوسا بە پێکەنینەوە هەردوو دەستی بردنە پێشەوەو گوتی:- هانێ ماچیان بکە..

ئەوسا دەستێکی کێشایەوەو نایە سەر تەوێڵە گەرمەکەی ئوردینوف. ئیدی کەوتە نەوازشتی قژەکەی، گۆناکانی زیاتر سووربوونەوە.

ئەنجام لەسەر ئەرزەکەو لە تەنیشت جێگاکەی ئوردینوفەوە ڕۆنیشت. گۆنای نا بە گۆنای ئوردینوفەوە. هەناسە گەرمەکەی لە ڕوخساری ئوردینوفی دەدا. ئوردینوف لەناکاوا هەستی کرد

فرمێسکی گەرم، دڵۆپ دڵۆپ قورس وەکو قورقوشم لە چاوانی ئەوەوە دەتکێتە سەر ڕوومەتی خۆی، کاترین دەگریا. بەڵام بێتاقەتی بەسەر ئوردینوف دا زاڵ بووبوو. بەڕادەیەک بێتاقەت بوو کە نەیدەتوانی دەستی بجولێنێت. لەم کاتەدا دەنگی کرانەوەی دەرگاکە هات. پاشان دەنگی داخستنەوەی دەرگاکە هات. ئوردینوف هێشتا حەواسی بەخۆ بوو، دەیتوانی دەنگی جم و جوڵی پیرەمێردی خودان ماڵەکە کە هاتبووەوە، لەپشت تیغە دیوارەکەوە بژنەوێت.پاشان گوێی لێبوو کە کاترین هەستا، بەڵام بەکاوەخۆ، بێ هیچ پەلەپەلێک هەستا، کتێبەکەی ئەوی هەڵگرت. بەچاوی خۆی بینی وەختایەک کە ڕۆیی نیشانەی خاجی بەسەر ئەمدا کێشاو ئەوسا ڕۆیی. چاوی نوقاند، لە ناکاوا هەستی بە ڕامووسانێکی دووردرێژ، گەرمی لەسەر لێوەکانی کرد. وەکو ئەوە بوو چەقۆیەکی تیژ بەدڵیا بکرێت. ناڵەیەکی مردەڵەی کردو بوورایەوە.

لەوە بەدوا ژیانێکی سەیر و غەریبی بۆ پێشهات. هەندێجار بیرۆکەیەکی گۆنگ و ئاڵۆزی بە مێشکا دەهات کە گوایە مەحکوومە بەوەی لە خەونێکی قوڵ و درێژا. درێژ و بێکۆتایی دا بژی، خەونێکی پڕ لە نیگەرانی، تەژی ئازاری بێهوودە، ململانێی نەزۆک. هەستی بە ترسێکی زۆر دەکرد، هەوڵیدا ڕووبەڕووی ئەم قەدەرو چارەنووسە ببێتەوە کە تەنگی پێ هەڵچنی بوو.بەڵام کە ئەم شەڕو ململانێ بێئامانە دەگەییە لوتکەو خەریک بوو ببڕێتەوە، هەستی دەکرد هێزێکی نادیار دووبارە پاشقولی لێدەگرێت و بەسەریدا زاڵ دەبێت، هەنگێ بۆی دەردەکەوت کە خەریکە دووبارە دەبووڕێتەوە، دووبارە تاریکییەکی بێ پایان و لەبڕانەوە نەهانگ لەبەر دەمیدا دەکرێتەوە ئەمیش بەدەم ناڵەو ئازارەوە خۆی بە قوڵایی ئەو تاریکییەدا دەکات. هەندێ جاری دی، هەست بە شادمانییەکی زۆر دەکات، شادمانیەک کە تەحەمول ناکرێت، ئەوە کاتێ ڕووی دەدا کە زەرووڕەتی ژیان ئازای گیانی ئاوەدان دەکردەوە، کە ڕابردوو بە ئاشکرا هاواری لێبەرز دەبووەوە، کاتێ پیاو خەون بە ئایندەی نادیارەوە دەبینێت، ئایندەیەک وەکو خەونێکی درەخشان  لە نائاگایی دا بە ئاشکرا دەنگ بداتەوە. ئومێدێکی لە ڕوونکردنەوە نەهانگ، وەکو شنەو ئاونگێکی ڕوح نەواز ئۆخژن بخاتە دڵ و دەروونەوە. کاتێ کە مرۆڤ پڕ بە دڵ حەز بکات لە خۆشیا هاوار بکات. کاتێ کە جەستەی لەژێر گوشاری ئەم هەموو سۆزو گودازو کەلەجانەدا، لە پەل و پۆ بکەوێت. بەهەرحاڵ هەزارو یەک وێردو سەڵاواتی لە دیداری ئەم ژیانەوە و ژیانە تازەیە دەدا.

ئوردینوف، لە هەندێ ساتی دیکەدا، هەمان حاڵەتەکەی جارانی لێدەهاتەوە. لە خەڵوەتی خەوناندا غەرق دەبووەوە، نەخۆشییەکەی بۆ دەهاتەوە، هەموو بوویەرەکانی ئەو چەند ڕۆژەی ڕابردووی

لەلا دووبارە دەبووەوە، وەکو زریان و تۆفان لە ڕووحیدا هەڵیدەکرد. بەڵام ئەم دیمەنە سەیرو لەگەزئامێزانە، بەو هەڵنەدەهات.

هەندێجار خەیاڵی دەڕۆیی، سەری لەوە دەرنەدەکرد چما لە ماڵە کۆنەکەی خۆیداو لەنک پیرەژنە خانەخوێیەکەی جارانی نییە. نەیدەزانی کە چما پیرەژن بە عادەتی جارانی، لە نیوەشەودا نەدەهات بە سۆراغی سوپا کزو نیمچە کووژاوەکەوە کە بە ڕووناکیە کزو لەرزۆکەکەی گۆشەو کەناری ژوورە تاریکەکەی ڕووناک دەکردەوە، نەدەهات تا ئەو ئاگرە خەفە نەبووە، دەستە ڕەق و لەرزۆکەکانی لەبەری گەرم بکاتەوەو لەبەر خۆیەوە قسان بکات و جارجارێکیش تەمەشایەکی کرێچییە تەنیاو گۆشەگیرو تەریکەکەی خۆی بکات. پیرەژنی تاین وای وێنا دەکرد، ئوردینوف، هێندە سەری بەسەر کتێبان و خوێندنەوەدا داژەندووە شێت بووە.

هەندێجار بیری دەکەوتەوە کە باری کردووە، ماڵی گواستووەتەوە. بەڵام هەرچی سەری دێناو دەبرد، نەیدەزانی چۆن ئەم کارە ئەنجامدراوە… نەیدەزانی ئەم هەموو عەزابە چییە، کە وەکو ئاگرێکی بێ ئامان کەوتبووە گیانی. خەریک بوو دەیخنکاند، خوێنی دەمژی؟ سەری لەمەش دەرنەدەکرد. زۆرجار بە تامەزرۆییەوە دەستی دەگێڕا، تا سایەو تارماییەک لەئامێز بگرێت. زۆرجارگوێی لەدەنگی سووکی پێیان دەبوو کە وەکو شنەیەکی سووک لە تەختەخەوەکەی نزیک دەبووەوە. گوێی لە چپەیەک دەبوو کە لە گۆرانیەکی دڵنەواز دەچوو، پڕ بوو لە پەیڤێن شیرین کە ئەو نەیدەزانی هی کێن، هەناسەیەکی پاراو بەسەر ڕووخساریدا دادەخزی و سەراپای لە ڤیان و خۆشەویستیدا نقوم دەبوو، ڕووندکێن گەرم بەسەر گۆنا گەرمەکانیا دادەخزین، لەناکاوا ڕامووسانێکی ناسک و دوورودرێژ بەسەر لێوەکانیدا دادەڕژێت. ئەوسا ئاگری ژیان لە گیانیا بەرەو کوژانەوە دەچوو و ژیانی دەبوو بە عەزابێکی بێکۆتایی. هەستیدەکرد هەموو بوون، کەون و گەردوون لە دەوریدا دەوەستێت، شەوێکی دوورودرێژی هەزاران ساڵە باڵ بەسەر ئەو و هەموو شتێکدا بدەکێشێت… هەندێجاریش وەکو ئەوە بوو بگەڕێتەوە بۆ ساڵانی شیرین و خۆشی دەورانی منداڵی، بە هەموو شادییە بێ پایانەکانیەوە، بۆ هەوەڵین ڕۆژانی شیرینی هەنگوین ئاسای ژیان، کە منداڵانی پەری ئاسا، لە پەنا بنجە گوڵەکانەوە دەردەپەڕین و دەهاتن لە چەمەنە سەر سەوزو سەوزەزارەکەی بەردەم ماڵە بچووکەکەدا کە هەر چواردەوری درەختێن ئاکاکیا بوو و دەگەڵ ئەودا گەمەیان دەکرد. یان لەنێو دەریاچەیەکی بلوورینەوە کە تاچاو برکات بەرین بوو، دەهاتن، دەریاچەیەک کە ئەو بە سەعاتان لە کەناریا ڕۆدەنیشت و گوێی لە خوڕەی شەپۆلەکانی دەگرت،

بە کامی دڵ گوێی لە باڵەفڕەی ئەو بێچووە پەریانە دەگرت کە بۆ ئەو دەگرژینەوە یان بەسەر بێشکەکەیەوە دەسوڕانەوە، بە میهرەبانیەوە خەونی خۆش و دڵنەوازیان، کەسک و سۆر ئاسایان بەسەریدا دەباراند، دایکی بەسەریدا دادەنەوییەوەو نیشانەی خاچی بەسەریدا دەکێشا، ماچی دەکرد، شەوانی ئارام تا بەیانی لە بن لێوانەوە لای لایەی خۆشی بۆ دەکرد. بەڵام سەر لەنوێ کەسێکی لێ پەیدا دەبێت کە زۆر نیگەرانی دەکات، زۆری دەترسێنێت، ترسێک کە ئیدی منداڵانە نەبوو و ئارامی لەبەر دەبڕی. هەوەڵین ژاری خەم و ژانی بەدڵدا دەکات و ژیانی لە ڕوندکان هەڵدەکێشێت. هەستی دەکرد کە پیرەمێردێکی نەناس هەموو ژیانی ئێستاو داهاتووی کۆنترۆڵ کردووە، ئەوەتا لە بەردەمیا هەڵدەلەرزێت و ناتوانێت چاوی لێبگوازێتەوە. ئەم پیرەمێردە دڵڕەش و بەدڕایە، لە هەموو شوێنێک بەدوایەوەیەو ڕاوەدووی دەنێت و لێی نابێتەوە. لە پەناو پاساری هەر بنچک و دەوەنێکی بێشە بچووکەوە بۆسەی بۆ دەنایەوەو لەوێندەرەوە سەری دەردێناو هەڕەشەی لێدەکرد، قاقا پێی پێدەکەنی و گاڵتەی پێدەکرد؛ لەهەرهەموو ئەو گەمەو بۆکەلانەدا کە لە منداڵیدا یاری پێدەکردن، بەرجەستە دەبوو، کە بووکەڵەکانی بەدەستەوە دەگرت، لە شێوەی کەسێکی بەدخواو دڵڕەقدا دەمەلاسکێی ئەوی دەکردەوەو پێی پێدەکەنی. یان هاوپۆلەکانی کە بەبێ کۆمەکی پیرەمێردەکەش زۆر نالەباربوون و ئەزیەتیان دەدا، دژی ئەو هانی دەدان.یان لەنێو منداڵەکاندا لەسەر ڕیحلەیەک ڕۆدەنیشت و لاسایی ئەمی دەکردەوە. یان لە پشت هەرحەرفێکی کتێبی دەستوری زمانەوە، کە ئەم منداڵە دەیخوێندەوە، بەدیار دەکەوت و زمانی لێدەر دەهێنا.. ئەگەر منداڵەکە بنووستبا، پیرەمێردی بەد نیهاد، بە دیارییەوە دادەنیشت و ئەو بێچوە پەرییانەی دەتاراند کە بەدیار سەری و دەوروبەری بێشکەکەیدا دەسوڕانەوە. بێچوە پەرییانی باڵ زێڕین و یاقوتین. دایکە بێنەواکەی بۆ هەمیشە لێدوور دەخستەوەو، ئیدی شەوان لەجیاتی ئەو تا بەیانی چیرۆکێکی حیرەت ئەنگێز و دووروردرێژی بەگوێیدا دەدا کە بۆ دڵی منداڵێک ئاڵۆز بوو وبە ئاسانی نەدەهاتە فامین، بەڵام جۆرە ترسێکی لە دڵ و دەروونیدا چێدەکرد. بەڵام کابرای پیرەمێردی بەدنیهاد گوێی بە زاری و پاڕانەوەکانی ئەو نەدەدا. گوێی بە تکاو ڕجاکانی نەدەدا، بەردەوام و لەیەکبینە قسەی بۆ دەکردو دەکرد تا ئەو بەرەبەرە گێژ دەبوو ودەبوورایەوە. ئاقیبەت منداڵەکە کاتێ خەبەری دەبووەوە کە بووبوو بە پیاوی تەواو، ساڵانی منداڵی تێپەڕاندبوو. لە ناکاوا بەڕەوشی ڕاستەقینەی خۆی دەزانی ، هەنگێ تێدەگەیی کە لەم گەردوونەدا تەنیاو نامۆیە و بە تاقی تەنیا، لە گۆشەیەکدا، لەنێو بێگاناندا دەژی، لەنێو خەڵکانی خراپ و گومان لێکراودا، لەنێو دژمنانیکدا دەژی کە هەمیشە لە گۆشەو کەناری ژوورە تاریکەکەیدا خڕ دەبنەوەو بەدەم چپە

دووەوەو بە زمانی ئاماژەو بەشێوەیەکی گۆنگ و نامەفهوم بۆ ئەم. ئاماژە بۆ ئەو پیرەژنە دەکەن کە لەبەردەم سوپاکەدا هەڵتووتاوەو دەستە پیرو وشکەکانی گەرم دەکاتەوە و ئەم بە ئەوان نیشاندەدات، قسە دەکەن. ئیدی ئەم نیگەران دەبێت، شپرزەو پەشێو دەبێت ، بەردەوام دەیەوێت بزانێت ئەم بێگانانە کێن و چما لێرەن و بەخۆیشی چما لەم ژوورەیە. وا مەزەندە دەکات کە کەوتووەتە داوی کۆمەڵێک چەتەو ڕێگرەوە، هێزێکی گەورەو نادیار ئەوی گەیاندۆتە ئەم ئەشکەوتی تاوانبارانەوە، بە خۆیشی نەیدەزانی ئەوانەی لێرە دەژین کێن، خانەخوێیە ڕاستەقینەکانی کێن، بەدگومانی بەسەریدا زاڵ دەبوو و ئازاری دەداو دووبارە، لەناکاوا، لە نیوەشەودا، لە هەڕەتی تاریکیدا، گوێی لەو چیرۆکە دوورودرێژە دەبووەوە کە پیرەژن لەپای ئاگرەکەدا کە ڕوو لە خەفەبوون دەچوو، بەدەنگی نەوی بۆ خۆیی دەگێڕایەوەو سەرە سپییەکەی بە داخ و کەسەرەوە دەلەقاند.دووبارە ترس و نیگەرانی لە دڵ و دەروونی دەگەڕا. چیرۆکەکە لەبەرچاوی دا بەرجەستە دەبوو، کاراکتەرەکان بەرجەستە دەبوون. هەستی دەکرد هەموو شتەکان، لە خەونە ئاڵۆزەکانی منداڵییەوە تا خەون و خەیاڵەکانی تا ئەو شتانەی لەژیانا بەسەری هاتووە، تا ئەو شتانەی لە کتێباندا خوێندوونیەوە، تەنانەت ئەو شتانەش کە لەمێژە لەبیری چوونەوە، هەرهەمووی لەبەر چاوی بەرجەستە دەبن، شێوەی زەبەلاح و دێو ئاساوەردەگرن و لەبەر دەمیدا دەکەونە جوڵە بەدەورو بەریدا دەسوڕێنەوە، دەکەونە فڕین. باخێن ئەفسوناوی و دڵڕفێن لەبەر چاوی دەڕوێن، شارێن گەورە لەبەر چاوی دروست دەبوون و زوو بە زوو وێران دەبوون، دەبوون بە دارو پەردوو. مردووی گۆڕستانەکان زندوو دەبوونەوە. دووبارە گیانیان وەبەردەکەوتەوە، دەستیان بەژیانێکی تازە دەکردەوە. میللەت و گەلان بە بەرچاویەوە پەیدا دەبوون، گەشەیان دەکرد و دووبارە دەمردن، هەروەهادەیبینی. هەموو بیرۆکەو خەون و خەیاڵەکانی لە دەوروبەری تەختەخەوەکەیدا دەسوڕێنەوە. منداڵی خۆیان، دەمی لەدایک بوونیان بەرجەستە دەکردەوە، هەستی دەکرد وەکو گەردیلە غوبارێک لەم دنیا بێ پایانەدا، لەم دنیا غەریب و نامۆیەدا بەدەم باوە دەخولێتەوە، ئیدی ژیان بە ئارەزووی خۆی، ڕایدەماڵێت و بەدەم ئازاری ئەبەدییەوە دەتلێتەوە. هەستی دەکرد دەمرێت، دەبێت بە خاک و خۆڵ، دەبێت بە تۆز و گەرد، گەردێکی ئەبەدی، بێ هیچ ئومێدێکی زندوو بوونەوە،. دەیویست هەڵێت. بەڵام لە هەموو دنیادا گۆشەیەک نەبوو پەنای بۆ بەرێت و خۆی تیا پەنا بدات. ئەنجام لەوپەڕی نائومێدیدا، بەوپەڕی ترسەوە تازاری گرتی هاوارێکی ترسناکی کرد و بێدار بووەوە. ئازای لە ئارەقەیەکی ساردا، سارد وەکو سەهۆڵ، هەڵکشابوو، بێدەنگییەکی مەرگ ئاسا باڵی بەسەردا کێشا بوو. شەو لە نیوە بووری

بوو، بەڵام وێڕای ئەوەش وای هەستدەکرد کە چیرۆک و حیکایەتە ئەفسوناوییەکەی بەردەوامە، دەنگێکی گڕ بەسەرهاتێک دەگێڕێتەوە کە بە گوێی ئەم ئاشنایە. گوێی لە بەسەرهاتێک بوو، کە باسی لێرەوارێکی تاریک، دزانی جەربەزەی دەکرد، باسی گەنجێکی بوێر و ئازای دەکرد کە چیوای لە ستنکارازین کەم نەبوو(*ستنکا رازین، ڕابەری شۆڕشی قوزاقەکانی دۆن بوو کە لە سەدەی حەڤدەدا جوتیارەکانی دژی تزار گاڵ دەداو لە ساڵی ١٦٧١ لە موسکۆ لەژێر ئەشکەنجەدا کوژرا. چیرۆکی ئەم پیاوە لە زەینی خەڵکی ڕووس دا هەر ماوەو شان لە شانی ئەفسانە دەدات وەکو نموونەی بوێری و شەهیدی ڕێگەی دادپەروەری یادی دەکرێتەوە)* باسی مەیگوسارانی شادو بە کەیف دەکەن. باسی ئەو قەیاغ وبەلەم ڕاکێشانانەی کەناری ڤولگا دەکەن، باسی کیژێکی جوان و ڕووباری ڤولگا دەکەن، ئەم چیرۆکانەی لە بێداریدا دەژنەوت یان لە خەودا؟ یەک سەعاتی تەواوی بە چاوی کراوەوە، بێ کەمترین جوڵە، لە بێدەنگیەکی ترسناکدا بەسەربرد.

ئەنجام بە پارێزێکی زۆرەوە ڕابوو، بە خۆشحاڵییەوە هەستیکرد، کە ئەو نەخۆشیە سەختە لە پەلو پۆی نەخستووە، وڕینەکەی لە کۆڵ بووەوە، دنیای واقعی دەستی پێکردەوە. سەیری کرد هەمان ئەو جل و بەرگەی لەبەردایە، کە لە کاتی گفت و گۆیدا دەگەڵ کاترینادا لەبەری بوو. بەمەدا بۆی دەرکەوت کە مودەتێکی زۆر بەسەر ئەو کاتەدا تێنەپەڕیوە، کە کاترینا بەجێی هێشتبوو. ئاگری بڕیار بە دەمارەکانیدا دەڕۆیی. بەو حاڵەوە بێئختیار دەستی بردە ژوور سەری، دەستی بەر مێخێکی گەورە کەوت کە تیغە دیوارەکەی پشت تەختە خەوەکەی ئەوی پێ قایم کردبوو. دەستی بە مێخەکەوە گرت و بە زەحمەتێکی زۆر خۆی کەمێک هەڵکشاند، گەییە ئەو درزەی کە ڕۆشناییەکی کەمی لێدەهاتە ژوورەوەو لەناو ژوورەکەی دەدا، چاوی بەو درزەوە نا، هەناسەی لە خۆ بڕی و کەوتە تەمەشای ئەودیو.

لە سووچێکی ژوورە بچووکەکەی هەردوو خودان ماڵەکەدا. تەختە خەوێک هەبوو. لەبەردەم تەختەخەوەکەدا مێزێک هەبوو، کە فەرشێکی بچووکی بەسەردا درابوو. کۆمەڵێک کتێبی گەورە، بە فۆڕمی قەدیمی دانرا بوو،  کە جزو بەند کرابوون و کتیبێن ئولی و ئاینییان وەبیر دێنایەوە. لە سووچێکی دیکەی ژوورەکەدا ئەیکونەیەکی پیرۆز هەڵواسرابوو، کە ئەویش وەکو ژوورەکە کۆن بوو، چرایەک بە پرتەپرت لەبەر دەمیدا دەسووتا. مورینی پیر و نەخۆش لەسەر تەختەخەوەکە ڕاکشابوو، نەخۆشی کەسیرەی کردبوو، ڕەنگی مردووی لێنیشتبوو، پەتۆیەکی نەرمی فەرووی بە سەرەوە بوو، کتێبێکی کراوە بەسەر ئەژنۆیەوە بوو. کاترینا لەسەر تەختێک و لەتەنیشت

تەختەخەوەکەی ئەوەوە ڕاکشا بوو، و دەستێکی بەسەر سینگی کابرای پیرەمێردەوە بوو، سەری نابووە سەر شانی ئەو. زۆر بە وردی و بە حەیرمانێکی منداڵانەوە چاوی بڕیبووە ئەو، وەکو ئەوە بوو کە بە کونجکاویەکی بێ سنوور و چاوەڕوانییەکی قووڵەوە، گوێی بۆ ئەو چیرۆکە هەڵخستبێت کە مورین بۆی دەگێڕایەوە، جار ناجارێ دەنگی چیرۆکبێژەکە بەرز دەبووەوە، ڕەنگە زەردەکەی دەگەشایەوە، برۆکانی وێک دەهاتنەوە، پرشنگ لە چاوانی دەبووەوە، کاترینا لە ترساو لە هەڵچوونا ڕەنگی زەرد هەڵدەگەڕا، لە ناکاوا سێبەری بزەیەک دەنیشتە سەر ڕوخساری پیرەمێردەکەو کاتریناش نەرمە بزەیەکی بەزەیی ئامێزی بۆدەکرد. هەندێجار ڕوندک لە چاوانی ئافرەتە گەنجەکە قەتیس دەما. هەنگێ یارۆی پیرەمێرد، وەکو چۆن دەست بەسەر منداڵێکدا دەهێنرێت، بەو ئاوایە نەوازشی قژەکەی کاترینای دەکرد. کاتریناش توندتر باسکە ڕووتە بەفرئاساکەی لە قەدی پیرەمێردەکە دەئاڵاند، بە خۆشەویستییەکی زیاترەوە خۆی لە سینگ و بەرۆکییەوە هەڵدەسوو.

ئوردینوف، وای مەزەندە دەکرد هەموو ئەمانەی بە خەون و لە خەوندا دەبینی. بگرە لەمە دڵنیابوو. بەڵام خوێنی هاتە جۆش دەمارەکان و لاجانگەکانی هێندە بەتووندی لێیان دەدا کە ئازاری دەگەییشتێ. دەستی لە مێخەکە بەرداو بە لەقە لەق لە جێگاکەی هەستا، وەکو کەسێک بەدەم خەوەوە ڕێبکات ، کەوتە ڕێکردن، خۆیشی نەیدەزانی، چ شتێک ئەم تین و تاوەو ئەم جۆش و خرۆشەی پێ بەخشیوە. کە گەییە بەردەرگای ژووری خاوەن ماڵەکە، تا هێزی تیابوو دەڵەکی دا، شیشە ژەنگاویەکەی دەرگاکە شکاو بەربووەوە. ئوردینوف بەدەم ئەم هەراو هەنگامەیەوە خۆی لە ناوەڕاستی ژوورەکەی ئەواندا بینییەوە.

ئوردینوف، بەچاوی خۆی بینی کە چۆن کاترینا لە جێی خۆی ڕاچڵەکی و کەوتە لەرزین، چۆن چاوانی یارۆی پیرەمێرد، لەژێربرۆ گرژەکانیەوە گڕی تورەییان لێدەبووەوە. چۆن لە ناکاوا بوغزو کینە نیشتە سەر ڕوخساری. پاشان بینی کە یارۆی پیرەمێرد بێئەوەی چاو لەو بگوازێتەوە، دەستی برد، بە پەلە دەستی دایە ئەو تفەنگەی کە بە دیوارەکەوە هەڵواسرابوو. ئوردینوف، بینی کە ڕووی لوولەکەی کردە ئەو، دەستێکی لەرزۆکی بوغزن پلی بە پەلەپیتکەکەیەوە نا... گوللەکە دەرچوو، لە ژوورەکەدا دەنگی دایەوە، پاشان هاوارێکی هۆڤیانە، کە لە دەنگی بەشەر نەدەچوو لە ژوورەکەدا دەنگی دایەوە.. کە دووکەڵەکە ڕەوییەوە، ئوردینوف دیمەنێکی ترسناکی بینی.

ئوردینوف، سەراپا کەوتە لەرزین، بەسەر پیرەمێردەکەدا دانەوییەوە، مورین لە ناوەڕاستی ژوورەکەدا کەوتبوو، ڕوخساری گرژ بووبوو، کەف کەوتبووە لا لغاوەی ئوردینوف، هەستیکرد کە پیرەمێردی داماو، گرفتاری نۆرە پەرکەم بووە، ئیدی لەگەڵ کاتریئادا بە هاوارییەوە چوو.

(٣)

ئوردینوف، شەوێکی ناخۆشی بردە سەر. کە ڕۆژ بووەوە هەرچەند زۆر لاواز بوو و تایەکە بەری نەدابوو، لەماڵ وەدەرکەوت. لە نێو حەوشەکەدا جارێکی دی تووشی دەرگاوانە تاتاریەکە بوو. یارۆی تاتاری کە چاوی پێی کەوت لە دوورەوە دەستی تا قەراغ کڵاوەکەی بۆ بەرز کردەوە. بە کونجکاوی تەمەشای کرد. ئەوسا وەکو ئەوەی وەخۆ هاتبێتەوە، دەستی بە گسکدان کردەوە. بەڵام ژێراو ژێر و بەدەم گسکدانی ئەرزەکەوە، تەمەشایەکی ئوردینوفی کرد دەکرد کە هێدی هێدی لەو نزیکتر دەبووەوە.

ئوردینوف لێی پرسی:- ئەرێ تۆ دوێشەو گوێت لە دەنگێک نەبوو؟

- با، گوێم لێبوو.

- ئەمە چۆن پیاوێکە؟ کێیە؟ چ کارەیە؟

- تۆ خانووت بەکرێ گرتووە، تۆ دەزانیت. من کابرایەکم بێگانە، لەکوێ بزانم.

ئوردینوف، کە نەخۆش و زۆر تورە بوو، بە هەڵچوونەوە گوتی:-ئەرێ کەی ڕۆژێ دێ کە تۆ بە ڕێک و پێکی قسە لەگەڵ مندا بکەیت؟

دەرگاوانەکە گوتی:- من چیم کردووە؟ خەتای خۆتە. تۆ ترساندنت. تابووت ساز، لەژێر زەمین، کەڕ. وێڕای ئەوەش هەموو شتێکی ژنەوت. و ژنەکەی، ئەویش کەڕە، ئەویش هەموو شتێکی گوێ لێبوو. تەنانەت لە حەوشەی دووەمیشدا، وێڕای ئەوەی کە دووریشە، گوێی لە هەموو شتێک بوو. ئەوە ڕووی دا... بۆیە چوومە مەخفەری پۆلیس.

ئوردینوف کە بەرەو دەرگای حەوشە دەڕۆیی گوتی:- پێویست ناکات تۆ بڕۆیت بۆ مەخفەر، من خۆم دەڕۆم.

- بەدڵی خۆت... تۆ خۆت ئێرەت بەکرێ گرت! ئەزبەنی، ئەزبەنی! بوەستە!..

ئوردینوف ئاوڕی دایەوە. سەیری کرد یارۆی دەرگاوان وەکو ڕیزو حورمەت کڵاوەکەی لەسەری داگرتبوو. ئوردینوف پرسی: - چیت دەوێت؟

- ئەگەر تۆ بچیتە لای سەرۆکی مەخفەر، منیش بە خاوەن موڵکەکە دەڵێم..

- دەبڕۆ، چ بکەم؟

- باشترە کە بار بکەیت.

ئوردینوف گوتی:- کە کەریت!

دووبارە کەوتەوە ڕێ.

دەرگاوانەکە، دووبارە دەستی بۆ قەراغ کڵاوەکەی بەرز کردەوە، نەرمە بزەیەکی دۆستانە نیشتە سەر لێوەکانی و گوتی:- ئەزبەنی! ئەزبەنی! چما ئەم مرۆڤە بەلەنگازەت دەرکرد؟ دەرکردنی مرۆڤێکی داماو و بێنەوا گوناحە، خواوەند قەبووڵی نییە.

- گوێ بگرە.. وەرە ئەمەبگرە.. ئەم پیاوە کێیە؟ چ کارەیە؟

- کێیە؟

- بەڵێ، بڵێ کێیە؟

- بەبێ بەخشیش پێتدەڵێم کێیە!

هەنگێ دەرگاوانەکە دەستی دایە گسکەکەی و دوو و سێ جار بە ئەرزەکەی دا هێنا و برد. ئەوسا وەستا، بە حورمەت و ڕێزەوە ڕوانیە ئوردینوف و گوتی:- تۆ پیاوێکی باشی ئەزبەنی، بەڵام کە ناتەوێت لەگەڵ مرۆڤێکی باشی خۆت ئاسادا بژیت، ئەمە پەیوەندی بە خۆتەوە هەیە!.. من قسەی خۆم کرد..

هەنگێ نیگایەکی بە ماناوەی ئوردینوفی کرد، وەکو ئەوەی پەست و توڕە بووبێت، دەستی بە گسکدانی خۆی کردەوە. ئەوسا وەکو ئەوەی کارێکی گرینگی ئەنجام دابێت، بە شێوەیەکی گۆنگ لە ئوردینوف نزیک بووەوە، وەکو ئەوەی بیەوێت نهێنییەکی بۆ بدرکێنێت. بە جوڵەیەکی مانادارەوە گوتی: - ئیدی ئاوایە! کەمێک..

- کەمێک چی؟ مەبەستت چییە؟

- عەقڵی کەمێک پارسەنگی دەوێت.

- چی؟

- بەڵێ، عەقڵەکەی لەدەست داوە..

کابرای تاتاری، بە حاڵەتێکی نهێنی ئامێزەوە گوتی:- عەقڵەکەی لەدەست داوە.. نەخۆشە.. کەشتی گەورەی هەبوو، دوو و سێ کەشتی هەبوو، هەر هەموویان لە ڕووباری ڤولگادا کاریان دەکرد. من بە خۆم خەڵکی ڤولگام. کارخانەیەکیشی هەبوو، بەڵام هەر هەمووی سووتا.. ئیدی کابرا لە سوێیاندا عەقڵی لەدەست دا.

- یانی شێتە؟

یارۆی تاتاری بە هێواشی گوتی:- نا، نا.. شێت نییە.. ئینسانێکی ڕوحانیە، زۆر خوێنەوارە.. هەموو شتێک دەزانێت، زۆر کتێبی خوێندووەتەوە.. پێشبینی حەقیقەتەکان دەکات، غەیبزانە: یەکێک دێ بۆلای دووڕۆبڵی دەداتێ، یەکێکی دی دێت و سێ ڕۆبڵی دەداتێ، یان چل ڕۆبڵی دەداتێ، کتێبی بۆ دەگرێتەوەو هەموو ڕاستیەکانی بۆ کەشف دەکات و پێی دەڵێت. بەڵام دەبێ لە پێشەوە پارەکە لەسەر مێزەکە دابنرێت! پارە دانەنەیت، هیچ، خواحافیزت!

هەنگێ کابرای تاتار، پاش ئەوەی تێرو پڕ مورینی هەڵدەکێشا، لە خۆشیا قاقایەکی لێدەدا.

ئوردینوف گوتی:- یانی چی؟ فاڵی دەگرتەوە؟ جادوگەری دەکرد؟

یارۆی دەرگاوان سەرێکی لەقاند:- ئم.. حەقیقەت دەڵێت. وێرد دەخوێنێت، نوێژو نزا دەکات.. هەندێجار نەخۆش دەکەوێت. مجێزی تێکدەچێت.

لەم کاتەدا کەسێک لە حەوشەکەی دیکەوە دەرگاوانەکەی گازکرد. ئەوسا پیرەمێردێکی کورتەباڵای، کۆماوەی پۆڕسپی پوستین لەبەر پەیدا بوو.بە هانکە هانک و لەقەلەق ق و ورتە ورت و تەمەشاکردنی ئەرزەکەوە دەهات. وات هەستدەکرد لەپیریدا بووەتەوە بە منداڵ.

دەرگاوانەکە بە ئاستەمێک سەری خوداحافیزی بۆ ئوردینوف لەقاند و لەبن لێوانەوە گوتی:- "ئاغا، ئاغا!" و هەنگێ بەپەلەو کڵاوەکەی لەسەر داگرت و بەرەو پیری کابرای پیرەمێرد چوو.

ئوردینوف، وای خەیاڵ دەکرد ئەم سەرو سیمایەی لەو نزیکانەدا، لە شوێنێک دیتووە. بەڵام ئەمەی بە هەند وەرنەگرت و لە حەوشەکە وەدەرکەوت و لەدڵی خۆیدا دەیگوت ئەم دەرگاوانە کابرایەکی زۆر بوودەڵەو خوێڕی و هەڵپەرستە. زمانلووسی ڕوودار، خوێڕییە دەیەوێت گەنگەشە لەگەڵ مندا بکات.. مەگەر هەر خوا بزانێت چ ئایین و ئۆینێک لە ئارادایە؟

ئوردینوف، بەدەم ئەم خەیاڵانەوە گەییە سەر جادەکە، بەرە بەرە بیری دیکەی بە زەیندا هات. لە مامەڵەی کابرای تاتار پەست بوو، دنیا سارد بوو، بەفر دەباری. دووبارە لەرزو تای لێهاتەوە. هەستیدەکرد ئەرزەکە لەژێر پێی دا دەجووڵێت. لە ناکاوا دەنگێکی ئاشنای بەرگوێ کەوت، دەنگێکی لەرزۆک، ناخۆش پێی گوت:- ڕۆژباش.

ئەردینوف گوتی:- یارو سلاف ئیلیچ ئەمە تۆیت! (*یارو سلاف: بەرپرسی پۆلیسی گەڕەکەکەیە)*

کابرایەکی دەستە باڵای، چوار شانەی سورقل، چاو چکۆلەی چاو زیت، نزیکەی سی ساڵان، لەبەردەم ئوردینوف دا وەستا بوو. چاوە قاوەییەکانی گەش و پرشنگدار، بزەیەک نیشتبووە سەر لێوەکانی. جلەکانی لە ناوەکەی دەهات. دۆستانە دەستی هێنا بوو کە تەوقە لەگەڵ ئوردینوف دا بکات.

ئوردینوف ڕێک یەک ساڵ لەوە پێش، بەڕێکەوت، لە ڕێگەو باندا، سووکە ئاشنایەتییەکی لەگەڵدا پەیدا کردبوو. جگە لە ڕێکەوت، هۆو سەدەمی ئەم ئەم پەیوەندییە گەرم و گوڕەی یاروسلاف ئیلیچ ئەوە بوو کە بە تەبیعەت حەزی دەکرد لە هەموو شوێنێک خەڵکانی باش و نەجیب وفامیدەوخوێنەوار بناسێت، خەڵکانێک بە کێمانی لە ڕووی زەوق و جوانی و ناسکی ڕەفتارەوە. بە بەشێک لە پیاوماقولان بێنە ژماردن. لەو جۆرە خەڵکانە نزیک ببێتەوە، هەرچەندە دەنگی یارو سلاف ئیلیچ زۆر نەرم و ناسک بوو، بەڵام تەنانەت لە گفتوگۆیدا لەگەڵ دۆستانی زۆر نزیکیش دا، جۆرە تووندییەکی ئامیرانە بە دەنگییەوە دیار بوو. ڕەنگە زادەی ڕاهاتن بووبێت. یاروسلاف ئیلیچ بە شادمانیەکی ڕاستگۆیانەوە هاواری کرد:- بەهبە، چاومان ڕۆشن! تۆ لەکوێ و ئێرە لەکوێ؟

ئوردینوف گوتی:- ماڵەکەم لەم ناوەیە!

یاروسلاف ئیلیچ بە دەنگێکی زەلاڵی شادیئامێز گوتی:- لەکەیەوە؟ لەمێژە؟ ئەدی بۆ من نەمزانیوە؟.. کەواتە دراوسێین. من لێرە، لەم پۆلیسخانەیە کار دەکەم. مانگێک دەبێت لە ریازانەوە بۆ ئێرە گەڕاومەتەوە... زۆر خۆشحاڵم کە جارێکی دی تۆی دۆستی ئازیزم بینییەوە.

یاروسلاف ئیلیچ، بەدەم ئەو قسانەوە ناسکە پێکەنینێکی بۆ کرد.

ئەوسا بەکەش و فشەوە، وەکو قەلەموونی پایزە خۆی پڕبا کردوو ڕووی کردە کەسێکی دی:- سیرگییف، لەلای تاراسوف چاوەڕوانم بکە، پێیان بڵێ ، دەست لە فەردەکان نەدەن تا خۆم دێم. تۆزێ ئولسوفییفی دەرگاوان بجولێنە، پێی بڵێ یەکسەر بۆ دایەرە بڕوات. من سەعاتێکی دی دەگەمە ئەوێندەر..

یاروسلاف ئیلیچ دوای ئەو فرمانانە، بە میهرەبانییەوە قۆڵی کرد بە قۆڵی ئوردینوف داو بردی بۆ خواردنگەیەکی بچووکی ئەو نزیکانەو گوتی:- دوای دابڕانێکی زۆر، حەز دەکەم بە دوو قۆڵی بۆخۆو بە کەماڵی ئیسراحەت دوو قسان بکەین.. ئاخر وا نابێت برای ئازیز.

ئەوسا بە ڕاوێژێکی نەوی و پڕ ڕێزەوە گوتی:- ئێ ئێستا چ دەکەیت؟ هێشتاش هەر سەرت لەنێو کتێبانە؟

ئوردینوف کە بیرۆکەیەکی جوانی بە زەین دا هاتبوو. گوتی:

- بەڵێ، وەکو جاران هەر مژوولی کارەکانی جارانی خۆمم.

یاروسلاف ئیلیچ، توند قۆڵی ئوردینوفی گوشی و گوتی:

- زۆر چاکە قاسیلی میخائیلوفیچ، ئیش لەوە باشتر دەبێت!

ئێوە مایەی شانازی کۆمەڵگەن.. خوای گەورە ڕاوەستاوت بکات، لەسەرخێر دەست بە باڵتەوە بگرێت! بەڕاستی بە دیدارت خۆشحاڵ بووم. زۆرم بیر دەکردیت. زۆرجار لەم لاو لەولا یادی بەخێرم کردوویتەوە. لەدڵی خۆدا دەمگوت: - ئاخۆ قاسیلی میخائیلوفیچی ئازیز و خانەدان و خۆش مەشرەب و ڕوحانی لەکوێ بێت و چ بکات؟

لە خواردنگەکەدا، ژوورێکی ئەلاحەدەیان گرت. یاروسلاف ئیلیچ، ڤۆدگاو مەزەی داوا کردو، بە کەلەجانێکی زۆرەوە ڕوانیە ئوردینوف. ئەوسا بە ڕاوێژێکی شەرمنەوە، بەدەنگێکی مدارا ئامێزەوە گوتی:- دەزانی لەو ماوەیەدا کە لە تۆ دابڕاوم، کتێبی زۆرم خوێندونەتەوە. هەموو بەرهەمەکانی پوشکینم خوێندووەتەوە.

ئوردینوف، سەیری ئەوی دەکرد، بەڵام خەیاڵی ڕۆیی بوو. یاروسلاف ئیلیچ لەسەری ڕۆیی:- نیشاندانی شەڕی پەنهان و خولیاکانی بەشەر هونەرێکی یەجگار بەرزە. بەڵام پێش هەموو شتێک

ڕێگەم بدە کە سوپاست بکەم، چونکە من منەتباری تۆم.. تۆ بە گەورەیی خۆت جۆری بیرکردنەوەی دروستت بە من نیشان دا...

– ببورە، ئەمە چ قسەیەکە! من چیم کردووە؟

– نەخێر..ڕێگەم بدە.. قوربان من هەمیشە حەزدەکەم کەسێکی بە ئینساف بم و شانازی بەوەوە دەکەم کە بەلای کەمەوە ئەم هەستەم لەلا نەکوژاوەتەوە.

– ببورە.. تۆ غەدر لە خۆت دەکەیت، بێ ئینسافی دەرهەق بەخۆت دەکەیت.. بەڵام من لە ڕاستیا...

یاروسلاف ئیلیچ بە گەرم و گوڕی و کەلەجانێکی فرەوە لەسەری ڕۆیی:

– نا ئەمە ئەوپەڕی ئینسافە.. من لەچاو تۆدا دەکەمە چی؟ تۆ لە کوێ و بەندەی موخلیس لەکوێ؟

– ئەی خودا، ئەمە چ قسەیەکە!

– بەڵێ قوربان...

هەنگێ کەمێک بێدەنگ بوو، ئیدی یاروسلاف ئیلیچ دوای ماوەیەکی کەم بە شەرمێکەوە، لێ بە زمانی لووس، لەسەر قسەکانی پێشووی خۆی ڕۆیی و گوتی:– قوربان من بە ئامۆژگارییەکانی تۆم کرد. پەیوەندیم لەگەڵ زۆر خەڵکی هیچو پوچدا بڕی. زۆر عادەتی خراپم تەرک کرد. نها زۆربەی کاتی دەست بەتاڵیم لە ماڵەوە دەبەمە سەر. شەوان بە خوێندنەوەی کتێبانی بەسوود دەبەمە سەر... تەنیا یەک ئاواتم هەیە ڤاسیلی میخائیلوفیچ، ئەویش ئەوەیە کە هێندەی بتوانم سوودێکم بۆ ئەم وڵاتە هەبێت..

–یاروسلاف ئیلیچی ئازیز من لە هەوەڵەوە دەمزانی کە تۆ مرۆڤێکی زۆر خانەدان و ڕەسەن و شایستەیت.

– قوربان تۆ بە فەرمایشتەکانت مەڵحەم دەخەیتە سەر برینەکانی دڵی من... تۆ بەڕاستی گەنجێکی شایستەو خانەدانیت.

یاروسلاف ئیلیچ بەدەم ئەو قسەیەوە بە گەرمی باسکی ئوردینوفی گوشی. پاشان وەختایەک کەمێک خۆی هێور کردەوە گوتی:– چییە؟ دەبینم ناخۆیتەوە؟

– نا، ناتوانم. ناخۆشم!

– نەخۆشیت؟ بەڕاست؟ دەمێکە؟ چۆن نەخۆش کەوتیت؟ ڕێگەم دەدەیت شتێکت پێ بڵێم... دەچیتە لای کام دکتۆر؟ دەتەوێت لەگەڵ دکتۆرەکەی خۆمان لە شارەبانی قسە بکەم؟ هەر ئێستا دەچم بەدوایدا. دکتۆرێکی زۆر کارامەیە.

یاروسلاف هەر کە ئەو قسەیەی کرد خێرا دەستی دایە کڵاوەکەی تا هەستێت و بڕوات بە سۆراغی دکتۆرەکەوە.

ئۆردینوف گوتی:– نەخێر، زۆر زۆر سوپاس. من ئەهلی دکتۆرو دەواو دەرمان نیم...

یاروسلاف ئیلیچ  بە ڕاوێژێکی پاڕانەوە ئامێزەوە گوتی:– شتی وا چۆن دەبێت، ماقولە؟ ئەمە دکتۆرێکی یەجگار کارامەیە، دەستی بە شفایە. ماوەیەک لەمە پێش... ڕێگەم بدە یەکێک لەکارەکانیت بۆ بگێڕمەوە ڤاسیلی میخائیلوفیچ... چەند ڕۆژێک لەمە پێش ئاسنگەرێکی نەگبەت هاتە لای و گوتی: "دەستم بڕیوە، بەڵکو چارەیەکم بۆ بکەیت." کە سیمون پافنوفیتچ کە بینی لەگینە دەستی ئەم داماوە تووشی گانگرین ببێت یەکسەر بڕیاری دا، کە دەستی چڵکی کردبوو ببڕنەوە، هەر لەوێ وبەبەر چاوی منەوە دەسبەکار بوو. بەڵام چەند بە دڵسۆزی! مەبەستم ئەوەیە هێندە بە کارامەیی و لێزانی کارەکەی دەکرد هەر حەزت دەکرد تەمەشای بکەیت. دوور لە گیانی تۆ، بە هەموو ڕێزێکمەوە بۆ ئازاری هەر مرۆڤێک، بە هەموو هاوخەمیەکەوە کە سەبارەت بەو داماوە هەستم پێدەکرد.. خۆزگە لەوێ دەبوویت و بە چاوی خۆت دەتبینی... دەی باشە کەی و چۆن نەخۆس کەوتیت؟

– بەدەم بارکردن و ماڵ گواستنەوەوە  نەخۆش کەوتم... لە جێدا کەوتم... هەمووی چەند خولەکێک لەمە پێش هەستاومەتەوە.

– بەڵام بێتاقەت دیاریت، نەدەبوو لە ماڵ بێیتە دەرەوە. یانی لە ماڵە کۆنەکەت نەماویت؟ چۆن بوو بارت کرد؟

– خانمە خانەخوێیەکەم لە پترسبورگ ڕۆیی.

– دومنا سافیشنا! عەجایەب!.. کە پیرەژنێکی باش بوو، بەڕاستی خانەدان بوو! دەزانیت من زۆر ڕێزم لێدەگرت. وەکو دایکی خۆم ڕێزم لێدەگرت؟ جۆرە هەیبەت و نەجابەت و ڕەسەنایەتیەکی قەدیمی وەکو باپیرانی ئێمە لەم پیرەژنەدا کە عەمری <u>خۆی</u> کردبوو، بە دی دەکرا. کە تەمەشات دەکرد، هەموو ڕابردووی پڕشکۆی خۆمانت لەبەرچاو بەرجەستەو زندوو دەبووەوە..

یاروسلاف ئیلیچ که بەدەم قسانەوە هەڵچوو بوو، لە شەرما سوور بووبووەوە و نەیدەزانی چیتر بڵێت، بەم ڕستانە کۆتایی بە قسەکانی خۆی هێنا:- یەک شتی دیکە.. نازانم چۆنی بێژم. دەزانیت یەک شتی شاعیرانە...

- بەڵێ ژنێکی چاک بوو...

- دەتوانم بپرسم، نها لەکوێ ئاکنجیت؟

- لێرە.. لەم نزیکانە.. لە تەلاری کاشمارۆف (*کاشمارۆف: لە وشەی کاشماری فەرەنسیەوە هاتۆتە ناو زمانی ڕوسیەوەو بە مانای کابوس و مێردەزمە دێت)*

- دەیناسم.. پیرەمێردێکی بە هەیبەتە. دەتوانم بڵێم کە دۆستی گیانی بە گیانیمە.. پیرەمێردێکی خانەدان و بە شەخسیەتە.

یاروسلاف ئیلیچ بەدەم ئەو قسانەوە، لە خۆشیا لێوەکانی تەتەڵەیان دەکرد. داوای یەک پێک ڤۆدگای دیکە و نێرگەلەیەکی کرد.

- ئێ؟ کەواتە شوقەیەکت بەکرێ گرتووە؟

- نە، یەک ژوورم لە کرێچیەک بەکرێ گرتووە.

- لە کێ؟ دەتوانیت پێمی بڵێیت؟ لەوەیە ئەویش بناسم.

- لە مورین، خوردە بورژوایە، پیرەمێردێکی بەژن بڵندە.

- مورین، مورین.. بەڵێ بەیارمەتیت.. لە حەوشەکەی پشتەوە، لە سەرووی تابووت سازەکەوە؟

- بەڵێ، بەڵێ.

- ئەها، باشە لەوێ ئاسوودەیت؟ مەبەستم ئەوەیە ڕازیت؟

- تازە هاتوومەتە ئەوێ.

- ئم.. تەنیا ویستم ئەوە بڵێم.. ئم... هیچ شتێکی تایبەتی سەرنجی ڕانەکێشاویت؟

- با.

– مەبەستم ئەمەیە... ئەگەر لە ژوورەکەت ڕازی بیت، بۆخۆت لەوێندەر دەحەسێیتەوە. من ژوورەکەم مەبەست نەبوو. بەڵام لەبەر ئەوەی تەبیعەتی تۆ دەناسم.. ڕات بەم پیرەمێردە بورژوایە چۆنە؟

– وای دەبینم کە زۆر نەخۆشە...

– بەڵێ... زۆر نەخۆشە... بەڵام هیچی دیکەت لێی بەدی نەکرد؟ یان بە خۆی هیچی نەوت؟

– زۆر کەم... کەسێکی ساردو سڕو کەم دووە.. زۆر توڕەو گرژو مۆنە...

یاروسلاف ئیلیچ لە فکران ڕاچوو، پاش بێدەنگییەکی کەم گوتی:

– ئم.. پیاوێکی زۆر بەدبەختە.

– پیرەمێردەکە دەڵێیت؟

– بەڵێ، بەلەنگاز و بەدبەختە. وێڕای ئەوەش بەشەرێکی فرە سەیرە.. زۆر قسە خۆشە. ببورە کە ئەو بابەتەم لەگەڵتدا کردەوە، ئیدی کونجکاوی و فزوڵیەت زۆری بۆهێنام.

– بەڵێ، بەڕاستی فزوڵیەتی منیشت جوڵاند... زۆرم حەز دەکرد بزانم چۆن بەشەرێکە. ئاخر من لە ماڵەکەی ئەودا دەژیم...

– دەڵێن کاتی خۆی زۆر دەوڵەمەند بووە، هەڵبەتە بیستووتە کە گەورە بازرگان بووە. بەڵام پاشان کۆمەڵێک بەڵای بەسەر هاتووەو کەوتووەتە سەر ساجی عەلی. چەند کەشتیەکی بە بارەوە بەر زریان و تۆفان کەوتوون و نقووم بوون. کارخانەیەکی هەبووە کە بەیەکێک لە خزمە نزیکەکانی خۆی سپاردووە تا بۆی بەڕێوە ببات. ئیدی کارخانەکەی گڕی گرتووە و بەتەواوەتی سووتاوە و بۆ نەگبەتی خزمەکەشی لەو شەواتەدا سووتاوە.

هەڵبەتە بەخۆت دەزانیت هەموو ئەمانە زەرەرو زیانی گەورەن. زیانیش زۆر تاڵە! ئیدی وەکو دەڵێن مورین لەو وەختەوە تووشی خەمۆکیەکی توند بووەو چیوای نەماوە بەتەواوەتی شێت ببێت. هەر بەڕاستیش کاتێک لەگەڵ بازرگانێکی دیکەدا کە ئەویش کۆمەڵێک کەشتی بارکێشی هەبووە و لە ڤۆلگادا کاریان دەکرد، دەکەوێتە گەنگەشەو لێیان دەبێت بە قەرقەشە قسەی هێندە سەیر دەکات کە کەس باوەڕ ناکات. ئیدی خەڵکەکە ئەمە دەگێڕنەوە بۆ ئەو شێتایەتیەی تووشی بووبوو، منیش هەر وای بۆ دەچم. من هەندێ شتم لە خەڵکیەوە دەربارەی کارو هەڵوێستە

سەیرەکانی بیستبوو. ئەنجام ڕۆژێک کارێکی هێندە نەشیاوی لێ سادر بوو، کە ڕێک نیشانەی ئەوە بوو کە کابرا بەتەواوەتی عەقڵ و ئاوەزی لەدەست داوە.

ئوردینوف پرسی:- چ کارێکی لێ سادر بوو؟

- دەڵێن لە کاتی یەکێک لەم خووە شێتاتیانەدا ویستویەتی بازرگانێکی گەنج بکووژێت، کە زۆریش خۆشی ویستووە. کە لە قەیرانە دەرونیەکە دەرباز بووە، بە ڕادەیەک شەرمەزار بووە، لە خۆی تەریق بووەتەوە، لە کارەکەی ژێوان بووەتەوە کە ویستویەتی خۆی بکوژێت. ئەمە ئەوەیە کە من بیستوومە. ئیدی نازانم دوای ئەوە چی ڕووی داوە. بەڵام دەڵێن تۆبەی کردووە وچەند ساڵێک لە سزای ئولی دا ژیاوە(*سزای ڕوحانی و ئولی: ئەوانەی کە بە ڕێکەوت و بێ هیچ نیازێکی پێشوەختە دەستیان دەچێتە کوشتن ئەم سزایە دەدرێن، خواردنی قوربانی پیرۆزیان لێ قەدەغە دەکرێت و بۆ چەند ساڵێک بۆیان نییە بچنە کڵێسا)*.ئەوە چیتە ڤاسیلی میخائیلوفیچ، خۆ بە قسەکانی من بێتاقەت نەبوویت؟

- نا، نا، تکایە... بەردەوام بە. وتت تۆبەی کردوەو ژێوان بووەتەوە. دیارە بەتەنیا نەبووە.

- نازانم قوربان... دەڵێن بەتەنیا نەبووە.. هیچ کەسێک لەم پرسگرێکەوە نەگلاوە. بەهەرحاڵ من ئاگام لەوە نییە کە پاش ئەوە چی ڕوویداوە.. تەنیا ئەوەندە دەزانم...

- چی دەزانیت؟

- دەزانم کە... لەڕاستیا شتێکی ئەتۆم پێ نییە کە بیڵێم.. ئەوەی دەمەوێت عەرزی جەنابتانی بکەم ئەوەیە کە ئەگەر شتێکی نائاسایت لێی بینی، جگە لەم بەڵایانەی کە بەسەری هاتوون هیچ هۆیەکی دیکەی نییە.

- بەڵێ... پیاوێکی بەد نییە، زیاد لە پێویست پارسایی دەکات.

- ڤاسیلی میخائیلوفیچ باوەڕ ناکەم ئەمەی لە ڕیاو ڕواڵەتبازی بێت.. ئازاری زۆری چەشتووە.. لام وایە دڵی پاکە..

- بەڵام نها شێت نییە.. عەیبی نییە. تەواو چاک بووەتەوە..

- بەڵێ، بەڵێ، عەیبی نییە. من دەتوانم زەمانەتی ئەوە بکەم. دەتوانم سوێند بخۆم کە تەواو هۆش و گۆشی بە خۆیە. تەنیا ئەوەیە کە وەکو خۆت گوتت ڕەفتاری برێک غەریبە، بەڵام زۆریش بە

دینو خواناسه. زۆر به ئاوەزو ماقوله. قسەی به ڕێ و جێ دەکات، بەڵام هێشتا باندۆری ئەو بەڵایانەی که بەسەری هاتوون، به ڕووخساریەوه دیاره. پیاوێکی عەجیبه و خوێنەرێکی زۆر لەزەبره. کتێبی دنیای خوێندووەتەوه.

– ئەوەندەی من بۆم دەر کەوتووه، به زۆری کتێبی ئۆلی خوێندووەتەوه، وایه؟

– بەڵێ، کابرایەکی سۆفیه.

– چۆن؟

– بەڵێ، سۆفی! بەڵام با ئەم قسەیه له بەینی خۆمان دەرنەچێت.با نهێنییەکی دیکەشت بۆ بدرکێنم، ئەوه بزانه که بۆ ماەیەکی زۆر لەژێر چاودێریدا بوو.. ئەم پیاوه باندورێکی زۆری بەسەر ئەو کەسانەوه هەبوو که سەردانیان دەکرد.

– یانی چ باندورێک؟

– هەڵبەته هەقی خۆته باوەڕ نەکەیت.. دەیسا گوێ بگره... ئەوسا لەم جێگایەی ئێستادا نەدەژیا. ڕۆژێک ئالکساندر ئیگناتیوفیچ، که پیاوێکی یەجگار بەڕێزو سەنگین و پایەبەرزه، هەموو خەڵکی ڕێزی دەگرن، ڕۆژێک له ڕووی کونجکاویەوه، لەگەڵ مولازمێکدا که ناوەکەیم لەبیر نەماوه، دەچنه دیدەنی. به دوو قۆڵی دەگەنه ماڵەکەی، پێشوازیان دەکات. زۆر به وردی له سەرو سیمایان ڕادەمێنێت. ئەم پیاوه عادەتی وایه وەختێ بیەوێت خزمەت به کەسێک بکات له ڕوو و ڕووخساری ورد دەبێتەوه. خۆ ئەگەر نەیەوێت خزمەتی بکات، نەک هەر ڕووی ناداتێ، بگره دەریشی دەکات. لێیان دەپرسێت: " بەڕێزینه چ ئەمرێکتان هەیه؟ " ئالکساندر ئیگناتیوفیچ له وەڵامیدا دەڵێت: "تۆ بەو بەهرەیەوه که هەته دەزانیت چمان دەوێت، پێویستت به وەڵامی مه نییه." هەنگێ دەڵێت: " فەرموون لەگەڵ مندا وەرن." دەیانبات بۆ ژوورێکی دیکه. لەوێ ئەو کەسەی دەست نیشان کرد که پێویستی به کۆمەکی ئەم بوو. ئیدی ئەلکساندرئیگناتیوفیچ بۆ کەسی نەگێڕایەوه که چ شتێک له نێوانیاندا ڕووی دابوو. بەڵام وەختایەک لەو ژووره هاتبوووه دەرەوه زۆر پەرێشان بوو بوو، ڕەنگ به ڕوویەوه نەمابوو.. هەمان شت له خانمێکی خانەدان و ئەشرافیش ڕویی دابوو. ئەویش که له ژوورەکه هاتبووه دەرەوه، ڕەنگی بوو بوو به جاوی سپی، ڕەنگی مردووی لێ نیشتبوو، ڕوندک وەکو بارانی بوهار له چاوی دەباری، سەری له پێشگۆیی و پێش بینییەکانی ئەو پیاوه سوڕمابوو.

– عەجیبه. بەڵام نها ئەو کارانه ناکات.

– نەخێر، لێیان قەدەغە کردووە، بۆی نییە ئەو جۆرە کارانە بکات. ئاخر شتێن عەجیب ڕوویان داوە. دەگێڕنەوە دەڵێن ڕۆژێک ئەفسەرێکی گەنج، خەیاری گوڵ بەدەمە، مایەی ئومێد و شانازی بنەماڵە ئەرستۆکراتەکەی خۆی کە دەیبینێت، پێکەنین دەیگرێت، پیرە مێرد ئەمەی لەبەر گران دەبێت، لێی تووڕە دەبێت و دەڵێت: "بە چ پێدەکەنیت؟ سێ ڕۆژی دیکە خۆت دەبینییتەوە! " دەستەکانی لەسەر سینگی تێک دەئاڵێنێت، بەو ڕەفتارە شێوەی مردوو دەنوێنێت..

– ئێ پاشان؟

– ڕاستت دەوێت من باوەڕم بەو قسەیە نییە، بەڵام دەڵێن پێشبینییەکەی هاتووەتە دی، گەنجەکە دوای سێ ڕۆژان مردووە. دەزانیت ڤاسیلی میخائیلوفیچ ئەم پیرەمێردە تواناو بەهرەی سەیری هەیەو کاری سەیر دەکات. دەبینم پێکەنینت بەم قسانەم دێت. هەڵبەتە من دەزانم لە باری ڕۆشنبیرییەوە هەرگیز بەپێی تۆدا ناگەم. بەڵام باوەڕم بەو پیاوە هەیە. پیاوێکی کەڵەکبازو درۆزن نییە. تەنانەت پوشکین لە یەکێک لە کتێبەکانیا ئاماژە بۆ ئەو جۆرە پیاوە دەکات..

– ئم.. حەز ناکەم قسەکانت بەدرۆ بخەمەوە.. وابزانم گوتت بەتەنیا ناژی.

– وەڵلا نازانم.. وابزانم لەگەڵ کچەکەیدا دەژی....

– کچەکەی؟..

– بەڵێ قوربان، لەگینە ژنی بێت. ئەوەندە دەزانم ئافرەتێکی لەگەڵدایە... من دووراو دوور دیتومن.. ئیدی نازانم..

– سەیرە!

گەنجەکە دەبیرەوە چوو. یاروسلاف ئیلیچ سەری لەبەرخۆنا. زۆر دڵخۆش بوو کە تووشی دۆستێکی کۆن بوو بوو و زۆر شتی باڵکێشی بەشێوازێک کە خۆی لێی ڕازی بوو بە ئاو و تاو بۆ گێڕابووەوە. لەسەر کورسییەکەی ڕۆنیشتبوو، بەدەم نێرگەلەکێشانەوە دەیڕوانییە ڤاسیلی میخائیلوفیچ و چاوی لێ نەدەگواستەوە. بەڵام لە ناکاوا تەکانێکی دا، خۆی ئامادەکرد کە هەستێت. گوتی: – یەک سەعات بوریوە، من ئاگام لە خۆم نەما...

ڤاسیلی میخائیلوفیچ، دووباره سوپاسگوزاری قەدەرم کە شادمانی دیداری دووبارەی تۆی بە نسیبم کرد. بەڵام دەبێت بڕۆم. ڕێگەم دەدەیت لە ماڵە موبارەکەکەی خۆتدا سەردانت بکەم، ماڵی زانست و ئەدەب؟

– ئەی مەعنای چی، لوتفی خۆتە.. زۆر خۆشحاڵ دەبم منیش هەر کاتێ دەرفەتم بۆ هەڵکەوت سەردانت دەکەم.

– بەڕاست، جاکوا! باوەڕ ناکەم، لوتف دەفەرموویت. ئەوە شانازییەکە کە قەت لەبیری ناکەم!

بە دوو قۆڵی لە خواردنگەکە هاتنە دەرەوە، سەیریان کرد سیرگییف بە هەشتاو بەرەو لای ئەوان هات و بە یاروسلاف ئیلیچی گوت کە فیلیم ئیمیلیانوفیچ( *فیلیم ئیمیلیانوفیچ: وا دیارەسەرۆکی پۆلیسە)* هەر ئێستا بەخۆی تەشریف دێنێت. بەڕاستیش گالیسکەیەکی جوانی دوو ئەسپە لە دوورەوە پەیدابوو. بەڕاستی یەکێک لە ئەسپەکان جوان و بەرچاوی بوو.

یاروسلاف ئیلیچ، زۆر بە توندی دەستی هاوڕێ ئازیزەکەی گوشی، ئەوسا بە نیشانەی ڕێزو حورمەت دەستی تا قەراغ کڵاوەکەی بۆ بەرزکردەوە. ئەوسا بە هەشتاو بۆلای گالیسکەکە ڕۆیی، بەڵام تا گەییە لای گالیسکەکە دووجاری دی ئاوڕی دایەوە وبەدەم خاترخوازییەوە سەری بۆ ئوردینوف لەقاند.

ئوردینوف، زۆر شەکەت بوو، ئازای گیانی دەیەشا، بەزەحمەت دەیتوانی ڕێبکات. هەرچۆنێ بوو خۆی گەیاندەوە ماڵ، کابرای تاتار لەبەر دەروازەی باڵەخانەکە وەستا بوو، بە وردی تەمەشای خاترخوازییەکەی نێوان ئەو و یاروسلاف ئیلیچی کردبوو. لە دوورەوە کڕنۆشی بۆ بردبوو. بەڵام ئوردینوف بێئەوەی بوەستێت یان سڵاوێکی لێبکات تێپەڕی بوو. لەبەر دەرگای ژوورەکەیدا تووشی کابرایەکی کورتەباڵای پۆڕسپی بوو کە بە چاوی شۆڕەوە لەلای مورین دەهاتە دەرەوە. کابرای کورتەباڵا، لە ڕێگەکە لاکەوت و لەبن لێوانەوە دەیگوت:

– خودایە پەنام بەتۆ! لە گوناهەکانم خۆشبە!

ئوردینوف گوتی:– خۆ ئەزیەتم نەدایت؟

–نا، نا.. زۆرسوپاس. ئەیخودا، ئەیخوای گەورە!

کابرا کورتە باڵاکە بە هانکە هانک، بە ناڵە ناڵ، بەدەم ورتە ورت و دوعاو نزاوە لە پلیکانەکانەوە

داگەڕا. تومەز خاوەنی باڵەخانەکە بوو کە یارۆی دەرگاوان بەو ڕادەیە لێی ترسا بوو و ڕێزی لێ گرتبوو. هەنگێ ئوردینوف بیری کەوتەوە کە هەوەڵجار بۆ ئێرە ماڵی گواستبووەوە، ئەم پیاوەیلەلای مورین بینی بوو.

ئوردینوف هەستی بە نیگەرانی و پەرێشانی دەکرد. دەیزانی هەست و خەیاڵی زۆر شپرزەن، بڕیاریدا، متمانە بە هەست و خەیاڵی خۆی نەکات. بەرە بەرە خاو بووەوە، هەستی دەکرد بارێکی قورسی بەسەر شانەوەیە. دڵی بە ئازارو بریندارە، دەروونی تەژی روندکی خنکاوی لە بن نەهاتوو بوو.

دووبارە لەسەر ئەو تەختەخەوە ڕاکشا کە کاترینا بۆی ئامادە کردبوو، دووبارە گوێی هەڵخست. گوێی لە دوو هەناسە بوو، یەکێکیان قورس و بە ئازارو نەخۆشانە و پچڕ پچڕ بوو، دووەمیان ئارام، بەڵام ئەویش شپرزە بوو، وەکو ئەوەبوو یەک سەدەم وهەڵچوون، هەردوو دڵەکەی بەو ئاوایە هێنابێتە ئەو کەلەجان و هەڵچوونە. هەندێجار لە ژوورەکەی تەنیشتەوە گوێی لە خشە خشی کراسەکەی کاترینا و خشپەی پێی دەبوو کە نەرم نەرم دادەخزی و ئەم خشپەیە لە دڵیا دەنگی دەدایەوە، دەنگدانەوەیەکی گۆنگ و بەئازار، ئازارێکی خۆش، ئەنجام وای هەستکرد، گوێی لە هەنسکی گریانە، لە ئاهو ناڵەیە، پاشان دووبارە دەنگی نوێژ و نزای هاتەوە گوێ. دەیزانی کاترینای (ژنە گەنجەکە) لە بەردەم ئەیکونە پیرۆزەکەدا بە چۆکدا هاتووەو هەردوو دەستی ناوەتە ناویەک و بەوپەڕی خەمینی و نائومێدییەوە هەڵیان دەگلۆفێت. ئەم ئافرەتە کێیە؟ ئەم لاڤەو پاڕانەوەیەی بۆ کێیە؟ ئەم پەرێشانیە بێ دەرمانەی لە چیەوەیە؟ دڵی چما هێندە خەمین و بە ئازارە.ئەم هەموو ڕوندکە سوێرو ئاگرینە لەکوێوە هەڵدەقوڵێت؟ دەستی کرد بە وەبیرهێنانەوەی قسەکانی ئەو. هەرچیەک ئەم خانمە بەوی گوتبوو، هێشتا وەکو ئاوازێکی دڵنەواز لە گوێیدا دەنگی دەدایەوە، بە سەدایەکی عاشقانەوە لە قوڵایی دڵیا دەنگی دەدایەوە. هەر وشەیەکی ئەو وەکو نوێژو نزا لە گوێیدا دووبارە دەبووەوە، خورپەیەکی کەڕو لاڵ، بە سوێ و ئازار دڵی دادەخورپاند. لە ناکاوا هەستی کرد هەموو ئەم شتانەی لە خەودا بینیوە. بەڵام کە دووبارە هەناسە گەرمەکانی، وشەکان و ماچەکەی ئەوی بیرکەوتنەوە دڵی داخورپا. هەنگێ ئوردینوف هەردوو چاوی نوقاندن و لەنێو چوو.. دەنگی زەنگی سەعاتێکی لە شوێنێکەوە هاتە گوێ. کات درەنگ بوو، دنیا تاریک بوو.

لە ناکاوا هەستی کرد کە کاترینا دووبارە هاتووەتە سەرینی و بەسەریا دانەویوەتەوە. چاوە جوان و گەش و سافەکانی، ساف وەکو ئاسمانی بێ کۆتایی لە نیوەڕۆیەکی فێنکی هاویندا، لە دوڕ چاوانی ئەم بڕیەوە. ئارامیەکی بەشکۆ ڕوخساری دەگەشاندەوە، زەردەخەنەکەی، ئۆخژێنی لە دڵ و دەروونی دەگێڕا، بە دڵسۆزییەکی هێندە پاک و بێ ڕیا بە سەریا دانەوی بووەوە کە بێئەوەی لەدەستی خۆیدا بێت، ناڵەیەکی شادی لە دڵە لاوازەکەیەوە بەرز بووەوە.

ئافرەتە گەنجەکە دەیویست قسەی لەگەڵدا بکات. لە تۆ وایە دەیویست بە ڕاوێژێکی میهرەبان ڕازێکی پێ بڵێت.. دووبارە وەکو ئەوە بوو کە ئاوازێکی دڵنەواز لە گوێیدا بزرنگێتەوە. ئەو هەوایەی لە هەناسەی نزیک و گەرمی ئەوەوە بەرز دەبووەوە، بە تاسەو تامەزرۆییەوە هەڵدەمژی. بە خەمینی و نیگەرانییەوە هەردوو دەستی درێژکرد، ئاهێکی هەڵکێشاو چاوی کردەوە.. کاترینا، لەبەر دەمیدا وەستا بوو، بەسەریا دانەوی بووەوە، ڕەنگ بە ڕوویەوە نەمابوو، نوقمی ڕوندک بووبوو، لە ترسا هەڵدەلەرزی. شتێکی بە ئوردینوف دەگوت، لێی دەپاڕایەوە، هەردوو دەستی خۆی هەڵدەگلۆفت و گازی لێدەگرتن. باوەشی بە ئوردینوف داکرد، خۆی بەسەر سینگ و بەرۆکیدا دا، سەراپای کاترینا دەلەرزی.

## بەشی دووەم

### (١)

ئوردینوف، کە ئیدی بە تەواوی بێدار بوو بووەوەو هێشتا کاترینا بە توندی باسکە گەرمەکانی لە قەدی ئالاندبوو، لە کاترینای پرسی:- چییە؟ چیتە کاترینا؟ چیتە خۆشەویستەکەم؟

کاترینا، چاوی داخستبوو، سەری بە هەنسکانەوە هەڵدەگیرا، ڕوخسارە گەرمەکەی لە سینگ و بەرۆکی ئوردینوفدا پەنهان کرد، بە بێدەنگی دەگریا. ماوەیەکی زۆر بەو دەقەوە مایەوەو نەیدەتوانی هیچ شتێک بڵێت، وەکو ئەوەی زۆر لە شتێک ترسا بێت، سەراپای وەکو بی ناو ئاو دەلەرزی. ئەنجام بە هانکە هانک، بە دەنگێکی نەوی کە بە زەحمەت دەبیسترا گوتی:- نازانم، خۆشم نازانم چۆن هاتوومەتە ئێرە، بۆلای تۆ..

کاترینا زیاترو توندتر خۆی بەوەوە نووساند، وەکو ئەوە بوو کە سۆزێکی مقاوەمەت ناپەزێر هەژاندبێتی. کەوتە ماچکردنی شان و مل، باسک و سینگی ئوردینوف. ئەنجام هەستی بە هەرەس و داڕوخان کرد، دەم و چاوی لەنێو هەردوودەستی نا، سەری نایە سەر ئەژنۆکانی.

ئوردینوف کە بەرگەی ئەم دیمەنەی نەدەگرت، بە پەلە هەڵیساندەوەو لەلای خۆیەوە دای نیشاند. ژنەی تاین لە شەرما دەمو چاوی سوور هەڵگەڕا، چاوە بە گریانەکانی لێی دەپاڕایەوەو داوای بوردنی لەو دەکرد، ئەو بزەیەی کە بە تۆپزی دەیخستە سەر لێوەکانی نەیدەتوانی ئەو هەستە تازەیەی کە بەسەر دڵیا زاڵ بوو بوو بشارێتەوە. پاشان وەکو ئەوە بوو دووبارە لە شتێک بترسێت: ئەوەتا بە دەستەکانی لە خۆی دووری دەخاتەوە، بە زەحمەت دەیتوانی تەمەشای ئوردینوف بکات، سەری داخستبوو، بە وشەێن پچڕ پچڕ و لەبن لێوانەوە وەڵامی پرسیارەکانی ئەوی دەدایەوە.

ئوردینوف لێی پرسی: چییە خەونی ناخۆشت دیتووە، یان زندە خەونی ترسناک؟ پێم بڵێ ئاخۆ ئەو ترساندووتی. ئەو وڕێنە دەکات، هۆشی بە خۆی نییە... ئاخۆ ئەو شتێکی گوتووە کە نەدەبوو تۆ گوێت لێبێت؟... هیچ شتێک لەو بابەتەی گوتووە؟

کاترینا، بە خورتی کەلەجانەکەی خۆی کۆنترۆڵ کردو گوتی:- نا، لە خەوا نەبووم. بە هیچ جۆرێ خەو نەدەچووە چاوم... خەوم زڕابوو.. ئەویش هیچی نەدەگوت. تەنیا یەک جار بانگی کردم. من چوووەمە دیاری و بانگم کرد. گوێی لێم نەبوو. حاڵی باش نییە. خوا ڕەحمی لێبکات هەنگێ نیگەرانییەکی تووند، ترسناک دایگرتم. بەردەوام دوعاو نزام دەکرد، نوێژو نزا، وێردو نزا.. ئیدی دووچاری ئەم حاڵەتە بووم.

- بەسە کاترینا گیان، بەسە حەیاتەکەم، گیانەکەم!.. ئەمە ترسی دوێشەوە.

- نا، من دوێشەو نەترسام.

- پێشتر شتی وات بەسەر هاتووە؟

- بەڵێ، هەندێجار.

دووبارە سەراپای کەوتە لەرزین، سەرلەنوێ ترس و لەرز دایگرتەوە، وەکو منداڵی ترساو خۆی بەوەوە نووساند، بەدەم هەنسک هەڵدانەوە گوتی:- دەبینی؟ لە خۆڕایی نەهاتووم بۆ لای تۆ، نەمدەتوانی چیتر بەتەنیا هەڵبکەم.

بەدەم ئەو قسانەوە، بە مناتارییەوە دووبارەی کردەوە:

–دەی ئیدی بەسە، تۆش مەگری، چما ڕوندک بۆ داماوی خەڵکانی دی دەڕێژیت. فرمێسکەکانت هەڵبگرە بۆ ڕۆژی تەنیایی خۆت. بۆ ڕۆژێ کە کەست بە دەورەوە نابێت، گوێ بگرە.. پێشتر کەست خۆش ویستووە، خۆشەویستیت کردووە؟

–نا، پێش تۆ کەسم خۆشنەویستووە...

– پێش من؟ مەگەر من ماشقەی تۆم؟

کاترینا بەدەم ئەو قسەیەوە لە ناکاوا، حایرو حەپەساو ڕوانیە ئوردینوف، دەیویست شتێک بڵێت. بەڵام هیچی نەوت و سەری داخست. هەنگێ بەرە بەرە ڕوخساری سوور هەڵگەڕا، چاوەکانی لە میانی ئەو روندکە هێشتا گەرم و لەبیرکراوانەوە کە بە برژانگەکانیەوە هەڵواسرا بوون، گەشانەوە، زیاتر گەشانەوە. دیار بوو پرسیارێک بەسەر لێوەکانیەوە تەتەڵەی دەکرد. یەک دوو جار نیگایەکی پڕ تامەزرۆی ئەوی کرد، پاشان لە ناکاوا دووبارە چاوی داخستەوە. گوتی:– نا، من ناتوانم یەکەمین ڤیانی تۆ بم.

ئەوسا سەرێکی بادا، بزەیەکی تازە ڕوخساری ڕوناک کردەوە، قسەکەی خۆی دووبارە کردەوە:– نا، نا..

سەرەنجام بەدەم پێکەنینەوە گوتی:– نە گیانە، من ناتوانم ڤیان وماشقەی تۆ بم! ئەوسا تەمەشایەکی ئوردینوفی کرد، خەمێکی قوڵ نیشتە سەر ڕوخساری، ترسێکی چاوەڕوان نەکراو نیشتە سەر هەموو سەرو سیمای. هەنگێ ئوردینوف هەستی بە بزەییەکی سەیر کرد،بەزەییەکی فام نەکری، بەزەییەکی نەخۆشی ئامێز، بە داخ و کەسەرێکی لە وەسف نەهاتگەوە ڕوانیە کاترینا.

کاترینا دەستەکانی ئوردینوفی بە هەردوو دەستان بە توندی گوشین، هەوڵیدا هەنیسکەکانی خۆی خەفە بکات، بە ڕاوێژێکی زەبوون گوتی: گوێبگرە، باش گوێبگرە ئازیزەکەی دڵم! هەوڵبدە جڵەوی سەرکێشی دڵت بگرە، واز لەم خۆشەویستییەی ئێستای من بێنە. بۆ خۆت باشترە. هەنگێ حاڵت باشتر دەبێت، باری دڵت سووکتر دەبێت، شادی دەکەوێتە دڵ و دەروونت، خۆت لە دژمنێکی ترسناک دەپارێزیت، لە بری ئەوە خوشکێکی دلۆڤان و میهرەبان پەیدا دەکەیت. هەر کاتێ بتەوێ دێم بۆ لات، وەکو جاران خۆشم دەوێی، هەنگێ لە خۆشەویستی خوشکانەی خۆم بەرانبەر بە تۆ شەرم ناکەم. مەگەر ئەو کاتەی زۆر نەخۆش بوویت و تایەکی گەرمت لێهاتبوو، دوو ڕۆژ بە

دیارتەوە نەبووم؟! تۆ دەبێت من بە خوشکی خۆت بزانیت. لە خۆڕاییی تۆم بە برای خۆم قەبوول نەکرد، لە خۆڕاییی لە پێناوی سەلامەتی تۆدا، نەکەوتمە خاک و پای مریەمی پاکیزە و لێی نەپاڕامەوە، ئەمەم لە خۆڕاییی نەکردووە! تۆ لە هەرکوێ بگەڕێی، هەموو دنیا بدەیە ژێر پێوە خوشکێکی وەکو من پەیدا ناکەیت، ئەگەر دڵت تینووی ڤیانە، هەرگیز ڤیانێکی وەکو ڤیانی من نادۆزیتەوە. من بە دڵم خۆشم دەوێیت، وەکو چۆن نها خۆشم دەوێیت، بۆ هەمیشە خۆشم دەوێیت، چونکە روحت پاکە، ڕوناکە، بێگەردە. چونکە کە یەکەمجار تۆم بینی یەکسەر دڵم خەبەری دا کە ماڵەکەی من قابیل بە تۆیە.تۆ ئەو میوانەی کە دڵم دەیەوێت. بۆیە بەڕێکەوت نەبوو کە تۆ بەپێی خۆت هاتیت بۆلای ئێمە. بۆیە خۆشم دەوێیت کە کاتێ تەمەشا دەکەیت، پرشنگی ڤیان و خۆشەویستی لە چاوانت دەبێتەوە، لە کانگای دڵەوە خەڵکی دەدوێنیت، کاتێ چاوەکانت شتێک دەڵێن، من یەکسەر لە هەموو نیازێکی دڵت تێدەگەم، بۆیە دەمەوێت گیان و ئازادی خۆم فیدای خۆشەویستی تۆ بکەم. چونکە ئەگەر کەسێک دڵی فەتح کردیت، زۆر خۆشە ببی بە کەنیزەکی ئەو کەسە... بەڵام ژیانی من موڵکی خۆم نییە. موڵکی کەسێکی دیکەیە. من ئازاد نیم، دیلم. بەڵام تۆ من بە خوشکی خۆت قەبووڵ بکە، ببە بە برام. ئەمجارە کە خەم و پەژارە دایگرتم، لە دڵی خۆتدا جێگەم بکەوە، بەڵام بە شێوەیەک جێم بکەوە کە هاتم بۆلات شەرمەزار نەبم، بێباک شەوێکی دوورو درێژ لە لات بمێنمەوە. گوێت لێبوو چیم گوت؟ دەرگای دڵتم بۆ دەکەیتەوە؟ عەقڵت قسەکانمی بڕیوە؟ کاترینا دەیویست شتێکی دیکە بڵێت. بەڵام نیگایەکی ئوردینوفی کرد، دەستی خستە سەر شانی، ئەوسا بە بێتاقەتی خۆی دا بەسەر سینگ و بەرۆکیا. لە هانکە هانک کەوت و سینەی کەوتە بەرز بوونەوەو نزم بوونەوە، ڕوخساری وەکو بولێڵی ئێوارێ سوور هەڵگەڕا.

ئوردینوف کە بەرچاوی لێڵ و هەناسەی تەنگ بوو بوو، لە بن لێوانەوە گوتی:- " حەیاتەکەم! گیانەکەمی!"ئیدی وای لێهات بوو خۆیشی نەیدەزانی چی دەڵێت. لە ترسا هەڵدەلەرزی کە نەبادا ئەوەی ڕووی دەدا کە زیاتر بە خەونی دەزانی تا بێداری، بە هەناسەیەکی ببێت بە واقیع و ڕیسەکەی لێ ببێتەوە بە خوری. بویەرەکان لە بەرچاویدا زۆر لێڵ و ئاڵۆز بوو، لە بن لێوانەوە گوتی:

-گیانەکەم.. من نازانم. لە قسەکانت تێناگەم.. لە بیرم نەماوە کە ساتێ لەمە پێش چیت پێگوتم. زەینم تاریک دەبێت. دڵم بە ئازارە.. تۆ فریشتەی منیت.. جگەرم خوێن دەدەڵێنێت...

کەلەجان دەنگی خەفەکرد. ئوردینوف هەستا، خۆی پێ نەدەگیرا، سۆزی دەروون بڕست و توانای لێبڕی بوو. لەبەردەم کاترینادا کەوتە سەر چۆکان، گریانێکی بە کوڵ لە ناخەوە دەی هەژاند. هەوڵیدا هەنیسکەکانی خەفە بکات، بەو حاڵەوە گوتی:- تۆ کێیت ئازیزی دڵەکەم؟ لە کوێوە هاتوویت کۆترەکەم؟ لە کام ئاسمانەوە دابەزیویت و لە سەربانەکەی من نیشتوویتەوە؟ منت بردۆتە دنیای خەونانەوە، باوەڕ ناکەم کە تۆ بەڕاستی هەبیت… لۆمەم مەکە.. ڕێم بدە با قسەی خۆم بکەم.. لە مێژە دەمەوێت قسە بکەم، دەمەوێت هەموو شتێکت پێ بڵێم.. تۆ کێیت؟ ئەی شادی دڵ و ڕوناکی چاوانم. تۆ چۆن ڕێگەی دڵت دۆزیمەوە؟ پێم بڵێ تۆ لە کەیەوە خوشکی دڵبەندی منیت؟ هەموو شتێکم بۆ بگێڕەوە. تا ئێستا لە کوێ بوویت؟ لەکوێ دەژیایت؟ ناوی ئەو شوێنەم پێ بڵێ کە لێی بوویت؟ لەوێ چ شتێکت بە دڵ بوو؟ بە چی دڵت خۆش دەبوو، بە چی خەمبار و پەست دەبوویت؟ هەوای ئەوێندەر گەرم بوو؟ ئاسمان ساف و سایەقە بوو؟ ئەو بوونەوەرانەی پەسەندی دڵت بوون کیهە بوون؟ کێ لە پێش مندا خۆشی ویستوویت؟ ئایا دایکێک هەبووە لە منداڵیدا بە لایەلایە خەواندبێتی؟ یان وەکو من لە دنیادا بەتەنیاو لە نێو بێگانانددا چاوت کردووەتەوە؟ خەونت بە چییەوە دەبینی، بیرت لە چی دەکردەوە؟ هیچ یەکێک لە خەونەکانت هاتوونەتە دی؟ خەونەکانی دیکەت چی بوون؟ هەموو شتێکم بۆ بگێڕەوە.. ئەو کەسە کێ بوو کە یەکەمجار دڵت بۆی لێیدا؟ چما دڵت بۆی لێیدا؟ بڵێ بزانم لە جیاتی دڵت چیت لە من دەوێت، چیت بدەمێ ئازیزەکەم، ڕوناکی ڕوح و گیان و ژیانم، خوشکەکەم پێم بێژە چۆن بتوانم دڵت بە دەست بێنم؟

دووبارە دەنگی گیرا، سەری لەبەر خۆ نا. لێ کە چاوی هەڵهێنایەوە سەراپای لە ترسێکی گۆنگ دا هاتە لەرزین، مووی لێنەدەبزووت.

کاترینا، مات و بێدەنگ دانیشتبوو، ڕەنگی مردووی لێنیشتبوو. چاوی بڕی بوونە ئاسمان. لێوەکانی وەکو لێوی مردوو شین هەڵگەڕا بوون، ئازارێکی گۆنگ لە چاوەکانیەوە سەری دەکرد. هەستا، بە لەقەلەق دوو هانگاوێک هاتە پێشەوە، بەدەم ناڵەیەکی دڵتەزێنەوە لەبەردەم ئەیکونە پیرۆزەکەدا بە چۆکا هات… وشەێن کورت و پچڕپچڕ بەدەم هەنیسک هەڵدانەوە لە زاری دەردەچوو . لە هۆش چوو. ئوردینوف بە هەشتاو وبە ترسەوە خۆی گەیاندێ، هەڵیگرتەوەو بردی و لەسەر جێگاکەی خۆی پاڵیخست، بە دیاریەوە وەستا، تیا مابوو چی بکات. دوای خولەکێک ئافرەتە گەنجەکە چاوی هەڵێنا، لەسەر جێگەکە دانیشت، چاوی بە دەورو بەردا گێڕا. دەستی ئوردینوفی گرت. بەرەو لای

خۆی ڕایکێشا. لەنێو لێوە زەردەکانیەوە ورتە ورتێکی کرد، بەڵام دەنگی توانای دەربڕینی نەبوو، ئەنجام ڕوندکی گەرم لە چاوانیەوە سەرڕێژ بوو، ڕژانە سەر دەستە ڕچیوەکانی ئوردینوف. ئەنجام کاترینا بە ترسەوە گوتی:- ئەم ئازارە سەختە چییە!... وا دیارە دوا دواییمە.

ویستی شتێکی دیکەش بڵێت، بەڵام زمانی قورس بوو، بە هانایەوە نەدەهات و نەیدەتوانی یەک وشەش بدرکێنێت. بە نائومێدییەوە دەیڕوانیە ئوردینوف کە لە سوێیاندا یەک وشەی لێ حاڵی نەدەبوو. ئوردینوف زیاتر بە سەریدا دانەوییەوەو گوێی بۆ هەڵخست... ئەنجام بە ڕوونی گوێی لەم قسانەی بوو:- من جادووم لێکراوە... ئەفسوون کراوم، روحمیان لەوتاندووە.. تیا چووم.. کارم کراوە..

ئوردینوف، سەری هەڵبڕی، حایر و حەپەساو تەمەشای کاترینای کرد. وێنایەکی دزێوی بۆ ساتێک بە مێشکا هات. کاترینا گرژییەکی بە سوێی لە ڕوخساری ئەودا خوێندەوەو گوتی: - بەڵێ ئەفسوون کراوم. کابرایەکی شەڕانی ئەفسوونی کردووم. ئەو بەختی سووتاندم، گومڕای کردووم. من ڕوحی خۆم پێی فرۆشت.. چما، تۆ چما باسی دایکت کردم ها چما دەتەوێت عەزابم بدەیت؟ خوا جەزات بداتەوە!

دوای تۆزێک کاترینا ئارام ئارام دەستی بە گریان کردو دڵی ئوردینوف بە توونددی لێی دەدا، بەدەم نیگەرانیەکی کوشندەوە دەیناڵاند.

کاترینا، بە ڕاوێژێکی خەفەو سەیرەوە لەسەری ڕۆیی:-ئەگەر مرد دێت بە سۆراغی ڕوحی منەوە... من موڵکی ئەوم... ڕوحم بەو فرۆشتووە.. عەزابی ڕوحی منی دەدا. شتی سەیری لە کتێبەکانیەوە بۆ دەخوێندمەوە. تەمەشا... ئەمە یەکێکە لە کتێبەکانی. فەرموو با بۆ تۆ بێ، بیخوێنەوە... دەڵێت گوایە من گوناحێکی گەورەو کوشندەم کردووە، تەمەشا.. تەمەشای بکە.. ئوردینوف، نەیزانی کە ئەو، ئەو کتێبەی لە کوێوە هێنا. بە شێوەیەکی میکانیکی کتێبەکەی لە دەستی وەرگرت. کتێبێکی دەستنووس بوو. لەو جۆرە کتێبە کۆنانە بوو کە ئیمانداراانی کۆن دەیانخوێندەوە، کە پێشتریش لەو جۆرە کتێبانەی لێرەو لەوێ بینی بوو. بەڵام ئوردینوف نها نەیدەتوانی تەمەشای هیچ شتێک بکات. نها هەموو هۆش و گۆشی لەلای کیژە گەنجەکە بوو. کتێبەکە لە دەستی بەر بووەوە. هەوڵیدەدا کاترینا هێور بکاتەوە، پێی گوت:-بەسە، بەسە! هیچ نییە ترساندویانیت، مەترسە، من لەگەڵتدام. متمانە بە من بکە، لەلای من بە گیانی گیانم، ڕووناکی و چرای ژیانم...

کاترینا توند دەستی ئەوی گوشی و گوتی:– تۆ هیچ نازانیت، هیچ! من هەمیشە واهیم... هەمیشە دەترسم. لە هەموو شتێک دەترسم. بەسە ئیدی بەسە. عەزابم مەدە.

پاش خولەکێک کاترینا نەفەسێکی تازە کردەوەو گریانەکەی خواردەوەو لەسەری ڕۆیشت: بەسە بەس، لەوەی پتر ئازارم مەدە، دەنا دەڕۆم بۆلای. زۆرجار بە قسەکانی دەمترسێنێت.. هەندێجار کتێبێک بە دەستەوە دەگرێت، ئەوەی لە هەموویان گەورەترە، هەندێ پەرەگرافی ئەو کتێبەم بۆ دەخوێنێتەوە... هەمیشە شتی زۆر قورس و ترسناکم بۆ دەخوێنیتەوە! نازانم چی دەخوێنێتەوە، لە هەموو وشەکان حاڵی نابم، بەڵام ترسم لێدێنێت؛ کە گوێم لە دەنگی دەبێت، وەکو ئەوەیە کە ئەو نەبێت، بەڵکو کەسێکی دیکە قسە بکات، کەسێکی دڵڕەش و بەدڕا، کەسێک کە قەت ڕام نەبێت، نەیەتە ڕام کردن. بەزەیی لە دڵدا نەبێت، تەنانەت بە پاڕانەوەش دڵی نەرم نەبێت. هەنگێ دڵم دەگوشرێت، گڕ دەگرێت.. حاڵەتێکی زۆر خراپم لێدێت!..

ئۆردینوف، کە خۆیشی نەیدەزانی چ دەڵێت گوتی:– مەچۆ بۆلای! چما دەچیت بۆ لای؟

–تۆ جارێ لە من بپرسە چما بۆلای تۆ هاتووم؛ بۆ خۆیشم دەزانم! بەردەوام پێم دەڵێت : " دوعا بخوێنە، تا دەتوانی سڵاوات بدە"

هەندێجار نیوەشەوان ڕادەبم، تا دەتوانم دوعا دەخوێنم، بە سەعاتان دوعا دەخوێنم! زۆرجار بەدەم وێردو سەڵاواتەوە خەو دەمباتەوە، بەڵام دووبارە لە ترسا ڕادەپەڕم. هەمیشە لە ترسا بێدار دەبمەوە. لەو ساتانەدا هەستدەکەم زریان دەورم دەگرێت و بەڵام بەسەردا دەبارێت و دەیانەوێت پارچە پارچەم بکەن، هەستدەکەم وەلیان و پیاو چاکان گوێ لە دوعاو نزاکانم ناگرن و لەم ئازارە ترسناکەم ناخەلەسێنن، وەکو ئەوەیە جەستەم لە ژەهراوی ڕوندکدا بتوێتەوە..هەنگێ دووبارە دەست بە نوێژو نزا دەکەمەوە، هێندە دوعا دەکەم تا مریەمی پاکیزە لە ئەیکۆنەکەیەوە بە جۆرە میهرو دلۆڤانیەکەوە تەمەشام بکات. هەنگێ ڕادەبم، دەچمە ناو جێگاکەمەوەو دەخەوم، ئاگام لە عەمری دنیا دەبڕێت. خۆ هەندێجار لەسەر ئەرزەکەو لەبەردەم ئەیکونەکەدا، بە چۆکا دێم و خەو دەمباتەوە. بەڵام هەندێجاریش ئەو ڕادەبێت، گازم دەکات و دڵخۆشیم دەداتەوە، نەوازشم دەکات هەنگێ باری دڵم سووکتر دەبێت، دڵم خۆش دەبێت هەستدەکەم بەرگەی هەر بەڵایەک دەگرم. هەر کاتێ لەگەڵ ئەودا بم، هەست بە ترس ناکەم، قسەکانی زۆر وزەبەخشن.

ئۆردینوف، بەوپەڕی نائومێدی و نیگەرانیەوە پرسی:–باشە تۆ چیتە، چ بەڵایەکت بەسەردا هاتووە؟

کاترینا، سپی هەڵگەڕا، ڕەنگی بوو بە جاوی سپی. وەکو کەسێکی مەحکووم بە ئیعدام کە هیچ ئومێدێکی بەخشینی نەبێت بە نا ئومێدییەوە تەمەشای ئەوی کرد. گوتی:- چ بەڵایەکم بەسەر هاتووە؟! من کیژێکی نەفرەت لێکراوم، دایکم بە نەفرەتی کردووم... چونکە من کوشتم... من دایکی خۆم کوشتووە.

ئوردینوف بێئەوەی هیچ قسەیەک بکات. تووند باوەشی پێیدا کرد. کاترینا خۆی پێوە نووساند. ئوردینوف هەستیکرد تەزوویەک بە سەراپای ئافرەتە گەنجەکەدا هات، هەستیکرد ڕوحی دەیەوێت لە جەستەی جیا ببێتەوە.

کاترینا بە دەم یادەوەرییە کۆن و وێنا خەیاڵیەکانی ڕابردوویەوە، ئەو ڕابردووەی کە قابیلی زندوو بوونەوە نەبوو، بە نیگەرانیەوە گوتی:- من ئەوم بە خاکی سارد و ڕەش سپارد. لە مێژ بوو دەمویست قسە بکەم، دان بە هەموو شتێکدا بنەم، بەڵام ئەو هەمیشە ڕێگەی لێدەگرتم، هەندێجار بە نوێژو نزا، هەندێجار بە لۆمەو گازنان یان بە هەڕو گیڤ. هەندێجار بە خۆی، زۆر دژمنانە، دژمنانەتر لە سەرسەختترین دژمن، ئازاری دەدام... ئیدی هەموو ئەو بیرانە وەکو دوێشەو لە زەینمدا زندوو دەبنەوە.. گوێ بگرە گوێ... ئەم بویەرە زۆر کۆنە، ئەوەندە کۆنە کە من نها بیرم نایەت کەی بوو، بەڵام وەکو ئەوەیە کە دوێنێ ڕووی دابێت.. وەکو خەونێکە دوێنێ بینی بێتم، وەکو خەونەکەی دوێشەوم، ئەو خەونەی کە دڵی پارچە پارچە کردم، خوێنی ژەهراوی کردم. دەزانی ئەگەر خەمت هەبێت، کات ناڕوات، شەو لە کۆتایی نایەت. دانیشە، وەرە لەلای منەوە دانیشە، چیرۆکی ئازاری خۆمت لە سیری تا پیازی بۆ دەگێڕمەوە. کێشە نییە کە بە نەفرەت کراوم... تا تۆش وەکو دایکم بە نەفرەتم بکەیت... چش هەموو ژیانی خۆمت بۆ دەگێڕمەوە.

ئوردینوف، ویستی لەم کارەی ژێوان بکاتەوە، نەیەڵێت چیرۆکی ژیانی بۆ بگێڕێتەوە، بەڵام کاترینا لێی پاڕایەوە کە بە تەواوی کەیفی دڵییەوە گوێ لە قسەکانی بگرێت و جارێکی دی و بە کەلەجانێکی زیاتر لە جاران کەوتە قسەکردن. ئەو چیرۆکەی دەیگێڕایەوە زۆر پچڕ پچڕ بوو. قسەکانی ڕەنگدانەوەی نیگەرانیەکانی ناخی بوو. بەڵام ئوردینوف لە هەموو شتێک حاڵی دەبوو، چونکە نها ژیانی خۆشەویستەکەی بوو بوو بە ژیانی ئەویش، دەردی ئەو دەردی خۆی بوو. چونکە نها دژمنەکەی خۆی بە ئاشکرا دەبینی، لەگەڵ هەر وشەیەکی کاتریناداا لەبەر چاویا گەورەتر دەینواند و بەرجەستەتر دەبوو.وەکو ئەوە بوو گاڵتەی بە تووڕەبوونی ئەم بێت، ئیدی

نیگەرانی زۆری بۆ دێنا، خوێنی دەهاتە جۆش، بیرو هزری تاریک دەبوو.. ئەو پیرەمێردەی کە لە خەودا دیتبووی( ئوردینوف لەو باوەڕەدا بوو کە لە خەوندا دیتویەتی) نها بە ئاشکرا دەیبینی.

کاترینا، بەم جۆرە دەستی بە گێڕانەوەی چیرۆکەکەی کرد: "شەوێک بوو وەکو ئەمشەو تاریک بەڵام ترسناکتر. گژە بایەکی ئەوتۆ لە جەنگەڵەکەدا هەڵیکرد کە لە ژیانمدا گژەبای وەهام نەبینی بوو.. یان من وام خەیاڵ دەکرد، چونکە ئەو شەوە هەمان شەوی یەکەمی بەڵاو نەگبەتیەکەی من بوو. بایەکە هێندە توونت بوو کە ئەو دار بەڕووە بەتەمەنەی بەردەم پەنجەرەکەی شکاند.. پیرەمێردێکی پۆڕسپی، بێکەس و کار، کە زۆرجار بۆ گەدایی دەهاتە کارخانەکەی مە، دەیگوت بە منداڵی ئەو دار بەڕووەی دیتووە کە ئەوساش وەکو ئەو شەوەی بایەکە لەناو قەدەوە شکاندی، گەورەو ئەستوور بوو... لەو شەوەدا، لە هەمان شەودا، هەموو شتێکم لەبیرە، وا دەزانم دوێنێ ڕووی داوە، زریان و با هۆزەکە کەشتیەکانی بابمی تێکشکاند و لە ڤولگادا نقوم بوون. کە ڕاوچیەکان ئەو هەواڵەیان بۆ بابم هێنا، بابم هەرچەندە نەخۆش بوو، یەکسەر هەستاو بە هەشتاو(پەلە) چوو بۆ کەناری ڤولگا. من و دایکم بەتەنیا ماینەوە.. من لە شەکەتیدا خۆم بە پێوە نەدەگرت، مەستی خەو بووم. من خەمبار و لێو بەبار بە کوڵ دەگریام.. دەمزانی بۆ... دایکم ماوەیەکی کەم بوو نەخۆش کەوتبوو، ڕەنگ بە ڕوویەوە نەما بوو، هەر سا ناساتێ دەیدا بە گوێمدا، کە پێویستە کفنەکەی بۆ ئامادە بکەم.. نیوە شەو بوو، لە ناکاوا دەنگی دەرگا بەرز بووەوە. خێرا لە جێگای خۆم ڕاپەڕیم. لە ترسا دڵم کەوتە خرپە خرپ. دایکم هاواریکرد، بەڵام من گوێم نەدایێ... دەترسام. فانۆسەکەم هەڵگرت و چووم تا دەرگاکە بکەمەوە.. ئەو بوو. من ترسام. هەرکاتێ بۆ ماڵمان دەهات من دەترسام. من لە منداڵییەوە ، لەو ڕۆژەوە کە فامم کردبووەوە هەمیشە لەو دەترسام. هەنگێ تاقەداوێکی سەری سپی نەبوو بوو. ڕدێنی وەکو قیر ڕەش بوو، چاوەکانی وەکو دوو پشکۆی ئاگر دەدرەوشانەوە. نیگا کردنەکەی ترسناااک بوو... تا ئەو کاتە تاقە جارێکیش بە میهرەبانی تەمەشای نەکردبووم. لێی پرسیم: " دایکت لە ماڵەوەیە؟". دەرگاکەم داخست و گوتم: " بابم لە ماڵ نییە" ئەو گوتی: " دەزانم بابت لە ماڵ نییە" لە ناکاوا تەمەشایەکی کردم، چ نیگایەک! ئەوە یەکەمجار بوو کە بەو ئاوایە تەمەشام بکات . من کەوتمە ڕێ. ئەو لەجێی خۆی وەستا. لە دڵی خۆدا گوتم: " چما نایەت؟" چووینە ژوورەوە. لێی پرسیم: " چما کە پرسیم دایکت لە ماڵە، وەڵامت دایەوە کە بابت لە ماڵ نییە؟" من هیچم نەگوت.

دایکم کە ئەوی بینی وشک بوو. بەرەو ئەو تەکانی دا. بەڵام ئەو هەر تەمەشایشی نەکرد، من هەموو ئەو شتانەم دەبینی. کابرا سەراپا تەڕ بوو، لە سەرما دەلەرزی، دیار بوو شەستو ڕەهێڵە گرتبووی، پێدەچوو بیست فرسەخەرێ بە بەر باراندا هاتبێت. نە دایکم و نە من شتاقمان نەماندەزانی لە کوێوە هاتووە! نۆ هەفتە بوو نەمان بینی بوو. کڵاوەکەی تووڕ دایە سووچێکەوەو پاشان دەستکێشەکانی داکەندن. ئەم کابرایە قەت لە بەردەم ئەیکوناندا بە چۆکا نەدەهات و نە نوێژو نزای دەکرد، نە کاتێ کە دەهاتە ژورەوە وەکو هەر میوانێک سڵاوی لە دایکم کە خاوەن ماڵ بوو دەکرد.. لە نزیکی موغەیریەکە ڕۆنیشت..

کاترینا دەستێکی بە ڕوخساری خۆیدا هێنا، لە تۆ وایە شتێک دەست دەنێتە بینی، دەیەوێت بیخنکێنێت . پاش خولەکێک سەری هەڵبڕی و لەسەر گێڕانەوەی چیرۆکەکەی بەردەوام بوو:بە تاتاری کەوتە ئاخاوتن لەگەڵ دایکمدا. دایکم زمانی تاتاری دەزانی. بەڵام من تاقە وشەیەک لە ئاخاوتنەکەیان حاڵی نەدەبووم. جاران کە دەهات منیان بە بیانوویەک بۆ شوێنێک دەنارد. بەڵام ئەمجارە دایکم نەوێرا تاقە وشەیەک بە منی کیژی خۆی بڵێت، شەیتان ڕوحی کڕی بووم و من بەم شتە خۆشحاڵ بووم و بە شانازیەوە تەمەشای دایکم دەکرد. سەیرم کرد بەدەم ئاخاوتنەکەیانەوە تەمەشای من دەکەن، بۆم دەرکەوت کە باسی من دەکەن... دایکم لە ناکاوا دەستی بە گریان کرد... کابرام بینی دەستی دایە خەنجەر، ئەمە یەکەمجاری نەبوو، چەند جارێکی دیکەش وەختایەک لەگەڵ دایکمدا دەئاخفی ، بەبەرچاوی منەوە دەستی لێدەدایە خەنجەر. من هەستام و دەستم خستە بەر پشتێنەکەی. دەمویست ئەو خەنجەرە نەعلەتیەی لە دەست دەربێنم. خودی شەیتان بوو. ددانەکانی جیڕ کردنەوەو هاواریکرد، ویستی من لە خۆی دوور بخاتەوە... مستێکی بە سینگمدا کێشا، بەڵام دوور نەکەوتمەوە.پێم وابوو هەرلەوێدا دەمرم... تەمێک بەرچاوی گرتم. بە بێئەوەی هیچ قسەیەک بکەم کەوتمە سەر ئەرزەکە... ئەوەندەی بینابیم بڕی کرد، بەو حاڵەوە تەمەشام کرد.. پشتێنەکەی کردەوە، قۆڵی هەمان ئەو دەستەی کە کێشا بووی بە سینگی مندا، هەڵکردو دەستی دایە خەنجەرەکەو گوتی: " هانێ بیگرە، دەستم ببڕەوە، قینی دڵت بەسەر دەستی مندا بڕێژە، چونکە من خراپەم لەگەڵ تۆدا کرد، من، منی لەخۆبایی بەسەر لاقتدا دەکەوم." خەنجەرەکەم خستوەتەوە نێو کێلانەکەی.. گریان ئەوکی گرتبووم... خەریک بوو دەخنکام... بەڵام لە خۆم نەدەگرت هەر تەمەشاشی بکەم. لەبیرمە بزەیەکم هاتێ. نیگایەکی توند و ڕاستەو ڕاستی چاوە خەمینەکانی داکم کرد، چاوم لە دور چاوە خەمناکەکانی بڕی... دایکم ڕۆنیشتبوو، ڕەنگی زەرد، لە ڕەنگی مردوو دەچوو."

ئوردینوف، بە وریاییەوە گوێی لەم چیرۆکە پەریشان و پچڕ پچڕە دەگرت، بەڵام نیگەرانیەکەی کاترینا بەرەبەرە دادەمرکایەوەو دەڕەوییەوە. دەم و ڕاوێژەکەی هێورتر دەبووەوە. بیرەوەریانی ڕابردوو، پەرێشانی ژنەی بێنەوای دەڕەواندەوە. دەریای خەمی ئارام کردەوەو گەڕایەوە سەر گێڕانەوەی چیرۆکەکەی: "ئاقیبەت کڵاوەکەی هەڵگرت و بەبێ خاترخوازی ڕۆیی. من سەر لەنوێ فانۆسەکەم هەڵگرت و تا لە جیاتی دایکم، هەرچەندە نەخۆش بوو و دەیویست بەڕێی بکات، بە ڕێی بکەم. گەیشتینە بەر دەرگای دەرەوە. من بێدەنگ بووم. دەرگاکەم کردەوە، سەگەکانم دەرکرد. تەمەشایەکم کرد، کڵاوەکەی داکەند و کڕنۆشی بۆ هێنام. ئەوسا دەستی کرد بە بەرکی ئێلەگەکەیدا، قوتویەکی بەرگ مەخمەڵی سووری دەرهێنا. قوتوەکەی کردەوە. پڕ بوو لە مرواری درشت. هەموو مرواریەکانی دا بە من و گوتی: " من لەم نزیکانەدا ماشقەیەکم هەیە، کیژێکی زۆر جوانە، ئەم مرواریانەم بۆ ئەو دەبرد، بەڵام تەواو بۆ ئەوی نابەم. با بۆ تۆ بن کیژی جوان، بیکە بە خۆتا تا جوانیەکەت باڵکێشتر بێت. یان بیانخە ژێرپێتەوەو بیان پلیشێنەوە ئەگەر ناتەوێن" من مرواریەکانم لێی وەرگرت، بەڵام نەم خستنە ژێر پێوە. وەرم گرت، بەڵام خۆیشم نەمزانی چما وەرم گرت. بۆ ژوورەکە زڤڕیمەوە، مرواریەکانم لە سەر مێزەکەی بەردەم دایکم دانا.

دایکە داماوەکەم مودەتێک بێدەنگ بوو، ڕەنگی بوو بوو بە جاوی سپی. پێدەچوو بترسێت شتێک بە من بڵێت. ئەوسا گوتی: " ئەمە چییە کچۆڵەکەم؟" بەرسڤم دایەوە: " بۆ تۆیە، کابرای بازرگان هێنا بووی... من نازانم..." تەمەشام کرد، دەستی بە پەڵمە گریان کرد. هەناسەی تەنگ بوو گوتی: " نا، ئەمە بۆ من نییە کاترینا، ئەمەی بۆ تۆ هێناوە، بۆ تۆی نالەبار و شڕندە. نەک بۆ من!" ئێستاش لەبیرمە بەدەم ئەو قسانەوە چ خەمێک نیشتە سەر ڕوخساری. وەکو ئەوە بوو دڵی بەر خەنجەر بدرێت. سەرم هەڵبڕی. دەمویست خۆم باوێژمە سەر لاقی. بەڵام شەیتان چووە بن کلێشەمەوەو لە ناکاوا گوتم: " ئەگەر بۆ تۆ نەبێت، دیارە هی باوکمە و وەختایەک هاتەوە دەیدەمێ. پێی دەڵێم بازرگانانێک هاتبوون و ئەمەیان لێرە بەجێهێشت..." هەنگێ دایکم لە هۆڕژنی گریانی داو گوتی: " نا، من خۆم پێی دەڵێم کە ئەو بازرگانەی کە هاتبوو کێ بوو، و بۆ کڕینی چ کاڵایەک هاتبوو... پێی دەڵێم کە تۆی توخمە حەرام کچێ چ پیاوێکی! لە ئێستا بەدواوە تۆ کیژی من نیت! تۆ مارێکی خۆش خەت و خاڵیت! تۆ کیژێکی بە نەعلەت کراوی دایکی خۆتی، ئیلاهی خێر لە خۆت نەبینیت کیژێ!" من هیچم نەگوت. تاقە ڕوندکێکیش نەزاییە چاوم. وەکو ئەوە بوو کونی فرمێسکم گیرابێت. گەڕامەوە بۆ ژوورەکەی خۆم، تاکو بەیانی گوێم بۆ گڤە گڤی زریان و باهۆزەکە ڕادێرا، لە فکران ڕاچووم..

پێنج ڕۆژ بووری، ئێوارەی ڕۆژی پێنجەم بابم هاتەوە. چارەی دابوو بەیەکدا، ڕوخساری گرژو مۆن بوو! ئینسان دەترسا لێی بچێتە پێشەوە، یان تەمەشای بکات. لە ڕێگا نەخۆشیەکەی زیاتر بوو بوو. خۆی بە پێوە نەدەگرت تایەکی ئاگرینی لێهاتبوو، دەستی کردبووە ملی. ئیدی بۆم بە دیارکەوت کە لە ڕێگەدا تووشی دژمنەکەی بووە. من دەمزانی دژمنەکەی چییە. نەخۆشی کردبووە بەڵای گیانی. من ئەم دژمنەیم دەناسی . هەموو شتێکم دەزانی. بابم یەک قسەشی لەگەڵ دایکمدا نەکرد. لە منیشی نەپرسی. هەموو خزمەتگوزاران و کرێکارانی کارخانەکەی کۆ کردەوە. دەستوری دا کارخانەکە بخەوێنن، ماڵەکە لە چاوی بەد بپارێزن. لەو ساتەدا دڵم خەبەری دا کە بەڵایەک بە دەوری ماڵەکەماندا دەسوڕێتەوە. ئیدی بەدەم چاوەڕوانییەوە دانیشتین. شەو بە خاوی دەڕۆیی، ئیدی باو بۆران بوو. نیگەرانیەکی بەترەف دڵی غەزوو دەکردم. پەنجەرەکەم کردەوە. دەمو چاوم گڕی لێدەبووەوە، ڕوندک وەکو بارانی بەهار لە چاوانم دەباری. دڵم بێ ئۆقرە بوو. ئازات لەشم گەرم، وەکو پشکۆ دەسووتا. دەمویست بچمە دەرێ، لەو ژوورە تاریک و تەنگە هەڵێم، بڕۆم، بڕۆم بۆ ئەوپەڕی دنیا، بۆ ئەو شوێنەی کە سەرچاوەی باو بۆران و بروسکە بوو. سینگم لێی دەدا، دەلەرزیم. لە پڕ هەستم کرد درەنگە، لە خەوێکی قووڵ بێدار بوومەوە... یان خەو نەبوو، بەڵکو شتێک بوو لە نێوان خەو و بێداریدا، وەکو ئەوە بوو تەمێک نیشتبێتە سەر ڕوحم و بیرکردنەوەی شێواند بم. لە پڕ گوێم بەدەنگێک زرینگایەوە، کەسێک لە پەنجەرەکەی دەدام و دەیگوت:" بیکەرەوە." تەمەشام کرد، پیاوێک بە پەتێک سەرکەوتبوو هەتا بنی پەنجەرەکەی من هاتبوو. یەکسەر ناسیمەوە. پەنجەرەکەم کردەوەو ڕێگەم دا کە بێتە ژوورەکەمەوە. ئەو بوو. کڵاوەکەی دانەکەند. لەسەر تەختێک ڕۆنیشت، هانکە هانکی پێکەوتبوو، هەناسەی بە ئاسانی دەر نەدەچوو، وەکو یەکێک بوو ڕاوە دوونرابێت. من لە سوچێکدا وەستا بووم، هەستم دەکرد کە ڕەنگم بە ڕووەوە نەماوە. پرسی: "بابت لە ماڵە؟" گوتم: " بەڵێ". گوتی: " ئەدی دایکت؟" گوتم: " ئەویش." گوتی: " نها بێدەنگ بە. گوێت لە شتێک هەیە؟" گوتم: " گوێم لێیە." گوتی: " گوێت لە چییە؟" گوتم : " لەژێر ئەم پەنجەرەیەوە لوورەی بایەکە دێت." گوتی: " دەی باشە نها گەرەکتە سەری دژمنەکەت بە بادا بدەیت، کچی جوان؟ دەتەوێت بابت گاز بکەیت و ڕوحم دەر بێنیت؟ من لە ئەمرو ڕای تۆدام، کیژی نەشمیل. فەرموو ئەو پەتە بگرە، ئەگەر دڵت دەیەوێت، دەست و پێم ببەستەو بەڕەڤانی لە ئابڕووی خۆت بکە!" من بێدەنگ بووم گوتی: " چما قسە ناکەیت؟ کیژی جوان قسە بکە." پرسیم : " تۆچیت دەوێت؟" گوتی: " چیم دەوێت؟ دەمەوێت لە دژمنەکەم بخەلەسم. دەمەوێت ڤیانە کۆنەکەم بە خاک بسپێرم و گیانم لە قەبەڵی ڤیانێکی تازەو گەنجی وەکو تۆ بکەم." من لە

قاقای پێکەنینم دا، خۆیشم نەمزانی چۆن ئەو وشە گوماناویانە چوونە دڵمەوە. هەستاو گوتی: " دەیسا ڕێم بدە جوانێ گیان با بچینە خوارەوەو بایەکی باڵی خۆمان بدەین. سڵاوێک لە دایک و بابت بکەم." سەراپام کەوتە لەرزین، ددانم کەوتە چۆقە چوق. دڵم گەرم داهات، دەتگوت پشکۆی ئاگرە. چووم دەرگام بۆ کردەوە، وەختایەک لە ئاستانەی دەرگاکە بووری، قوتووە مرواریەکەم بۆ توڕداو گوتم: " فەرموو ئەوە هەڵماتەکانت، ئیدی دیاریم بۆ نەیەنیت ها!"

کاترینا، بێدەنگ بوو تا هەناسەیەک تازە بکاتەوە. جارێ دەلەرزی و ڕەنگی زەرد دەبوو، جارێ ڕوخساری سووری سوور دەبووەوە. ئەمجارە کە هەڵوەستەیەکی کردو لە قسە وەستا ڕوخساری سوور بووەوە، چاوەکانی لەمیانی برژانگە ڕوندک ئامێزەکانیەوە دەدرەوشانەوە، هانکە هانکی پێکەوتبوو، سینگی بەدەم هەناسە بڕکێوە شەپۆلی دەدا. بەڵام لە لە ناکاوا، ڕەنگی زەرد هەڵگەڕاو بە ڕاوویژێکی خەمین گوتی: " .... هەنگێ بەتەنیا مامەوە، هەستم دەکرد گیرۆدەی گژە بایەک بووم... لە ناکاوا گوێم بە هاوار زرینگایەوە.... کرێکارانی کارخانەکە غاریان دەداو هاواریان دەکرد: "کارخانەکە دەسووتێت!" من لە هەمان جێگا مامەوە، خۆم لە سووچێکدا پەنادا. هەمووان لەماڵەکە دەرکەوتن... تەنیا من و دایکم لە ماڵەکەدا ماینەوە. دەمزانی لەسەرە مەرگدایە، سێ شەو و ڕۆژ بوو لەسەر جێگەی مەرگ کەوتبووە ئاویلکە. منی نالەباری کیژە نەفرەت لێکراوەکەی ئەمەم دەزانی و هیچم بۆ نەدەکرد... لە ناکاوا لە ژێر پەنجەرەی ژوورەکەمەوە دەنگێک بەرز بووەوە.. دەنگێکی نەوی، وەکو دەنگی منداڵێک کە خەونی ناخۆشی دیتبێت و لە خەو ڕاپەڕی بێت. ئەوسا هەموو شتێک هێور بووەوە. من مۆمەکەم کوژاندەوە. ئیدی تاریکیەکی تەزی دەوری دام، دەتگوت لەناو سەهۆڵبەنداندام. ڕوخسارم لەناو هەردوو دەستم نا. نەدەوێرام تەمەشا بکەم. ئەوسا لە ناکاوا گوێم لە هاوارێکی نزیک بوو، خەڵکی بوون لە کارخانەکەوە بە هەڵەداوان دەهاتن. لە پەنجەرەکەوە تەمەشای خوارەوەم کرد. سەیرم کرد باوکم مردووەو خستوویانەتە سەرشان و بۆ ماڵەوەی دێننەوە. گوێم لێبوو کە هەمووان پێکەوە دەیانگوت:

" لەسەر نەردەوانەکەوە پێی خزی و کەوتە نێو مەنجەڵە ئاوەکەوە، کە ئاوەکەی لە کوڵ و لە جۆشبوو! وەکو ئەوەبوو شەیتان دەڵەکی دابێت!" من خۆم بە تەختەخەوەکەوە نووساندو بەدەم چاوەڕوانییەوە جوڵەم لە خۆ بڕی بوو. نازانم چاوەڕوانی چ کەسێک و چ شتێک بووم... لەبیرمە هەنگێ لەپڕا سەرم قورس بوو. بەڕاستی ساتێکی دژوار بوو، نازانم چەند بەدەم چاوەڕوانییەوە مامەوە. ئەوەندەم لە یادە کە لەناکاوا هەستم کرد ڕەوشم خەریکە خراپ دەبێت. سەرم قورس بوو

بوو، مەنگ بووم، چاوم لە دووکەڵدا دەسووتایەوە. خۆشحاڵ بووم بەوەی کە مردنم نزیکە. هەنگیٚ هەستم کرد یەکێک لە شانم نەویوەو هەڵمدەستێنێت.. بە گوێرەی توانا چاوم هەڵێناو تەمەشام کرد. لە تاریکیەکەدا ئەوم بینی، جلەکانی سووتا بوو، بە ڕادەیەک گەرم بوون کە دەستم سووتا. دووکەڵیان لیٚ هەڵدەستا. گوتی: " هاتووم بە دووی تۆدا جوانیٚ. من ڕوحم لە قەبەڵی تۆ کردووە، لە پێناوی تۆدا داناوە. ڕوحی من بە هیچ نوێژو نزایەک لەم شەوە ڕەش و شوومە نەجاتی نابێت، بە هیچ شتێک ڕزگار نابم، تەنیا بەوە نەبێت کە پێکەوە، بە دوو قۆڵی نوێژو نزا بکەین!"هەنگیٚ پێکەنینێکی مەلعونانەی بۆکرد! گوتی: " نها ڕێگەیەکم نیشانبدە کە چۆن لێرە دەرباز بین بێئەوەی کەس بمان بینێت؟" دەستیم گرت و ڕێنوێنیم کرد. لە پلیکانەکانەوە دابەزین، لە ڕاڕەوەکەوە تێپەڕین. کلیلەکانم پێبوو. دەرگای کۆگاکەم کردەوەو پەنجەرەکەم نیشاندا، پەنجەرەکە دەیڕوانیە سەر باخچەکە. هەنگیٚ باوەشی پێدا کردم، دەستەکانی زۆر بەهێز بوون، بە منەوە لە پەنجەرەکەوە خۆی هەڵدایە خوارەوە... دەست لەنێو دەست کەوتینە غاردان تا لەماڵ دوور کەوتینەوە. مودەتێکی زۆر غارمان دا تا گەیینە لێڕەوارەکە. لێرەکە تاریک و نوتەک بوو. لەوێندەر وەستاو گوێی هەڵخست. گوتی: "کاترینا لە دوومانن. تاقیبمان دەکەن نەشمیلەکەم! هێشتا ئەجەلمان نەهاتووە. ماچم بکە گیانەکەم، لەڕای ڤیانی ئەبەدی، لە پێناوی شادمانی هەمیشەییدا، ماچم بکە!" پێم گوت: " چما دەستەکانت خوێناوین؟" گوتی: " خوێن؟ گیانەکەم.. چونکە سەگەکانتم سەربڕی. زۆر دەوەڕین، وا نەبوایە لە وەڕین نەدەکەوتن.. میوان و بێگانەیان نەدەناسی. با بڕۆین گیانەکەم." دووبارە پێمان وەغارێوە نا. لەناکاوا، لە ڕێگەدا ئەسپەکەی بابمان بینی، ئەسپەکە هەسارەکەی پچڕی بوو، لە تەویلەکە هەڵاتبوو تا خۆی لە ئاگرەکە دەرباز بکات. گوتی: " کاترین وەرە لەگەڵ مندا سوار بە، ئەمە خوا بۆی ناردووین!"

من بێدەنگ بووم. گوتی: " ناتەویٚ سواربیت؟ چما؟ خۆ من ڕۆژهەڵاتی نیم، لات وایە شەیتانم؟ ئەگەر حەز دەکەیت بە بەرچاوی خۆتەوە نیشانەی خاچ دەکێشم." ئەوسا نیشانەی خاچی کێشا. هەنگیٚ خۆی هەڵدایە سەر ئەسپەکەو منی هەڵداشتە تەرکی ئەسپە بۆرە. من خۆم بەوەوە نووساند، هەرچیەکم لە دەوروبەر بوو، هەر هەموویم فەرامۆشکرد. وەکو ئەوە بوو خەون ببینم.. کاتیٚ وەخۆ هاتمەوە سەیرم کرد لە کەنار ڕووبارێکی بەرین.. بەرین وەستاوین، ڕوبارەکە هێندە بەرین بوو کە رەخەکەی دیکەی دیار نەبوو، منی لە ئەسپەکە داگرت، ئەوسا خۆی دابەزی، خۆی بە نەیجەزارێکی کەناری ڕووبارەکەدا کرد. بەلەمێکی لەنێو قامیشەڵانەکەدا شاردبووەوە. دەستێکی بە گەردنی ئەسپەکەدا هێناو گوتی: "خوات لەگەڵ ئەسپە نەجیبەکەم. هەڕە ئیدی بۆخۆت خاوەنێکی

دیکە پەیدا بکە. خاوەنە کۆنەکانت چیتر پێویستیان بە تۆ نییە" من بە میهرەبانییەوە خۆم دا بەسەر ئەسپەکەی بابمدا، خۆم بە گەردنیەوە هەڵواسی، ڕوخسارم لە پێستە ساف و لووسەکەی هەڵسوو، تێر ماچم کردو گوتم لە ئەمانی خودادا بیت. ئەوسا سواری بەلەمەکە بووین. دەستی دایە هەردوو سەوڵەکە، زۆری پینەچوو کە کەنارەکەمان لێ دیار نەما. کە بەو ڕادەیە دوورکەوتینەوە سەوڵەکانی داناو کەوتە هەڵڕوانین بە دەوری خۆیدا. ڕووی لە ڕووبارەکە کردو گوتی: "سڵاو لە تۆ ئەی ڕوباری مەزن، ئەی دایکی دلۆڤان، تۆی کە بەندەکانی خوا پاراو دەکەیت، هەر تۆی نانەدەری هەموو دنیاو من! پێم بێژە لە غیابی مندا موڵک وماڵەکەمت باش پاراستووە؟ ئەمانەتەکەمت باش پاراستووە؟" من بە کزی سەرم لەبەر خۆنا، ڕووخسارم لە شەرما سوور بووەوە، لە بن لێوانەوە گوتی: " هەرچیم هەیە بیبە. بەڵام سۆزم (بەڵێن) بدەیە کە مرواریەکانم کە بە هیچ نرخێ لە کڕین نایەت، بپارێزیت و لە ملی بکەیت." ئەوسا ڕووی کردە من و گوتی: " ئاخر کیژی جوان دە تۆش قسەیەک بکە! چما مات و بێدەنگ دانیشتوویت؟ تۆ هەتاوی منیت! تیشکی یەک زەردە خەنەت لە پشت ئەم هەورو هەڵا تۆفان زایەوە بۆ من فڕێبکە، تاریکی ئەم شەوە ڕەشە بە پرشنگێکی نیگات بۆ من ڕۆشن بکەوە." بەدەم ئەو قسانەوە بزەیەکی بۆ کرد، زیاتر لە ژارخەن دەچوو.ئەوەم لەبەر گران بوو. دەمویست شتێک بڵێم، بەڵام زاتم نەدەکرد. بێدەنگ بووم. کە شەرم وبێدەنگیەکەی منی بینی گوتی: " بە کەیفی خۆت، بەدڵی خۆت، هیچ شتێک بە خورتی نابێت. خودا ئاگادارت بێت کۆترەکەم! دڵی کیژێکی وەکو تۆ بە خورتی نایەتە نەرم کردن، بە خوات دەسپێرم. تۆ کیژێکی لەخۆباییت، تۆ فریشتەی جوانیت، تۆ کۆتری سپیت. دیارە زۆرت ڕق لە منە.. یان لەبەر چاوە شینەکانت خۆشەویست نیم.." من بەدەم گوێگرتنەوە لەو قسانە، ڕقم هەڵدەستا. ڕقێک کە ڕەگی لە خۆشەویستیدا بوو.. بەهەرحاڵ ئەنجام بەسەر هەڵچوونەکەی خۆما زاڵ بووم و گوتم:" نازانم خۆشم دەوێیت یان نا. بەڵێ، بەهەرحاڵ بۆیە ڕقم لێتە چونکە تۆ لە شەوێکی تاریکدا پاکیزەگی کچێکی پاکت لەوتاند کە دەرگای ژوورەکەی بۆ کردیتەوە، ئەو ژوورەی کە سومبولی پاکی و پەرستگەی پاکیزەگی بوو، بەرگەی ڤیانی خۆی نەگرت و ڕوحی پاکی بە گوناحێکی ڕەش فرۆشت.. هێشتا بەدڵم، دڵی کیژۆڵەیەک پێدەکەنیت.."

ئەو قسەیەم کردو ئیدی خۆم پێنەگیراو ڕوندک زاییە چاوم. گریام ئەمما گریان! ئەوسا کڕ بووم. بەڵام ئەو کەمێک بێدەنگ بوو، ئەوسا تەمەشایەکی کردم، من خۆم پێنەگیرا، وەکو گەڵای وەریوی بەردەم با دەلەرزیم. هەنگێ بە چاوانی پرشنگدارەوە گوتی: " گوێ بگرە کچی جوان! ئەو قسەیەی دەیکەم، بۆش و بەتاڵ نییە، هی ڕابواردن نییە، بەڵکو جدییە، بەڵێنە بەڵێنی پیاوان؛ تا ئەو کاتەی

خۆشت بوێم شادم بکەی، بملاوێنیت، لەگەڵتا دەبم. پشتیوانت دەکەم، بەڵام هەر کاتێ دەستبەردار بوویت، چیتر خۆشت نەویستم، پێویست بەوە ناکات بیانوو بدۆزیتەوە، پاساو بێنیتەوە، تەنیا ئاماژەیەکی برۆ ناسکەکانت، نیگایەکی چاوە کەژاڵەکانت، تاقە تەکانێکی ناسکە پەنجەکەتم بەسە بۆ ئەوەی عەشق و ڤیانەکەت فەرامۆش بکەم و ئازادیت بۆ بگێڕمەوە. بەڵام ئەوە بزانە ئەی جوانی لەخۆبایی و ئەی دڵڕەقەکەی من، کە ئەو سەعاتە دوا سەعاتی تەمەنی من دەبێت!"کە گوێم لەو قسانە بوو، تەزوویەکی سەیر سەراپای داگرتم.

کاترینا، لێرەدا، بە هۆی کەلەجانی توندەوە لە ئاخاوتن کەوت. هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا، بیرۆکەی تازەی بە مێشکدا هات و ژارخەنێک نیشتە سەر لێوی و ویستی درێژە بە ئاخاوتنەکەی بدات. بەڵام نیگای درەخشانی لە نیگا ئاگرینەکەی ئوردینوف کە بڕی بوویە ئەو هەڵەنگوت. کە ئوردینوفی بینی سەراپای کەوتە لەرزین، دەیویست شتێک بڵێت، بەڵام ڕوو و ڕوخساری سوور هەڵگەڕا . حایرو حەپەساو، ڕووخساری لەنێو هەردوو دەستی ناو، خۆی دا بەسەر سەرینەکەیدا.

ئوردینوف زۆر نیگەران بوو. هەستێکی بەسوێ، زۆر بە ئازار و لە توانا بەدەر وەکو ژەهر بە دەمارەکانیا دەهات و دەچوو، لەگەڵ هەر وشەیەکی تازەی چیرۆکەکەی کاتریننادا زیاتر دەبوو. مەیلێکی ناکام، ئارەزوویەکی سەرکێش هەستەکانی پەرێشان کردبوو، لە هەمان کاتدا خەمێکی قوڵ و بێ پایان دەنیشتە سەر دڵی و بەرەبەرە زیادو زیاتر دەبوو. هەندێجار، کاتێ کاترینا چیرۆکەکەی دەگێڕایەوە، ویستبووی هاوار بکات و داوای لێبکات کە بێدەنگ ببێت. ئوردینوف دەیویست خۆی باوێتە سەر لاقی، بە پاڕانەوەو چاوی بەگریانەوە تکای لێبکات کە ئازارەکانی پێشوو و شەوق و تاسەی پاک و عاشقانەی ئەو بۆ ئەو بگێڕێتەوە، حەیفێ ڕوندکەکانی ڕابردووی دەخواردەوەو کە مخابن نها وشک بوو بوونەوە. ئوردینوف بەزەیی بەو ڕوندکانەی کاتریننادا دەهاتەوە کە لەمێژ بوو وشک بوو بوونەوە. دڵی زۆر دەیەشاو غەرقی خوێن بوو. هیچ شتێک لە قسەکانی کاترینا حاڵی نەبوو. بە دڵ لەو سۆزوگودازە دەترسا کە ڕوحی ئەم ژنە کڵۆڵ و داماوەی پەرێشان دەکرد.ئیدی لەو ساتەدا نەفرەتی لە ڤیانی خۆی دەکرد، ئەم عەشق و ڤیانە خەریک بوو دەیخنکاند، هەستی دەکرد لە جیاتی خوێن، قورقوشم بە دەمارەکانیدا دێت و دەچێت.

کاترینا، لە ناکاوا سەری هەڵبڕی و گوتی: هەڵبەتە بەدبەختی و کڵۆڵییەکەی من لەو شتانەدا نییە کە تا نها بۆم گێڕاویتەوە. دەردو ئازاری ئەسڵی من ئەمە نییە. نیگەرانی من لە شتێکی دیکەیە. ئەوە گرینگ نییە کە دایکم لەسەرە مەرگا بە نەفرەتی کردم! ئەگەر چی لە هەموو دنیادا جگە لەو هیچ

دایکێکی دیکەم نییە! چبکەم کە لەو سەعاتەی کۆتایی تەمەنیدا، بەدەم ئاوزینگی تاڵەوە بە نەفرەتی کردم! من خەفەت بۆ ژیانی زێڕینی ڕابردووم ناخۆم! گرینگ نییە کە خۆم ملم بۆ خەتاو تاوانێک دا، کە لە پێناوی یەک ساتی شادی و لەزەت، خەتایەکی هەمیشەییم بە کۆڵدا داوە! گرینگ نییە کە ڕوحم بە شەیتان فرۆشت و ڕادەستی تاریکی بووم و لەڕای لەزەتێکی کورتدا، باری گوناحم دا بە کۆڵدا؟ بەدبەختی و دەردی من لەم شتانەدا نییە، هەرچەندە لەم ڕێگەیەوە دووچاری عەزابی هەمیشەیی بووم.خەم و دەردو ئازاری گەورەو تاڵی من، ئەوەی کە دڵم پڕ خوێن دەکات، ڕوحم وێران دەکات ئەمەیە کە بووم بە کۆیلەیەکی پاکیزەی دۆڕاوی ئەو. ئەمەیە کە شەرمەزاری و ڕیسوایی بۆ منی بێ ئابڕوو بووە بەشتێکی خۆش، دڵەی بێعارم لەزەت لەبیر هێنانەوەی ڕیسواییەکەم دەبینێت، لەزەت لەوە دەبینم. دەردی من ئەوەیە کە ناتوانم تووڕە بم، ڕقم لەو خراپەیە ببێتەوە کە بەرانبەرم کراوە!..

ژنەی داماو هەناسەی سوار بوو، هەنسک و هەڵچوون قسەکەی پێبڕی، هەناسە گەرم و پچڕ پچڕەکەی خەریک بوو لێوە وشکەکانی دەسووتاندو سینگ و بەرۆکی بەدەم هانکە هانکەوە شەپۆلی دەدا. ڕقێکی سەرکێش لە چاوەکانیدا پرشنگی دەدا. بەڵام ئەم پرشنگە جوانیەکی ئەفسوناوی ئەوتۆی بە ڕوو و ڕووخساری کاترینا دەبەخشی کە یەکسەر هەموو هەستە تاریکەکانی لە دڵ و دەروونی ئوردینوف ڕەواندەوە. دڵی حەزی دەکرد ئاوێتەی دڵی کاترینا ببێت و لە دەست لە ملانێیەکی شێتانەدا لە یەکدا بتوێنەوەو پێکەوە بمرن. نیگای کاتریناله نیگای پەشێو وپەریشانی ئۆردینۆف هەڵەنگوت،کاترینا بزەیەکی بۆ کرد کە ئاگری دڵی ئوردینوفی دووچەنانە کرد. ئوردینوف خەریک بوو لە خۆ دەچوو. ئوردینوف سەری لە کاترینا بردە پێشەوە، دەستی خستە سەر شانی، بەڕادەیەک سەری بردە پێشەوە کە هەناسەیان تێکەڵاو بوو. بە خورتی دەنگی خۆی نزم کردەوەو گوتی: " ڕەحم بە حاڵما بکە. بەزەییەکت بە حاڵمدا بێتەوە، مەیەڵە بمرم. تۆ منت فەوتان، تە ئەز حەلاندم! من چم داوە لە بەدبەختی تۆ، لە ئازاری تۆ تێناگەم، ڕوحت پەریشان کردووم... من چۆن دەتوانم لەوە تێبگەم کە ڕوحی تۆ ئازار دەدات.. پێم بڵێ دەتەوێت چیت بۆ بکەم. لە تۆ وتن، لە من جێبەجێ کردن وەرە با بەیەکەوە بڕۆین. وەرە مەمکوژە. ژیانم بەفیرۆ مەدە؟..

کاترینا مات و بێدەنگ چاوانی ڕیبوونە ئەو. ڕوندک بەسەر گۆنا گەرمەکانیەوە وشک بوو بووەوە. ویستی ئوردینوف هێور بکاتەوە، دەستی گرت، ویستی شتێکی پێبڵێت، لێ وشەی لێ چوونە قاتی.

بزەیەکی سەیر بەرەبەرە نیشتە سەر لێوەکانی. پێدەچوو ، خەندەیەک لەپشت ئەم بزەیەوە هەبێت و بیەوێت خۆی بنوێنێت.

ئەنجام بە دەنگێکی پچڕ پچڕ، لەبن لێوانەوە گوتی:- بەڵام هێشتا هەموو شتێکم بۆ نەگێڕاویتەوە... بوەستە، هێشتا زۆر شتی دی ماوە بۆتی بگێڕمەوە... باشە تۆ گوێ لەمن دەگریت؟ گوێ لە چیرۆکی خوشکەکەت بگرە. ئاخر تۆ هێشتا بەشێکی بچووکی ئەو بەڵا کوشندەیە نازانیت کە بەسەر ئەم خوشکەتدا هاتووە. دەمەوێت ئەوەت بۆ بگێڕمەوە کە چۆن یەک ساڵ لەگەڵیدا ژیام. بەهەرحاڵ ساڵەکە ڕۆی و بڕایەوە، هەنگێ لەگەڵ هاوڕێکانیدا چوونە سەفەر، بە ڕووبارا سەفەریان کرد. من لەلای زڕ دایکەکەی مامەوە. ئیدی چاو لە دەریا چاوەڕوانم کرد. چاوەڕوانی درێژەی کێشا، مانگێ، دووان، سیان چاوەڕوانم کرد. ڕۆژێک تووشی بازرگانێکی گەنج بووم... کە تەمەشای بازرگانە گەنجەکەم کرد.. یادی ساڵە خۆشەکانی جارانم لە دڵدا زندوو بووەوە. بازرگانە گەنجەکە پشتی یەک دوو وشە پێی گوتم: " دۆستە ئازیزەکەم.. من ئالیوشام.. دەزگیرانی منداڵیت. کەس و کارمان لە منداڵییەوە بۆ یەکتریان دانا بووین. لەبیرت کردووم؟ خۆ من و تۆ خەڵکی یەک گوندین!" گوتم: " لەوێ، لەو گوندە چۆن باسی من دەکەن؟" ئالیوشا بە پێکەنینەوە گوتی:" دەتەوێت چ بڵێن؟ شتی دێهاتیانە دەڵێن.. دەڵێن تۆ تووشی کەچڕەوی بوویت، ڕێگەی نادروستت هەڵبژاردووە. پاکیزەگی و کچێنی خۆت بە ئاوا داوە، تێکەڵاوی کابرایەکی پیاوکوژی ڕێگر بوویت و لەگەڵ ئەودا دەژیت." پرسیم: "دەی ئالیوشا بڵێ بزانم تۆ، خۆت، لە پاشملە چیت بە من دەگوت؟"گوتی: "من کە گەییمە ئێرە دەمویست زۆر شت بڵێم. ( شڵەژا)و لەسەری ڕۆیی: لێ نها کە تۆ دەبینم خەریکە دڵم دەتەقێت، زمانم ناگەڕێت تۆ منت فەوتاند، وەرە ڕوحم بکڕەو بیبە.. تۆ هەقت بەسەرمەوە هەیە ئازیزەکەم، کیژە جوانەکەم. تۆ بۆت هەیە گاڵتە بە دڵی من، بە ڤیانی من بکەیت. نها من هەتیو کەوتووم. داک و بابم نییە. چارەنووسم بەدەستی خۆمە. ڕوحم هی خۆمە. بە کەسم نەداوە. وەکو ئەو خەڵکانەی کە سۆزو پەیمانی خۆیان لەبیر کردووە، نەم فرۆشتووە. ڕوحی من بۆ فرۆشتن نییە، لە فرۆشتن نایەت. دەیخەمە بەرپێت.." من دەستم بە پێکەنین کرد، ئەو چەندین جاری دی قسەکانی دووبارە کردەوە. یەک مانگی تەواو لێرە مایەوە، دەستبەرداری کار و کاسبی بوو. کرێکارەکانی مەرەخەس کرد، وازی لە کەس و کار هێنا، تەنیاو بێکەس مایەوە، بەزەییم بە ڕوندکەکانیدا، بە ڕوندکی بێکەسی دا هاتەوە. پێم گوت: " ئالیوشا، کە شەو داهات لە خوارەوە، لەبار ئەندازەکەدا چاوەڕوانم بکە. لەگەڵتدا دێم. بۆ هەر کوێیەکت بوێ لەگەڵت دێم! لە ژیانی ئێرە وەڕەز بووم."شەو داهات، بەرو بوخچەم ئامادە کرد . دڵم کەوتبووە خورپە خورپ.

ئاوڕێکم دایەوە، سەیرم کرد ئاغام لە پڕا پەیدا بوو، خۆیشم نەمزانی لە کوێوە پەیدا بوو. گوتی: "سڵاو. خێراکە با بڕۆین. کەش و هەواکەی باش نییە، ئەمشەو زریان هەڵدەکات. دەبێت خێرا فریا بکەوین." دووی کەوتم. گەیینە کەنار ڕووبارەکە. تا شوێنی کەشتییەکانمان ڕێگەیەکی دوور بوو. دنیا تاریک بوو. هەڵمانڕوانی، لە دوورەوە بەلەمێکمان بە دیکرد، بەلەمەوانەکەی ئاشنا دەهاتە بەرچاو. دیار بوو چاوەڕوانی کەسێک بوو. ئاغام (مێردەکەم) گوتی: " سڵاو ئالیوشا، خوا قوەتت بدات! چما لێرە وەستاویت؟ دەتەوێت خۆت بگەیەنیتە کەشتیەکان؟ دەی زەحمەت نەبێت ئێمەش؛ من و ژنەکەم بگەیەنە جێ، بەلەمەکەم لەوێندەر ڕاگرتووە، ناتوانم بە مەلە خۆم بگەیەنمە ماڵەوە!" ئالیوشا گوتی: "باشە سوار بن! هەواکەی باش نییە، لە ماڵەکەی مندا جێگە هەیە، جێگەی هەردووکتان دەبێتەوە! ماڵی خۆتانە!" کە گوێم لە دەنگی بوو، ژان چووە دڵمەوە. لە بەلەمەکەدا ڕۆنیشتین، شەو تاریکی کرد. ستێران ئاوا بوون. با هەڵیکرد، ڕووبارەکە کەوتە شەپۆلدان. نزیکەی فرسەخێک لە کەنارەکە دوور کەوتبووینەوە، هەرسێکمان بێدەنگ بووین. ئاغام گوتی: " چ گەرداوێکە! بە عەمراتم گەرداو و زریانی وام لەم ڕوبارەدا نەدیتووە! ئەم بەلەمە بچووکە، بۆ سێ نەفەر نابێت، بارەکەی قورسە، نامان گەیەنێتە ماڵەوە. یەکێکمان زیادە." ئالیوشا گوتی: "بەڵێ، تەحەمولی سێ کەس ناکات، یەکێکمان زیادە." بەدەم ئەو قسانەوە دەنگی وەکو داوێکی شل دەلەرزی. ئاغام گوتی: "ئالیوشا من دەمێکە تۆ دەناسم، هێشتا زۆر منداڵ بوویت. لەگەڵ بابت دا وەکو برا بووین، نان و نمەکمان لە نێواندا بوو. بڵێ بزانم دەتوانیت بە مەلە خۆت بگەیەنیتە کەنارەکە؟ یان ئەگەر ئەو کارە بکەی تیا دەچیت؟" ئالیوشا گوتی: " نا... بەمەلە ناتوانم، تیا دەچم، لە ڕوبارەکەدا دەمرم."

- کەواتە کوڕی باش! ڕەحمەت لە بابت.. هیچ خویا نییە چ بەڵایەکەت بەسەردا دێت. چ دەکەیت؟ نقوم دەبیت؟

- ئاشکرایە نقوم دەبم، تیا دەچم! من پیاوی مەیدانی ئەم زریان و تۆفانە نیم!

ئاغام گوتی:"نها گوێ بگرە کاترینای جوان، دوڕی یەک دانە. من لەبیرمە شەوێکی دیکەی وەکو ئەمشەوە دیسان گیرۆدەی تۆفان بوو بووین. بەڵام ئەو شەوە شەپۆلەکان وەکو ئێستا بەرز نەبوون، ستێران بە ئاسمانەوە دەدرەوشانەوە، مانگیش بە حەوێقی ئاسمانەوە بوو.. دەمەوێت لێت بپرسم: " ئەو شەوەت لەبیر ماوە؟" وتم: " بەڵێ، لەبیرمە!" گوتی:- " ئەگەر لەبیرت بێت، پێدڤیە قەول و قەرارەکەشمانت لە بیر بێت! هەمان ئەو قسانەی کە ئەو گەنجە بێباکەی بەو کیژە جوان و

بەدەوەی گوتبوو کە وەختایەک لە عاشقەکەی تێر بوو چ بکات تا ئازادی خۆی بە دەست بێنێتەوە.. ها؟ " گوتم: "بەڵێ ئەوەشم لەبیرە." گوتی: " کەواتە ئەگەر لە بیرت نەچووە، تەمەشا بکە.. لەنێو ئەم بەلەمەدا کە یەکێکمان زیادە دەبێت بڕوات، ئەجەلی یەکێکمان هاتووە. قسە بکە کۆترەکەم. بە زمانە کۆترانەکەت بڵێ، گۆرانی مەحەبەتت بڵێ، با گوێم لە دەنگە خۆشەکەت بێت.."

کاترینا ڕەنگی سپی بوو. بە ئەسپایی بە ئوردینوفی گوت: " بەڵام من قسەم نەکرد..."

قسەکەی تەواو نەکرد، کە دەنگێکی کپ لە ناکاوا لە پشتیانەوە گوتی:- کاترینا!

ئوردینوف، ڕاچڵەکی و لەجێی خۆی ڕاپەری. مورین لە ئاستانەی دەرگاکەدا وەستا بوو. ڕەنگی زەرد دەتگوت مردووە، پەتۆیەکی بە شانیدا دابوو، بە نیگایەکی کێویانەی تووڕە وەکو شێتان تەمەشای ئەمانی دەکرد. کاترینا لە جاران پتر ڕەنگی سپی بوو، وەکو یەکێک هیپنوتیزە کرابێت زەق زەق ڕوانیە ئەو.

کابرای پیر، بە ڕاوێژێک کە بە ئەستەم دەبیسترا گوتی: کاترینا وەرە بۆلای من.

و لە ژوورەکە وەدەرکەوت.

کاترینا بێدەنگ بوو، هێشتا چاوی بڕی بووە هەمان شوێن، لە تۆ وایە کابرای پیر هێشتا هەر لەو شوێنەبێت. بەڵام لە ناکاوا ڕوخساری سوورهەڵگەڕا، گۆنا زەردەکانی سوور بوونەوە. ئوردینوف، یەکەمین دیداریانی بیر کەوتەوە.

کاترینا بەدەم بزەیەکی سەیرەوە گوتی:- کەواتە بە دوعا فرمێسکەکانم، تا سبەی بە دوعا. بەڵام لەبیرت بێ لە گێڕانەوەی چیرۆکەکەدا گەیی بووینە کوێ..." کچی جوان لە نێوان ئێمەدا یەکێکمان هەڵبژێرە، کیهەمانت خۆشدەوێت و کیهەمانت خۆشناوێت.." لەبیرت نەچێت گەیی بووینە ئێرە.

هەنگێ دەستی خستە سەر شانی ئوردینوف و بە نیگایەکی میهرئامێزەوە، لەسەری ڕۆیی: " لەبیرت دەمێنێت؟ دەبێت شەوێکی دیکە چاوەڕوان بکەیت."

ئوردینوف کە خەمی کاتریناى بوو و لە ترسا دەلەرزی. لە بن لێوانەوە گوتی:- کاترینا مەڕۆ بۆلای ئەو! مەڕۆ خۆت بە فەوتان مەدە. ئەم کابرایە شێتە!

کابرای پیر لە پشت تیغە دیوارەکەوە هاواریکرد:- کاترینا!

کاترینا، بە پێکەنینەوە لە ئوردینوفی پرسی:- چییە؟ پێت وایە دەمکوژێت؟ شەو باش ئازیزەکەی دڵم، خۆشەویستەکەم، ئەی کۆترە میهرەبان و دڵسۆزەکەم، ئەی برای گیانی بە گیانیم!

بەدەم ئەو قسانەوە، عاشقانە سەری لە سینگی ئوردینوف هەڵدەسوو. لە ناکاوا ڕوندک وەکو بارانی بوهار لە چاویەوە کەوتە دابارین. ئەوسا گوتی:- ئەمە دوایەمین ڕوندکی منە. بنوو گیانەکەم، خەم و پەژارەکانت فەرامۆش بکە. سبەی بەیانی هەتاو بە ڕووتەوە پێدەکەنێت.

و هەنگێ ماچێکی گەرمی کرد.

ئوردینوف، لەبەر دەمیا بە چۆکدا هات، هەوڵیدەدا کە ڕایگرێت و نەیەڵێت بڕوات بۆلای پیرەمێرد. لە بن لێوانەوە گوتی: کاترینا، کاترینا، کاترینا!

کاترینا، بە پێکەنینەوە سەرێکی بۆ لەقاند و لە ژوورەکە وەدەرکەوت.

ئوردینوف گوێی لێبوو کە خۆی بە ژوورەکەی موریندا کرد، هەناسەی لە خۆی بڕی و گوێی هەڵخست، بەڵام هیچ دەنگێکی نەهاتە گوێ. پیرەمێرد بێدەنگ بوو. یان لەگین بوو دووبارە لە خۆ چووبێت..

ئوردینوف دەیویست بە سۆراغی کاتریناوە بچێت، بەڵام لاقەکانی لە دووی نەدەچوون... هەستی بە بێتاقەتیەکی زۆر کرد. ئیدی لەسەر تەختەخەوەکەی ڕۆنیشت.

## (٢)

وەختایەک لە خەو ڕابوو، تا ماوەیەکی زۆر نەیدەزانی کات چ کاتێکی شەو یان ڕۆژە! کازیوەیە یان شەوەکی؟ ژوورەکەی هێشتا تاریک بوو. نەیدەزانی چەند خەوتووە. بەڵام هەستی دەکرد کە خەوەکەی خەوی بابایەکی نەخۆش بووەو تێر خەو نەبووە. کە ڕابوو دەستێکی بە سەرو ڕوخساریدا هێنا. وەکو ئەوە بیەوێت شوێنەواری خەونە ئاجڕو باجڕەکانی شەوێ لە خۆی بتارێنێت. بەڵام کاتێ ویستی پێ بنێتە سەر عاردی هەستیکرد سەراپای کوتراوەو دەسەڵاتی بەسەر ئەندامە ماندووەکانی جەستەیدا ناشکێت. سەری دەیەشاو بە گێژەوە دەچوو. جارێ لەرزی لێدەهات و جارێ تا. کە وەخۆ هاتەوەیادگەشی بوژایەوە، کە بویەرەکانی شەوی ڕابردووی لە خەیاڵداندا زندوو بوونەوە، بە جۆرێ دڵی داخورپا، وەکو ئەوە بوو، کاترینا هەمووی یەک خولەک

بێ ئەمی جێ هێشتبێت. هەستیکرد ڕوندکەکانی هێشتا وشک نەبوونەتەوە. یان ئەمە فرمێسکی تازەیەو لەسەرچاوەی ڕوحە گەرمەکەیەوە هەڵدەقوڵێت! سەیر ئەوە بوو کە ئەم ئازارو کول و کۆڤانەی بە لاوە خۆش و بەلەزەت بوو. هەرچەندە هەستی دەکرد کە لەوە بێتاقەتترە کە چیتر بەرگەی ئەم ئازارو شۆکە بگرێت. کار گەییە ئەوەی هەست بکات ئەجەلی نزیک بووەتەوەو ئامادە بوو وەکو میوانێکی خۆشەویست پێشوازی لێبکات. لە کەلەجانێکی زۆر دژواردا بوو، ڕوحی بە جۆرێ هاتبووە جۆش، چیوای نەما بوو لە کەفلەکونێکدا بتەقێتەوەو بۆ هەتا هەتایە دابمرکێتەوە.

تەقریبەن لە هەمان ساتدا، گوێی بە دەنگێکی ئاشنا زرینگایەوە، وەکو ئەوە بوو وەلام و ڕەنگدانەوەی نیگەرانیەکەی بێت ، وەلامکۆی دڵە لەرزەکەی بێت. دەنگدانەوەی ئەو موزیکە دەروونیە بێت کە لە کاتی خۆشی و شادیدا لە دڵی هەر مرۆڤێکدا دەنگدەداتەوە. ئەو دەنگە، دەنگی کاترینا، دەنگی زیوینی کاترینا بوو کە لە نزیکەوە، لە ژوور سەرییەوە بە دەنگێکی ناسک و خەمین دەستی بە گۆرانیەک کردبوو، دەنگێک هەندێجار بەرز دەبووەوەو هەندێجار نەوی دەبووەوەو هێدی هێدی بەرەو کووژانەوە دەچوو. ئەوسا دەلەرییەوەو لە شێوەی زنجیرە شەپۆلێکی ئاوازێن بێ کۆتایی، وەکو هەوەڵین ساتی شادمانی ڤیان لە دڵیا دەنگی دەدایەوە. ئوردینوف، لە میانی ئەم ئاوازانەوە وشەکانی گۆرانیەکەشی دەناسینەوە: بریتی بوون کە وشەین سادە، هەڵقولاوی کانگای دڵ کە گوزارشتیان لە سۆزێکی بێگەرد، ساف و ڕۆشن، دوور لە هەر جۆرە ڕیاییەک. بەلام ئوردینوف، وشەو پەیڤەکانی فەرامۆش دەکرد، جگە لە ئاوازە شیرین و خۆشەکان هیچی دیکەی نەدەژنەوت. تۆنی سادەو بێگەردی ئەم گۆرانی و ئاوازە، وشەی دیکەی لە دڵیدا دەپشکواند، پەیڤانێک کە لە شەوق و تاسەی دڵیەوە هەڵدەقولا. پەیڤانێک کە گۆشە پەنهان و گۆنگەکانی عەشق و ڤیانەکەی کە بە خۆیشی پەی پێ نەدەبردو لێی غافڵ بوو ئاشکرا دەکرد.پەیڤانێک کە بە هانایەوە بێت و بتوانێت بە ڕوونی و ڕەوانی باسی دڵدارەکەی پێبکات. هەندێجار دوایەمین ناڵەی دڵێکی دەژنەوت کە لە گڕی ڤیاندا دەسووتاو دەمرد، دەمردو زندوو دەبووەوە، هەندێجار شادی و ئازادی ڕوحێکی هەوسار پچڕیوی بە دیدەکرد کە بە تەکانێک خۆی بە دەروونی بێ پایانی ئۆقیانووسی عەشق و ڤیانێکدا دەکرد کە سنووری هەموو حەرامێکی بڕی بوو. هەندێجار گوێی لە سوێندی کیژۆڵەیەک دەبوو کە بەدەم دوعاو ڕوندکەوەو لە بن لێوانەوە، بە شەرم و شکۆوە سۆزو پەیمانی بە دڵدارەکەی دەدا. هەندێجار بە نەفەسی ژنێکی مەستەوە، نەفەسێک بە گوێرەی خۆی لەخۆبایی و سەرمەست، نەفەسێکی ئاشکراو گۆساخ و بێباک لە پەردەو بەدەر لە هەر ڕەمزو ڕازێک، کە بە خەندەی نورانی و نیگای گۆساخ و مەستانە دێتە نیشاندان.

ئوردینوف، نەیتوانی لەوەی پتر چاوەڕوانی کۆتایی ئەم ئاوازو گۆرانیە بکات، لەسەر جێگاکەی هەستا. لە پڕ دەنگی گۆرانیەکە بڕا. گوێی لە دەنگی ئاهەنگینی کاترینا بوو کە دەیگوت:- بەیانیت باش خۆشەویستەکەم. ڕابە. وەرە بۆلای ئێمە. ڕابە، وەرەو ژوورەکەمان بە شادی ڕوناک بکەرەوە. من و ئاغام چاوەڕوانی تۆین. ئێمە خەڵکانی باشین. هەرچیەکت بوێت بۆتی دەکەین. ئاگری ڕق و کینە بە خۆشەویستی بکوژێنەوە. دەمت بە گوتەیەکی دۆستانە شیرین بکە..!

ئوردینوف لە ژوورەکە وەدەرکەوت و بەدەم دەعوەتەکەی کاتریناوە چوو. خۆیشی نەیزانی چۆن خۆی بە ماڵی دراوسێکەیدا کرد. دەرگاکەی لەبەر دەمدا ڤەبوو. بزەیەک ڕووخساری خانمە جوانەکەی خاوەن ماڵەکە وەکو هەتاو ڕوناک کردەوە. لەو ساتەدا جگە لە کاترین نە کەسی بینی و نە گوێی لە کەسی دی بوو. لەو ساتەدا هەموو ژیانی، هەموو شادییەکی لە یەک وێنەدا بەرجەستە بوو، ئەویش وێنە خەندەران و نورانیەکەی کاترینا بوو.

کاترینا، بە گەرمی دەستی گوشی و گوتی:- دوو ڕۆژە یەکمان نەدیتووە. وا ڕۆژی دووەمیش گەییە ئێوارە. لە پەنجەرەکەوە تەمەشا بکە.

ئەوسا بەدەم بزەیەکەوە لەسەری ڕۆیی:- دوو ڕۆژ وەکو بولێڵەی بەیانی خۆشەویستی لەلای کچێک. یەکەمیان سووری شەرمە بە گۆنایەوە، کاتێ کە دڵی بۆ یەکەمجار لە سینگیدا دەکەوێتە لێدان. دووەمیان ئەو کاتەیە کەشەرمەکەی هەوەڵجاری ڕەویوەتەوەو بەدەم خورپەو ترپەی دڵیەوە، خوێن بۆ گۆناکانی هەڵدەکشێت، چما لەبەر دەرگا وەستاویت کوڕی باش؟ فەرموو وەرە ژوورەوە، پێ و قەدەمت بەخێر، سەر بەرزت کردین. ئاغام سڵاوی بۆت هەیە..

بەدەم ئەو قسانەوەو بە قاقایەکی موزیک و گۆرانی ئاساوە، دەستی ئوردینوفی گرت و هێنایە ژوورەوە، ئوردینوف لە شەرما حەپەسا بوو. ئەو گڕەی کە تۆزێ لەوەپێش لە دڵی بەر بوو بوو، ئێستا خەریک بوو دادەمرکایەوە. لە شەرما سەری لەبەر خۆی نا، دەترسا سەیری کاترینا بکات پێشتر کاترینای بەم حاڵەوە نەبینی بوو. یەکەمجار بوو پێکەنین و شادی بە ڕوخساریەوە پرشنگی دەدا، ڕوندکان بەسەر برژانگە ڕەشەکانیەوە وشک بوو بوونەوە. دەستی لەنێو دەستی ئوردینوف دا دەلەرزی، کە سەری هەڵبڕی بوو، بینی بووی کە کاترین چاوە گەش و پرشنگدارەکانی بڕی بوونە ڕوخساری پەشێوی ئەم، پەشێو لە عەشق و ڤیاندا، ئیدی بزەیەکی سەرکەوتنی بە ڕووی ئوردینوف دا دابوو.

ئەنجام کاترینا گوتی:- ڕابە پیرەمێردا! خێرهاتنی میوانەکەت بکە. میوانەکە وەکو برایە.. ڕابە پیرەمێردی لەخۆبایی. سڵاو لە میوانەکە بکە.. دەستەسپییەکانی بگرەو لەسەر مێزەکە دای بنیشێنە!

ئوردینوف، چاوی هەڵبڕین. وەکو ئەوە بوو ئەویش تازە هەستی بە بوونی مورین کردبێت. چاوی بڕی بووە ڕوخساری ئوردینوف، چاوانی پیرەمێرد مات، لە تۆ وایە ترسی مەرگیان لێنیشتووە. ئوردینوف کە ئەم ڕوانینەی بیرکەوتەوە کە ئاخرجار لە ژێر برۆ پەیوەست و چرەکانیەوە وەکو نها بە ترس و توڕەییەوە بڕی بوونیە ئەم، دڵی گوشرا بوو. تەمەشایەکی دەوروبەری خۆی کرد. هەنگێ بە ئاشکرا هەموو شتێکی بۆ دەرکەوت.

مورین هێشتا لە جێگاکەیدا ڕاکشابوو. بەڵام جلەکانی جلی خەو نەبوو. جلی دەرەوەی لەبەر بوو. وەکو هەمیشە ملپێچێکی سووری لە مل بوو. جووتێ سۆلی لە پێدا بوو. دیار بوو کە ئێش و ئازارەکەی ڕەوی بووەوە. بەڵام ڕەنگ و ڕووی زەردی زەرد بوو. کاترین لەلای تەختەخەوەکەی ئەوەوە ڕۆنیشت، قۆڵی خستە سەر مێزەکە، بە بێدەنگی دەیڕوانیە ئەو جووتە پیاوە. بەڵام ئەو بزەی پێشوازیەی کە نیشتبووە سەر لێوی، ئاوا نەدەبوو، وەکو ئەوە بوو هەموو شتێک بە دڵی ئەو بگەڕێت.

مورین، ئاخێزێکی کرد، لەسەر تەختەخەوەکە ڕۆنیشت و گوتی:- ئەها... ئەمە تۆی؟ کریچی یەکەی خۆم! بەڕێز من بەرانبەر بە تۆ کەمتەرخەمم. ،من خەتام کرد، لە خوت و خۆڕایی تۆم ئەزیەت دا. من ئەو ڕۆژە بەم تفەنگە نەعلەتیە گەوجاتیەکی گەورەم کرد.. بەڵام کێ دەیزانی کە تۆش گیرۆدەی ئەم دەردە ڕەشەیت؛ دەردی پەرکەم..

چاوانی کەمێک لە ئوردینوف گواستەوە. برۆکانی وێک هێنانەوە وبە دەنگێکی گڕ و کز لەسەری ڕۆیی: "نەخۆشی و بەڵا هەندێجار، بە بێئەوەی لە دەرگا بدات، مۆڵەت بخوازێت، وەکو دزان خۆی بە ژووردا دەکات و یەخانگیرت دەبێت. بە دزییەوە زەفەرت پێدەبات." بە سەر ئاماژەی بۆلای کاترینا کردو گوتی: " جارێک چیوای نەما بوو چەقۆیەک بە دڵی ئەم کیژەدا بکەم.. چ بکەم، نەخۆشم. زۆرجار پەرکەمم لێدێت. بەهەرحاڵ.. ڕونە، خێرهاتیت!"

ئوردینوف، هێشا هەر تەمەشای ئەوی دەکرد. پیرەمێرد بە پەستییەوە هاواریکرد:- چما دانانیشیت.. مەگەر نابینی کە ئەو حەز دەکات دانیشیت! تەمەشا دەڵێی خوشک و بران، یەکێک نەزانێت وا هەستدەکات لە یەک دایکن. ئەوەندە کەیفیان بە یەک دێت دەڵێی عاشق و مەعشوقن!"

ئوردینوف ڕۆنیشت..

پیرەمێرد پێکەنی، دوو ڕیز ددانی سپی و بێ عەیب دەرکەوتن. لەسەری ڕۆیی:- ئەم خوشکەی خۆتت بینیوە! یەکترتان خۆشبوێ گیانە! بەڕێز پێم بڵێ: ئەم خوشکەت بەدەوە؟ بەدڵتە؟ بڵێ، وەڵام بدەوە، وەرە تەمەشا بکە، بڕوانە ڕوومەتەکانی، دەڵێی دوو پشکۆن! ڕوو وەرگێڕە، تەمەشای بکە. لەزەت لە جوانیەکەی ببینە. دەبێت هەموو دنیا بزانن کە ئەم ئافرەتە چەند جوانە و عاشقانی لە دووری وی چەن بێ حاڵن...

ئوردینوف، برۆکانی وێک هێنانەوە، چارەی گرژو مۆن بوو، بە پەستییەوە ڕوانیە پیرەمێردەکە. پیرەمێرد کە ئەو خێسەیەی بینی ڕاچڵەکی. دیاربوو غەزەبێکی کوێرانە لە دڵ ودەروونی ئوردینوفەوە هەڵدەقوڵا. ئیدی غەریزەیەکی حەیوانی بە پیرەمێردی دەگوت کە لە هەنبەر دژمنێکی ترسناک و سەرسەختدایە. بەڵام نەیدەزانی چی لە دڵدایە و بەتەمای چییە. عەقڵی بە هیچ کوێ ڕانەدەگەی.

دەنگێک لە پشتەوە بە ئوردینوفی گوت:- تەمەشا مەکە!

ئوردینوف ئاوڕی پاشەوەی دایەوە. کاترینا بە پێکەنینەوە گوتی:- تەمەشا مەکە. ئەگەرشەیتان دنەت دەدات، بەزەییت بە خۆشەویستەکەتدا بێتەوە!

لە ناکاوا! لە پشتەوە بە هەردوو دەستان چاوی گرت، پاشان بلەز دەستی لەسەر چاوانی ئەو هەڵگرت و ڕوخساری خۆی پێ داپۆشین. سووری گۆناکانی لە میانی قامکەکانیانەوە سەرەتاتکێی بوو. پاشان دەستی لەسەر ڕوخساری خۆی لابرد. بە ڕوخساری پرشنگدارەوە هەوڵیدەدا بە جورئەتەوە، بزەکانیان ڕووبەڕووی یەکدی ببنەوە. بەڵام جووتە پیاو بە بێدەنگی تەمەشای ئەویان دەکرد. ئوردینوف، بە حیرەتێکی عاشقانەوە تەمەشای کاترینای دەکرد وەکو ئەوە بوو تیری ئەم جوانیە فریشتەییە بۆ یەکەمجار بەر دڵی بکەوێت. بەڵام پیرەمێردەکە بە ساردو سڕییەوە تەمەشای کاترینای دەکرد، ڕوخسارە زەردەکەی گوزارشتی لە هیچ نەدەکرد، بەڵکو لێوە شینەکانی بە ئاستەمێک تەتەڵەیان دەکرد.

کاترینا، گەڕایەوە سەر مێزەکە. لە پێکەنین کەوت. ئیدی هەموو کتێب وکاغەز وشووشە مەرەکەبەکانی سەر مێزەکەی کۆکردنەوەو ئەوسا هەڵیگرتن و لە قەراغ پەنجەرەکەی دانان. تۆنی هەناسەی خێرا بوو بوو. هانکە هانکی پێکەوت و هەندێجار هەناسەیەکی قووڵی هەڵدەکێشا. وەکو

ئەوەی خەریک بێت بخنکێت. سینگی وەکوپێلی کەناری ڕووباران بە خاوی شەپۆلی دەدا. چاوانی داخست، برژانگە شەوەییەکانی بەسەر گۆنا گەشەکانیەوە دەدرەوشایەوە.

پیرەمێردەکە لە بن لێوانەوە گوتی:- فریشتەی جوانتر لە فریشتە!

ئوردینوف کە سەراپای دەلەرزی لە بن لێوانەوە گوتی:- خۆشەویستەکەی دڵی من!

بەڵام کە هەستی بەوە کرد نیگای تیژی پیرەمێردەکە لەسەر ئەمە، وەخۆ هاتەوە. ئەم نیگایە لە چاو تروکانێکدا وەکو بروسکە بڵاچەی دا:تووڕە، بەدڕا، ساردو حەقارەت ئامێز و ڕقن.

ئوردینوف، ویستی بڕوات، بەڵام هەستیکرد هیزێکی نادیار لاقەکانی بەستووەونایەڵێت جووڵە بکەن. دووبارە دانیشتەوە. هەندێجار کۆڵە مستی دەگوشی، تا دڵنیا بێت کە بێدارە، چونکە هەستی دەکرد مۆتەکەیەک خۆی داوە بەسەریداو خەریکە دەیخنکێنێت، بووە بە گەمەی دەستی خەونێکی بەسوێ و پڕ ئازار. بەڵام سەیر ئەوە بوو کە نەیدەویست لەو خەونە بێدار ببێتەوە...

کاترینا پەردە کۆنەکەی سەر مێزەکەی لابرد. ئەوسا سەندوقێکی کردەوە، سفرەیەکی گرانبەهای لێدەر هێنا، کە بە داوێن ئاوریشمینی زێڕباف گوڵدۆزی کرابوو، لەسەر مێزەکەی ڕاخست. ئەوسا سینیەکی زیوی کۆنی سەردەمی باب وکالانی لە گەنجینەکە دەرهێناو لە ناوەڕاستی مێزەکەی دانا، ئەوسا سێ پەرداخی زیوی لەسەر سینییەکە دانا، یەک بۆ میوانەکە، یەک بۆ خاوەن ماڵ، یەک بۆ خۆی.

ئەوسا بەدەم خەیاڵەوە ڕوانیە پیرەمێردەکەو ئوردینوفوگوتی:-کیهەمان کیهەمانی خۆشدەوێت؟ ئەگەر یەکێکمان ئەویتری خۆش نەوێت، ئەوا من ئەو یەکەی ترم خۆشدەوێت و دەبێت پێکەکەی لەگەڵ مندا هەڵبدات. من هەردووکتانم خۆشدەوێت؛ خۆشەویستی خزم بۆ خزم. کەواتە با پێکەوە لە پێناوی خۆشەویستی و ئاشتی بخۆینەوە!

پیرەمێردەکە بە ڕاوێژێکی شێواوەوە گوتی:- بەڵێ با بخۆینەوە، هزرو خەیاڵە ڕەشەکانمان بشۆینەوە! کاترینا وەرە! پڕکە پیاڵە!

کاترینا ڕوانیە ئوردینوف و گوتی:- ئەدی تۆ! پێکت بۆ تێکەم؟

ئوردینوف ، بە بێئەوەی چ قسەیەک بکات، پەرداخەکەی بردە پێشەوە.

پیرەمێرد، پەرداخەکەی بەرز کردەوەو گوتی:- سەبربکە کاترینا.. ئەگەر کەسێک بیرێکی لە مێشکە یان نهێنیەکی لە دڵە ، گەردنی ئازا بێت، خوا بە دڵی خۆی لەگەڵ بکات!

هەنگێ پەرداخەکانیان لە یەک دا.

کاترینا ڕووی کردە ئاغای وگوتی:- نها وەرە با بە دوو قۆڵی بخۆینەوە. ئەگەر  سەبارەت بە من هیچت لە دڵدا نییە، ئەگەر منت خۆش دەوێت با بخۆینەوە! با بە یادی خۆشییەکانی ڕابردوو بخۆینەوە. بە یادی ئەو ساڵانە بخۆینەوە کە بە خۆشی بەسەرمان برد، سوپاسی خوا بکەین، بژی شادی و ڤیان! ئەگەر هێشتا ئاگری ئەشق لە دڵتدایە، ئەمر بکە با دووبارە پێکەکەت بۆ تەژی بکەمەوە!

پیرەمێرد پێکەنی، پەرداخەکەی بردە پێشەوەو گوتی:- شەرابەکەت بەقوەتە جوانێ، بەڵام خۆت تەنیا دەمت تەڕ دەکەیت.

-من کەم دەخۆمەوە، بەڵام تۆ تا دەتوانیت بخۆوە، چما ژیان بە خەم و پەژارەوە دەبەیتە سەر با بۆ؟ کە ئەمە جگە لە عەزابی ڕوح هیچی دیکەی لێ شین نابێت؟ خەم و پەژارەو بیرکردنەوە، دڵ ژەهراوی دەکات. بیرکردنەوەی بەد خەمی لێدەکەوێتەوەو خەمیش بیرکردنەوەی خراپی لێدەبێتەوە. مرۆڤ ئەگەرشادمان بێت، بیری خراپ ناکاتەوە. کەواتە بخۆوە بابۆ، تا دەتوانیت بخۆوە، بیرە خراپەکانت بە شەراب بشۆرەوە.

پیرەمێرد گوتی:- وا دیارە خەمەکەت زۆر گەورەیە کۆترە سپییەکەم بۆیە دەتەوێت بە کەرەتێک لێی بخەلەسیت. من بە شادی دڵی تۆوە دەخۆمەوە کاترین گیان.

ئەوساڕووی کردە ئوردینوف و گوتی:- بەڕێز دەتوانم پرسیارت لێبکەم ئایا تۆش خەمێکت لە دڵدایە؟

ئوردینوف کە هێشتا چاوی بڕی بووە کاترینا، لە بن لێوانەوە گوتی:- بەڵێ، بەڵام لە قوڵایی دڵمدا هەڵمگرتووە.

کاترینا گوتی:- گوێت لێبوو بابۆ! منی نەگبەتیش ماوەیەکی زۆر لە خۆم بێ ئاگا بووم، ئاگام لە ڕابردوو نەبوو، پاشان لە ناکاوا هەموو شتێکم بۆ دەرکەوت. هەموو شتێکم بیر کەوتەوە، نها

هەست بە ڕابردووم ، بە هەموو ئەو شتانە دەکەم کە بە سەر دڵەی تینوومدا بوریوە، تیایداو لەگەڵیا دەژیم.

پیرەمێرد لە فکران ڕاچوو، گوتی:- بەڵێ، زۆر ناخۆشە کە بەشەر تەنیا ڕابردووی کاوێژ بکاتەوە. ڕابردوو وەکو ئەو شەرابەیە کە خورابێتەوە. ئاخر شادمانی ڕابردووچ مفایەکی هەیە؟ وەکو جلە کە کۆن بوو دەبێت فڕێی بدەیت..

کاترینا، بە خورتی پێکەنینێکی لە خۆی هێنا، دوو دانە ڕوندکی درشت وەکو دوو دانە ئەڵماس بە برژانگەکانیەوە ئاوێزان بوون، گوتی:- بەڵێ دەبێت توورِ بدرێت و یەکێکی نوێ بکڕدرێت، عومرێکی درێژ لە یەک دەمدا کورت ناکرێتەوە. ئەمە جگە لەوەی دڵی کیژێکی گەنج زندووە. ئاگرە. خۆشت بکوژیت نایگەیتێ، تێدەگەی چ دەڵێم پیرەمێرد؟ تەمەشای ئەشکەکانم بکە، لە پیاڵەکەتدا ناشتم.

ئوردینوف بە ڕاوێژێکی پڕ کەلەجان و لەرزۆکەوە گوتی:- ئەدی شادمانیت، بە خەمێکی زۆر کڕیوتەوە؟

پیرەمێرد گوتی:- بەڕێز وا دیارە تۆ شادمانی زۆرت هەیەو دەتەوێت بیفرۆشیت! هەقت چییە بەسەر کاری خەڵکییەوە، چما خۆت لە کاری خەڵکی هەڵدەقورتێنیت؟

پیرەمێرد بەدەم تەوسخەخەنێکی کینە ئامێزەوەو ئەو قسانەی کردو، بە گۆساخییەوە چاوی بڕینە ئوردینوف.

کاترینا کە بە ئاشکرا ناڕازی بوو، بە ڕاوێژێکی خەمین گوتی:- بەهەرچەندم کڕی بێت کڕیوومە... ئیدی هەندێک وا خەیاڵ دەکەن ئەوەی بەنسیبیان بووە کەمە، هەندێک وا خەیاڵ دەکەن زۆرە. هەندێک دەیانەوێت هەموو شتێک بفرۆشن و هیچ زەرەرێک نەکەن، هەندێکی دی هەموو شتێک دەبەخشن و هیچیان دەست ناکەوێت. یەکێکی دی هیچ بەڵێنێک نادات، بەڵام دڵ دوای دەکەوێت و گوێڕایەڵی دەبێت..

ئەوسا نیگایەکی خەمینی ئوردینوفی کردو لەسەری ڕۆیی: نابێت گلەیی لە کەس بکەیت، ئیدی یەکێک بەمجۆرەیەو یەکێک بەو جۆرەیە. لاتوایە دەکرێت بزانرێت چما دڵ دووی ئەم دەکەوێت و دوای ئەو ناکەوێت؟ نها پیرەمێرد وەرە، جامەکەت تەژی بکەو بە سەلامەتی و شادمانی کیژەکەت،

با شادمانی کۆیلە جوانە گوێڕایەڵەکەت بخۆرەوە، ڕێک وەکو ئەوسای کە یەکەمجار ناسیتی.. دەی بە یادی ئەوسا پێکەکەت بەرز بکەوە، هەڵیدە!

پیرەمێرد پێکەکەی هەڵبڕی و گوتی:– دەی باشە، ئەدی تۆ چما ناخۆیتەوە؟

کاترینا گوتی:– بوەستە، لەزێ مەکە پیرەمێرد. بوەستە تا قسەیەکت پێ بڵێم پێش ئەوەی بخۆیتەوە...

کاترینا هەردوو ئانیشکی نابوونە سەر مێزەکە بە دوو چاوی گەش و درەخشانەوە تەمەشای پیرەمێردی دەکرد، نیازێکی سەیرلە نیگا کردنەکەیەوە دیار بوو، بەڵام ڕەفتاری پەرێشان بوو، تووڕە، بلەز، پچڕ پچڕ، چاوەڕوان نەکراو. پێدەچوو سەراپای گڕی گرتبێت. تەواو گۆڕا بوو. بەڵام تا زیاتر هەڵدەچوو، جوانترو شەنگوڵتر دەبوو. دوو ڕیز ددانی سپی و ڕێک وەکو دوو ڕشتەی مرواری لە میانی لێوەکانیەوە کە بەدەم ناسکە بزەیەکەوە بە ئاستەم کرابووە، دیار بوو. هەناسەی پچڕ پچڕ بوو، پەڕەی کەپووی بە نەرمی دەجوڵاو سینگ و مەمکی شەپۆلی دەدا. پرچی سێ لۆ لە دەوری سەری ئاڵا بوو و کرابووەوەو بەسەر گوێی چەپیا کەوتبوو و ڕژا بووە سەر گۆنای، تەنکە ئارەقەیەک نیشتبووە سەر لاجانگەکانی.

–پیری من فاڵم بۆ بگرەوە، پێش ئەوەی بیرت لە شەرابەکەدا بتوێتەوە، دەستم، ناو لەپم بخوێنەوە، فەرموو ئەوە دەستە سپیەکەم، ناو لەپم بخوێنەوە، بڵێ بزانە چ چارەنووسێک چاوەڕوانی منە؟ فەرموو ئەوە دەستە سپیە بەفرینەکەم. لە خۆڕایی نەبوو کە هاوشاریەکانمان پێیان دەگوتیت جادووگەر. تۆ کتێبانی زۆرت خوێندووەتەوە، نووسینە ڕەشەکان دەناسیت! باش بڕوانە دەستم پیری ئازیز، بزانە قسمەتی کچەکەت لەژیاندا چییەو چی دەبێت؟ بەڵام ئاگادار بە درۆم لەگەڵدا نەکەیت ها! وەکو خۆی چۆنە ئاوا بۆم بخوێنەوە، بەختەوەری لە پێش کیژەکەتدایە؟ یان دڵت لێی تۆراوەو پێشبینی ڕۆژڕەشی و خەم و پەژارەی بۆ دەکەیت. پێم بڵێ ئەو گۆشەیەی کە لانەی خۆمی تیا دروست دەکەم و گەرم گوڕ دەبێت یان نا؟ یان وەکو باڵندانی سەرگەردان تا کۆتایی تەمەن بە بێکەسی دەمێنمەوە، بۆ شوێن و پەنایەک دەگەڕێم، پەنا دەبەمە بەر ئەم و ئەو؛ بەر خەڵک و خوا، بەر چاکەکاران و خێرەومەندان؟ پێم بڵێ دژمنی من کێیە، دۆستی گیانی بە گیانیم کێیە؟ کێ کوورەی ڕق و کینەم بۆ دادەگیرسێنێت؟؟ بڵێ ئایا ئەم دڵە گەنج و پڕ سۆزەی من هەر بە تەنێ و تەنیا باڵ دەمێنێ یان ئاقیبەت دڵێکی هاوتای خۆی دەدۆزێتەوە کە بە شادییەوە بۆی لێبدات و پێشوازی بکات. تا خەم و پەژارەیەکی دی سەر هەڵدەدات، بە شادی و خۆشی بۆی

لێبدات؟... پێم بڵێ ئەی پیری ئازیز، ئەو شابازە سپییە لە کام ئاسمانی شین، لە قوڵایی کیهە لێرەوار، لەوبەری کیهە دەریاوە. خەریکی فڕینەو دنیای داوەتە ژێر باڵی فڕینەوە؟ ئایا چاوە تیژەکانی لەنێوهەزاران کەسدا من دەبینن؟ بەتاسەی دیتنی منەوەیە؟ خۆشی دەوێم؟ خۆشەویستیەکەی پایەدارە یان کاتی و ڕەوتەنیە؟ ئایا تەفرەم دەدات و خیانەتم لێدەکات یان بە ئەمەک و وەفادار دەبێت؟ نها کە فاڵ بۆ من دەگریتەوە، دوا وشەم پێ بڵێ هاوڕێی ئازیز، تاکەی لەم ماڵە تاریک و نوتەکەدا پێکەوە دەمێنینەوە، بەدەم خوێندنەوەی کتێبە ڕەش و شوومەکانی تووە برزێین؟ تا کەی من وەکو کەنیزەکی ئەڵقە لەگوێ کڕنۆشت بۆ بەرم، پێم بێژە کەی ئەو ڕۆژە دێت کە خاترخوازیت لێبکەم و پڕ بە دڵ سوپاست بکەم کە نان و ئاوت داوم. چیرۆک و حیکایەتانت بۆ گێڕاومەتەوە؟ بەڵام ئاگادار بە فێڵم لێنەکەیت، درۆم لەگەڵ نەکەیت! کاتی ئەوە هاتووە ڕاستییەکان بڵێیت!

تا پتر قسەی دەکرد، زیاتر هەڵدەچوو، تا ئاقیبەت لە هەڵچووندا، دەنگی بڕا. وەکو ئەوە بوو باهۆزو گەردەلولێک لە دڵی ئاڵا بێت و لوولی بدات. چاوەکانی پرشنگیان دەدا. لێوی سەرەوەی کەوتە سووکە تەتەڵە. تەوس و توانجێکی ژەهر ئامێز بە تۆنی قسەکانیەوە بە دیدەکرا کە وەکو مارێک دەخزی و لە هەر وشەیەکیدا دەگیرسایەوە.. لەسەر مێزەکەوە بەسەر کابرای پیرەمێردا دانەوییەوەو بە تاسەوە چاوی بڕییە چاوە لێڵ و پەرێشانەکانی ئەو. ئوردینوف، دوای ئەوەی ئەو بێدەنگ بوو، لە قسەکردن وەستا، دەنگی لێدانی توندی دڵی ئەوی دەژنەوت... کە ئەوی بەو حاڵەوە بینی، هاوارێکی پڕجۆشی کرد، ویستی لەجێی خۆی ڕاپەڕێت. بەڵام یارۆی پیرەمێرد نیگایەکی توندو لەزگین و ڕەوتەنی ئەوی کرد، ناچار لە جێی خۆی دانیشتەوە، ئاوێتەیەکی سەیر لە تەوس و توانج و نیگەرانی، لە کونجکاوی بەدخوایی و کینەکێشی لەم ڕوانینەی یارۆی پیرەمێرد هەبوو، کە هەموو جارێک دڵی ئوردینوفی دادەخورپاند، کە هەموو جارێ دڵی پڕ دەکرد لە ژەهراوی تووڕەییەکی بێ دەسەڵاتانە.

پیرەمێرد، بە نیگەرانی وکونجکاوییەکی خەمناکەوە دەیڕوانیە کاترینا. قسەکانی کاترینا دڵی پەشاند بوو، بەڵام بە ئاستەمیش خۆی شلوێ نەکردبوو. کە کاترینا لە ئاخاوتن بووەوە، ئەو تەنیا سووکە بزەیەکی کردو تەواو. ئەوسا گوتی:- ئەم مەلیچکە جوان و نۆ باڵەی من، ئەم باڵندە تازە باڵگرتووەی من دەیەوێت، یەکجارو بە کەڕەتێ هەموو شتەکان بزانێت! تۆ هێشتا بچکۆلانەی، زەڕنەقووتەی نێو هێلانەیت! وەرە گیانەکەم، وەرە پیاڵەکەم بۆ تەژی بکە، وەرە با پێکەوە

بخۆینەوە، با یەکەمجار بە خۆشی ئاشتی و دڵپاکی بخۆینەوە! دەنا لەگینە چاوی بەد هەموو ئاوات و ئارەزووەکانمان بە بادا بدات... شەیتان نەنوستووە. ڕێگەی گوناح هەموارو تەختە.

پیرەمێرد پێکەکەی هەڵدا. تا زیاتری دەخواردەوە، زیاتر ڕەنگی زەرد هەڵدەگەڕا. چاوەکانی وەکو پشکۆی ئاگر سوور دەبوونەوە، پرشنگی ئاگرینی چاوەکانی، ڕەنگە زەردەکەی کە لە هی مردوو دەچوو نیشانەی ئەوە بوو کە شەرابەکە زۆر بەقوەتەو لەگینە پەرکەمەکەی بۆ بێتەوە. چاوی ئوردینوف لەگەڵ هەوەڵین پێکدا تاریک و لیڵ بوو بوو و بەرەبەرە تاریکتر دەبوو، خوێنی هاتبووە جۆش، توانای خواردنەوەی زیاتری نەبوو، سات بە سات پەرێشانتر و نیگەرانتر دەبوو.

ئوردینوف، پێکێکی دیکەی بۆخۆی تێکردو یەکسەر هەڵیدا. خۆیشی نەیدەزانی چ دەکات و چۆن کەلەجان و هەڵچوونەکەی خۆی هێور بکاتەوە. خوێن خێراتر بە دەمارەکانیا دەهات و دەچوو، وای لێهاتبوو بەزەحمەت دەیتوانی بزانێت شتێک لە دەوروبەری دەگوزەرێت، جووتە خانە خوێنیەکەی بەتەمای چین.

پیرەمێرد، جامە زیوەکەی بە توندی کێشا بە مێزەکەداو گوتی:- تێکە کاترینا، مەیم بۆ تێکە کیژی فێڵباز! هێندەم بۆ تێکە تا پیرەمێردەکەت دەکەیتە خەو؛ دەیکوژیت. خێراکە شەرابم بۆتێکە جوانێ گیان، هۆش وگۆشم بە شەراب بشۆرەوە.. ئەدی خۆت، وادیارە زۆر کەمت خواردووەتەوە؟.. لات وایە من هەستم بەوە نەکردووە؟

کاترینا، وەڵامێکی دایەوە کە ئوردینوف بە باشی لێی حاڵی نەبوو... پیرەمێرد نەیهێشت قسەکەی تەواو بکات. دەستی گرت، وەکو ئەوە بوو بەرگەی جۆش و خرۆش و کەلەجانەکەی ناخی خۆی نەگرێت. ڕەنگی مردووی لێنیشتبوو. چاوەکانی دەمێ تاریک دەبوون و دەمێ پرشنگیان دەدا، لێوە زەردەکانی تەتەڵەیان دەکرد. بە ڕاوێژێکی پچڕ پچڕ و گۆنگ کە هەندێجار جۆرە شادی و کەلەجانێکی غەریبی بەگەڵ دەکەوت، گوتی:- کوانێ جوانێ گیان، کوا دەستم وێدە. بمدەیە تا نهێنییەکانت بخوێنمەوەو ڕاستییەکانت وەکو خۆی پێ بڵێم .ڕاست دەکەیت کە من جادووگەرم، بەڵێ کاترینا تۆ سەرچیغ نەچوویت! ئەوەی دڵە زێڕینەکەت پێی گوتوویت دروستە. تاقە ئەفسوونگەری دڵی تۆ منم و حەقیەقەتت لێ ناشارمەوە. هەرچییەک هەیە بە سادەیی و بە دوور لەهەر بەدڕاییەک پێتی دەڵێم! بەڵام شتێک هەیە کە تێی نەگەییویت: ئەویش ئەوەیە کە من جادووگەرم، داوای ڕێگەی ئاوەزی دروست لە من مەکە، ئەوە ئیشی من نییە! دڵی کچانی بەدەو مایل بە ڕیگەی عەقڵ نییە، کیژانی جوان حەقیقەت بە ڕوونی دەبینن، بەڵام بە ڕێگەی بێ خەبەراندا

دەڕۆن. سەری کیژانی جوان مارە، ماری فێڵبازە، با دڵیشیان نوقمی ڕوندک و خوێن بێت. کیژ، دەتوانێت ڕێگەی خۆی بدۆزێتەوەو بە نەرمی و لیزانانە بە نێو مەترسییەکاندا تێ پەڕێت و بەزیرەکی ئازادی خۆی بپارێزیت. هەندێجار بە عەقڵ و عاقڵانە ڕەفتار دەکات، ئەگەر عەقڵ فریای نەکەوێت، پەنا دەباتە بەر جوانی، چونکە نە عەقڵ، نەهێز شتاقیان بەرگەی جوانی ناگرن. چونکە هیچ دلاوەرێک لە هەنبەر جوانیدا خۆی ناگرێت، ئەگەر دڵی لە پۆلاش بێت، لە ئاگری جوانیدا دەتوێتەوە. نها کە دەپرسیت : ئایا خەم و پەژارەو بەلات لە پێشە؟ ئایا کلۆڵی و عەزابت دێتە ڕێ؟ باری دەردە مرۆڤانیەکان قورسە، بەڵام ئەم بارە بۆ دڵێن لاواز نییە، ڕوو لە دڵێن لاواز ناکات، خەم و پەژارەی تۆ جوانێ گیان، وەکو جێ پێی سەر لمەلانە، یەکەم باران شوێنەوارەکەی دەشواتەوەو هەوەڵین دەرکەوتنی هەتاو وشکی دەکاتەوە، شنەبایەک دەیسڕێتەوە! نها بوەستە، ئایندەی خۆت لە زمانی ئەفسوونگەرێکەوە بژنەوە. تۆ بە کەماڵی ویست و ئارەزووی خۆت دەبیت بە کەنیزەکی ئەڵقە لەگوێی ئەو کەسەی کە بڵێت خۆشی دەوێیت. ئازادی خۆت کە زۆر بەلاتەوە ئازیزە لە قەبەڵی ئەو دەکەیت و هەرگیز لێی وەرناگریتەوە. تۆ ناتوانی بە ئاسانی و زوو بە زوو دەستبەرداری خۆشەویستی ئەو ببیت. تۆ دەنکێکی دەدەیتێ، ئەو هێشوویەکت لێ دەستێنێت و سووک و ڕیسوات دەکات. ڕۆڵە شیرینەکەم. کچە میهرەبانەکەم، تۆ یەک دڵۆپە ڕوندکی مرواری ئاسات ڕشتە پێکەکەی منەوە، بەڵام پێت کەم بوو، پاشان سەد مرواری دیکەت بەدوویدا هەڵڕشت! چەند قسەی جوانت کردو بە بەدبەختی خۆتەوە نازیت. بەڵام پێویست ناکات ئەفسووسی ئەم تاقە ڕوندکە، ئەم خوناوە ئاسمانییە جادووییە بخۆیت. چونکە بە زیادەوە ئەم ڕوندکە مرواری ئاساییەت بۆ دەگێڕێتەوە. لە شەوێکی دوورو درێژدا، شەوێکی پڕ عەزابی تاڵدا، کە بیرۆکەیەکی تاڵ، تەنگە تاوت دەکات. هەنگێ لەجیاتی ئەو ڕوندکە، ڕوندکی کەسێکی دی دەڕژێتە سەر دڵە سووتاوەکەت، ڕوندکێکی خوێنین، گەرم وەکو قورقوشمی تواوە، ئەو ڕوندکە خوێنینە دەڕژێتە سەر گەردنە سپیەکەت، دەیسووتێنێت، ئارام و ئۆقرەت لێدەبڕێت، تا بەیانی، بەیانیەکی تاریک، خەمناک، گرژ، لەسەر جێگاکەت گینگڵ دەدەیت، خوێنت لەبەر دەڕوات وتا بەیانی زامەکەت ساڕێژ نابێت.تێکە کاترینا، پڕکە پیاڵە، کۆترە جوانەکەم، کرێی ئامۆژگارییە پیرانەکەم بدەیە... باوەڕ بکە تۆ پێویستت بە زانینی شتی زیاتر نییە... پێویست بەوە ناکات بەخۆڕایی وشە بەفیڕۆ بدەین..

دەنگی کزو لەرزۆک بوو، لە شولەیەک دەچوو لە گیانەڵای کوژانەوەدا بێت. وەکو ئەوە بوو خەریک بێت لە هەنیسکی گریاندا نقوم بێت، دیسان شەرابی تێکرد، وەکو تینوو و تامەزرۆیەکی ژەمبردە . بەیەک بین هەڵیدا، دووبارە پەرداخەکەی بە مێزەکەدا کێشا. نیگا پەرێشانەکەی دووبارە

گەشایەوە. هاواریکرد:- بژی، بەکەیفی دڵی خۆت بژی! ڕابردوو لە بیربکە! ئەوەی چوو چوو. پیاڵەکەم تەژی بکەوە.. بۆم تێکە، هێندەم شەراب بدەیە تا ئەم سەرە جەنجاڵەم بەر دەبێتەوە، گیانم دەچێتە خەو.. هەنگێ بمبەرە سەر جێگاکەم با بخەوم، بۆ هەتا هەتایە بخەوم، بۆم تێکە تا بە تەواوەتی خۆم لەبیر دەکەم... هەر بۆم تێکە کاترینا گیان. با ئەوەی خواردوومانەتەوە بەفیڕۆ نەچێت. هەر کاڵایەک زیاد لە دوکاندا بمێنێتەوە خراپ دەبێت، دوکاندار ناچارە بە خۆڕایی بیبەخشێت، لە کاتێکدا زەمانێ بوو کە دوکاندار هەرزان فرۆشی نەدەکرد، مشتەری خۆیان بۆ بە کوشت دەدا.. تێکە کاترین، پڕکە بۆم پیاڵە!..

بەڵام ئەو دەستەی کە پیاڵەکەی پێگرتبوو، سست بووبوو، سڕ بوو بوو و نەدەجوڵا. هەناسەی بە ئەستەم دەردەچوو، سەری خۆی پێڕانەدەگیرا. جارێکی دی نیگایەکی بەدڕایانەی ئوردینوفی کرد. بەڵام ئەم نیگایەش زۆری پێنەچوو کە کوژایەوەو پێڵوەکانی قورس بوون و داهاتنەوە، قورس وەکو قورقوشم! ڕەنگی مردووی لێنیشت. تا ماوەیەک لێوەکانی کەوتنە تەتەڵەو دەلەرزین. لە تۆ وایە هێشتا گەرەکیەشتێک بڵێت، لە ناکاوا دڵۆپە ڕوندکێکی درشت و گەرم لە چاویا قەتیس ما و ئەوسا بە ئەسپایی بەسەر گۆنا زەردەکەیدا داڕژا... ئوردینوف ئیدی تاقەتی چوو، سەبری سوا، هەستایە سەر پێیان، بە لارەلار هەنگاوێکی ناو لە کاترینا نزیک بووەوەو دەستی گرت. لێ کاترینا تەمەشای نەکرد، وەکو ئەوە بوو هەر ئاگاشی لەم نەبێت، هەر نەشی ناسێت.

کاتریناش وەکو ئەوە بوو هۆشی بەخۆی نەبێت. وەکو ئەوە بوو، بە بیرێکەوە مژوول بێت. خۆی دا بەسەر سینگ و بەرۆکی پیرەمێردە نوستووەکەدا، باسکی لە ملی وەریناو بەجۆرێ چاوی تێبڕی وەکو ئەوە بوو بووبنە یەک بوونەوەر. وا دیار بوو هەستی بەوە نەدەکرد کە ئوردینوف دەستی گرتووە. ئاقیبەت ئاوڕێکی لای ئوردینوفی دایەوە، ماوەیەکی زۆر چاوی لێ نەگواستەوە، سەرەنجام وەخۆ هاتەوە. بە ئەستەم بزەیەکی بۆکرد، بزەیەکی خەمناک و بەسوێ. بە ئەسپایی و لەبن لێوانەوە پێی گوت:- بڕۆ. تۆ کابرایەکی سەرخۆش و بەدڕایت! تۆ دۆستی من نیت.

دوای ئەو قسەیە دیسان هاتەوە سەر یارۆی پیرەمێرد، چاوی جگە لەو، هیچی دیکەی نەدەبینی. پێدەچوو چاوی بڕیبێتە هەناسەکانی ئەو، لە تۆ وایە گەرەکیەتی بە نیگای خۆی، خەوەکەی ئەو هێندەی دی ئارام و شیرین بکات. لە تۆ وایە نایەوێت تەنانەت هەناسەش بدات، نەبا پیرەمێرد لە خەو بێدار بێتەوە. لە ڕەفتاری کاتریناداد جۆرە ڤیانێکی شێتانەی ئەوتۆ بەدی دەکرا کە نائومێدی و کینەو تووڕەییەکی قووڵی ئەوتۆی لە دڵی ئوردینوف دا بەرپا دەکرد کە خەریک بوو دەیخنکاند.

ئوردینوف، بە توندی دەستی کاترینای گوشی و گازی کرد: کاترینا، کاترینا!

سیمای کاترینا بەدەم ئازارەوە گرژ بوو، نیگایەکی پڕ لە تەوسی ئاشکراو حەقارەتی گۆسا خانەی ئوردینوفی کرد، کە ئەژنۆکانی هاتنە لەرزین و بەزەحمەت خۆی بە پێوە دەگرت. هەنگێ کاترینا ئاماژەی بۆلای پیرەمێردەکە، کە لاڵ و پاڵ بێهۆش و گۆش کەوتبوو، کرد. ئەوسا تەمەشایەکی ساردو سڕو تەوس ئامێزی ئوردینوفی کرد، کە بە جارێ دەهری کرد.

ئوردینوف، زۆر تووڕە بوو، شێتانە گوتی:- چییە؟ دەترسیت بتکوژێت!.. بمکوژێت!..

وا دیار بوو، ڕازی دڵی کاترینای خوێندبووەوە، وەکو ئەوەی جنێک، شەیتانێک، بە چپە ئەو ڕازەی بە گوێیدا دابێت. دڵی لە بیرە نەدرکاوەکەی کاترینا هاتە جۆش. گوتی:- من لە ئاغاتت دەکڕم جوانێ گیان، مەگەر تۆ گیانی منت ناوێت؟ ئەو خوێنی من ناڕێژێت.

ئەو تەوسخەنە بێدەنگەی کە ئوردینوفی نیوە مەرگ دەکرد، لە ڕوخساری کاترینا نەدەبووەوە. ئوردینوف، زۆر بەو تەوسخەنە پەست بوو، خەریک بوو دڵی دەتەقی. خۆیشی نەیدەزانی چی دەکات. ئاگای لەخۆی نەبوو. دەستی بە دیوارەکەدا هێنا، خەنجەرە توحفەکەی پیرەمێردی کە بە دیوارەکەوە هەڵواسرا بوو، هەڵگرت. کاترینا حەپەسا. بەڵام لە هەمان کاتدا دژمنایەتی و کینەیەکی ئەوتۆ بە نیگایەوە دیار بوو کە دڵی ئوردینوف داخورپا..

ئوردینوف، بەدەم تەمەشاکردنی کاتریناوە هەستی بە ئازارێکی زۆر دەکرد.. هێزێکی نادیار دەستی دەجوڵاند، هانی دەدا تاوانێکی شێتانە ئەنجام بدات... خەنجەرەکەی لە کێلان دەرهێنا. کاترینا لەجێی خۆی ڕەق ڕاوەستا، هەناسەی لە خۆ بڕی بوو، زەق زەق تەمەشای ئەویدەکرد.. ئوردینوف، بەدەم تەمەشاکردنی کاتریناوە هەستی بە ئازارێکی زۆر دەکرد.. هێزێکی نادیار دەستی دەجوڵاند، هانی دەدا ئاوانێکی شێتانە ئەنجام بدات... خەنجەرەکەی لە کێلان دەر هێنا. کاترینا لەجێی خۆی ڕەق ڕاوەستا. هەناسەی لە خۆ بڕی بوو، زەق زەق تەمەشای ئەوی دەکرد..

ئوردینوف، تەمەشایەکی پیرەمێردی کرد. لەو ساتەدا وای بە خەیاڵدا هات کە یارۆی پیرەمێرد چاوێکی کردبووەوەو تەمەشای ئەوی دەکردو جۆرە تەوسێک بە نیگایەوە دیار بوو. نیگایان لێکدی هەڵەنگوت، ئوردینوف بۆ چەند خولەکێک بەبێ جوڵە ڕاوەستا، چاوی لە دوڕ چاوی ئەو بڕی. لە ناکاوا وای هاتە بەرچاو کە پێکەنینێکی ئاشکرا نیشتە سەر ڕوخساری ، پێکەنینێکی ئەهریمەنانە، لە سەرانسەری ژوورەکەدا دەنگیدایەوە. بیرۆکەیەکی ڕەش و ناماقوول،  وەکو مار داخزیە

مێشکیەوە. گیانی کەوتە لەرزین، خەنجەرەکە لە دەستی بەربووەوە، لە ژوورەکەدا دەنگیدایەوە، کاترینا هاوارێکی کرد. وەکو ئەوە بوو لە کابوسێکی ترسناک بێدار بووبێتەوە...پیرەمێردەکە، بە ئەسپایی لە خەو ڕابوو، ڕەنگی بوو بوو بە جاوی سپی. بە تووڕەیی، بە نووکە پێیەک خەنجەرەکەی تووڕدایە سووچێکی ژوورەکە.. کاترینا لەجێی خۆی وشک بوو بوو، ڕەنگ بە ڕوویەوە نەما بوو، ڕەنگی مردووی لێنیشتبوو. چاوی نوقاند بوون، ئازارێکی دەروونی ترسناک، تاقەتبەر، ڕوخساری گرژ کردبوو. ڕوخساری لەنێو هەردوو لەپی نا، بەدەم هاوارێکی دڵتەزێنەوە. کەوتە سەر لاقی پیرەمێرد، خەریکبوو دەبورایەوە، بەدەم هاوارێکی نیمچە خنکاوەوە گوتی:- ئەلیوشا! ئەلیوشا!

پیرەمێرد ، باسکە بەهێزەکانی بە جۆرێ لە دەوری ئاڵاندو بە خۆیەوەی گوشی، کیژێ خەریک بوو دەخنکا. وەختایەک کاترینا سەری لە سینگ و بەرۆکی پیرەمێردا نقوم کرد، پیرەمێرد لە قاقای پێکەنینێکی هێندە بەسام و سەرکەوتووانەی دا کە ترس سەراپای ئوردینوفی داگرت. ئیدی ئوردینوف، هەزاران ئۆین، فەندەڵ فێڵ، لە خۆبایی بوون، تەوس و توانج، پیلانی ئەهریمەنانەی لەو پێکەنین و قاقایەدا خوێندەوە، لە ترسا سەراپای دەلەرزی، لەبەرخۆوە گوتی:- ئەم کچە شێتە.هەنگێ پێی پێوەناو هەڵهات.

## (٣)

ئوردینوف، ڕۆژی دوایی، بەیانی سەعات هەشت، ڕەنگ زەردو پەشێو لەخەو ڕابوو، هێشتا ترس و لەرزەکەی شەوێ بەتەواوی نەڕەوی بووەوە. چوو بۆلای یاروسلاف ئیلیچ، خۆیشی نەیدەزانی بۆچی چووە بۆ لای، چ کارێکی بەوە. هەر کە دەرگای لێکرایەوە، لەجێی خۆی وشک بوو، حایر و حەپەساو هەنگاوێک پاشەکشەی کرد، لەبەر دەرگاکە چەقی. مورین لەبەر دەمیا وەستابوو. پیرەمێرد، لەو؛ لە ئوردینوف ڕەنگزەردتر بوو. بە زەحمەت خۆی بە پێوە دەگرت. نەخۆش بوو، هەرچەندە یاروسلاف ئیلیچ، زۆر بە گەرمی خوڵکی دانیشتنی دەکرد، بەڵام هەر دانەدەنیشت. یاروسلاف ئیلیچ بەدیتنی ئوردینوف، لە خۆشیا لەجێی خۆی ڕاپەڕی. بەڵام لەناکاوا شادیەکەی دامرکایەوە، هیچ خویا نەبوو چما لە ناکاوا ناڕەحەت بوو، لە نیوەی ڕێگادا لە نێوان مێزەکەو کورسی تەنیشت مێزەکەدا وەستا. دیار بوو نەیدەزانی چ بکات و چ بڵێت. دەیزانی ماقوول نیە لەو دەمەدا خەریکی پایپ کێشان بێت و میوانەکەی فەرامۆش بکات. بەڵام وێڕای ئەوەش بە ڕادەیەک دەسەپاچەو نیگەران بوو، کە لێکدا لێکداو شێتانە مژی لە پایپەکەی دەدا.

ئوردینوف، ئاقیبەت خۆی بەژووردا کرد. تەمەشایەکی لەزو بەزی مورینی کرد. تاپۆیەکی قاقا هوڤیانەکەی دوێنێ شەو، نیشتە سەر ڕوخساری پیرەمێرد، ئەو قاقایەی کە ئوردینوف زۆر پێی قەڵس بوو. بەڵام لە ناکاوا ماکی هەر جۆرە کینەو دژمنایەتیەک لەسەر سیمایدا سڕدرایەوە، ئیدی ئارامیە مەندەکە بۆ ڕوخساری پیرەمێرد گەڕایەوە.. ئیدی کڕنۆشی بۆ ئوردینۆفی کریچی خۆی برد. ئەم دیمەنە هەستی ئوردینوفیبێدار کردەوە. نیگایەکی پرسیار ئامێزی یاروسلاف ئیلیچی کرد، تا بزانێت مەسەلە چییە. یاروسلاف ئیلیچ دەسەپاچەو نیگەران بوو، بەدەم لە ڕوو دامانەوە سەری لەبەر خۆنا. ئەنجام گوتی:- کەرەمکە ئەزبەنی وەرە ژوورێ جەنابی ڤاسیلی میخائیلوفیچ ی ئازیز. یاخوا بەخێرێی، دیمانەت بەخێر، خێر بە پاتەوە... ماڵەکەت ڕوناک کردینەوە...

یاروسلاف ئیلیچ، بەدەم ئەو قسانەوە سوور بووەوە، زۆر ڕقی لە خۆی بوو کە نەیتوانی بوو، وەکو پێویست بە شێوەیەکی شایستە خێرهانین و پێشوازیەکەی تەواو بکات. ئیدی مجامەلەو نەوازشەکەی  بڕی  و بە تەق و هوڕ کورسیەکی ڕاکێشایە ناوەندی ژوورەکە.

- نا، یاروسلاف ئیلیچ، نامەوێت وەختت بگرم.. تەنیا دەمویست دوو خولەکێک...

- ئەو قسەیە چییە؟ من لەخزمەتتدام. ڤاسیلی میخائیلوفیچ تۆ سەروەری، تۆ ئەمر بکەو من جێبەجێی بکەم! فەرموو چایەک نۆش بکە... ئەهای کێ لێرەیە؟ ئا وەرە کوڕۆ.. من دڵنیام ئەم شانازیەم پێ ڕەوا دەبینیت...

ئەو خولکەی دوایی بۆ مورین بوو، مورین سەری ڕەزامەندی بۆ لەقاند، کە لاری نییە چای دووەم بخواتەوە.

پێشخزمەتێک، بە پەلە هاتە ژوورەوە. یاروسلاف ئیلیچ، بەتوندی ئەمری پێکرد کە سێ پەرداخ چایان بۆ بێنێت، هەنگێ لەلای ئوردینوفەوە ڕۆنیشت، ماوەیەک سەری وەکو سەری بێچووە پشیلەیەک کە لە جوڵەدا بێت، بە ڕاست و بە چەپدا لە مورینەوە بۆ لای ئوردینوف و بە پێچەوانەوە دەجولاند. دیار بوو خراپ گیرۆدە بوو بوو. خویا بوو کە دەیەوێت قسەیەک بکات، کە زۆر هەڵبژاردەو پەسەند بێت.بە کێمانی بۆ یەکێک لە میوانەکانی هەڵبژاردەو پەسند بێت . بەڵام وێڕای هەوڵی زۆر، نەیتوانی تاقە وشەیەکی دروست و بە جێ بدۆزێتەوە..

ئوردینوف، ناڕەحەت و پەشێو دیار بوو. ئاقیبەت هەردوو پیاوەکە دەستیان بە قسان کرد.. بەڵام مورین هیچی نەدەگوت، بە کونجکاوی تەمەشای وانی کرد، بزەیەک کەوتبووە سەر لێوانی و بەرەبەرە زیادی کرد تا ئاقیبەت هەموو ددانەکانی بە دیار کەوتن...

ئوردینوف ئاخری ڕوو لە پیرەمێرد گوتی:- من بۆیە هاتووم تا پێت ڕابگەیەنم کە لەبەر پێشهاتێکی ناخۆش دەبێت لە ژوورەکەی ئێوە باربکەم و...

یاڕوسلاف ئیلیچ لە ناکاوا خۆی لە قسەکەی وی هەڵقورتاندو گوتی:- زۆرم پێ سەیرە! باوەڕبکە کاتێ ئەم پیرەمێردە بەڕێزە ئەم بەیانییە هات و لە بڕیارەکەی تۆ ئاگاداری کردمەوە هۆپێکم لە خۆما.. بەڵام...

ئوردینوف، لە کاتێکدا حایروحەپەساو دەیڕوانیە مورین، لە یاروسلافی پرسی:- یانی بڕیارەکەی منی بۆ گێڕایتەوە؟

مورین، گەمەی بە ڕدێنی خۆی دەکردو بزەی دەهاتێ.

یاروسلاف ئیلیچ لەسەری ڕۆیی:- بەڵێ، بەڵام دوور نییە من بە سەهو چووبم. بەڵام دەتوانم دڵنیات بکەم کە لە قسەکانی ئەم پیرەمێردە بەڕێزو حورمەتەدا هیچ خراپەیەک دەرهەق بە تۆ نەبوو!..

یاروسلاف ئیلیچ کە ئەو قسانەی دەکرد سوور دەبووەوەو نەیدەتوانی بە ئاسانی هەستەکانی خۆی کۆنترۆڵ بکات. مورین، ئاقیبەت وەکو ئەوەی بە ئەندازەی پێویست بە ناڕەحەتی و نیگەرانی یاروسلاف ئیلیچ و میوانەکەی خۆشحاڵ بووبێت، هەنگاوێ چووە پێشەوەو بە ڕێزەوە سەرێکی بۆ ئوردینوف دانەواند و گوتی:- قوربان با من مەسەلەکەت عەرز بکەم.. تۆ ئەزبەنی بە خۆت دەزانیت، ئێمە، من و ژنەکەم دەمانتوانی پڕ بە دڵ، لە کانگای دڵەوە خۆشحاڵ بین کە... دەشیا ڕێگە بە خۆ نەدەین تاکە قسەیەکیش بکەین... بەڵام تۆ بەخۆت دەبینیت کە ژیانی من چتۆ ژیانێکە... من پێم بە لێوار قەبەرەوەیە. بە خۆت دەبینیت کە ئەگەر وا نەبوایە... من چ کارم بەوە بوو بێم لێرە گلەیی و گازاندە بکەم؟

مورین، پاش ئەو قسانە دووبارە کەوتەوە گەمە بە ڕیشی.

ئوردینوف، هەستیکرد دڵی تێک هەڵدێت، خەریکە دەبورێتەوە.

یاروسلاف ئیلیچ گوتی:- بەڵێ، بەڵێ.. من پێمگوتبوویت کە نەخۆشە، ئەوە نەگبەتیەکەیەتی ( وشەی نەگبەتی بە فەڕەنسی گوت) ویستم هەموو شتەکانت بە فەڕەنسی پێ بڵێم، لێ بمبورە فەڕەنسیەکەم ڕەوان نییە.. یانی..

- بەڵێ، تێدەگەم..

- بەڵێ، ئیدی بە خۆت دەزانیت...

ئوردینوف و یاروسلاف ئیلیچ، کە لەسەر کورسیەکانیان ڕۆنیشتبوون کەمێک بەلای یەکدا دانەوینەوەو سەروو نیو کڕنۆشیان بۆ یەکدی برد، ناڕەحەتی خۆیان لەژێر خەندەیەکی خەتاپۆش دا دەشاردەوە. یاروسلاف ئیلیچ کە لەم جۆرە مەسەلانەدا بە ئەزموونتر بوو گوتی:- هەڵبەتە من پرسیاری هەموو شتێکم لەم پیرەمێردە بە حورمەتە کردووە، چوومەتە بنج و بناوانی هەموو شتەکان، گوتی کە نەخۆشی ئەم ژنە...

یاروسلاف ئیلیچ کە پیاوێکی هەستیار بوو، نیگایەکی پرسیارئامێزی مورینی کرد.

- مەبەستم جەنابی خانمەکەی ئێوەیە...

یاروسلاف ئیلیچ لە ڕووی ئەتەکێت زانیەوە، زۆر پێداگری نەکرد، دووبارە ڕووی کردەوە ئوردینوف و گوتی:- بەڵێ... خانمی خاوەن ماڵ.. مەبەستم خاوەنی ئەو خانوەیە کە بەتەمای چۆڵی بکەیت.. ژنێکی نەخۆشە. ئەم دەڵێت گوایە خوێندنەوە لە تۆ تێکدەدات... ئەم پیرەمێردە بەڕێزە خۆیشی.. بەڵام تۆ خۆتیش ڤاسیلی میخائیلوفیچ یەک شتی گرینگت لە من شاردبووەوە..

- ئەو شتە گرینگە چییە؟

یاروسلاف ئیلیچ بەڕاوێژێکی نەوی و چپە ئاسا، بە تۆنێکی نەرمی گلەیی ئامێز بەرسڤی دایەوە:- مەسەلەی تفەنگەکە! و یەکسەر لەسەری ڕۆیی:- من هەموو شتێک دەزانم هەموو شتێکی بۆ گێڕاومەتەوە. بەڵام تۆ گەورەییت کردووە کە لێی خۆش بوویت و بەردێکت ناوەتە سەر ئەو تاوانەی کە دەرهەق بە تۆ کراوە، هەڵبەتە تاوانێکی بە ئانقەست و خوازراو نەبوو.. باوەڕ بکە، کاتێ کە بویەرەکەی بۆ من دەگێڕایەوە، بە چاوی خۆم دیتم کە ڕوندک لە چاویا قەتیس مابوو!

یاروسلاف ئیلیچ دووبارە سوور بووەوە. چاوەکانی ئەبڵەق بوون، لە ناڕەحەتیدا، لەسەر کورسیەکەی بەند نەدەبوو.

مورین، دوای ئەوەی یاروسلاف هێور بووەوە، ڕووی کردە ئوردینوف و گوتی:- من.. واتا ئێمە، من و خانمەکەم، هەمیشە دوعای خێرت بۆ دەکەین، بەڵام تۆ بەخۆت دەزانیت کە ئەم ژنە نەخۆشە، گێلە. من بە خۆیشم پیاوێکی نەخۆشم، بەئەستەم خۆم بە پێوە دەگرم..

ئوردینوف گوتی، کە سەبری لێبڕا بوو گوتی:- بەڵام من ئامادەم... تکایە بەسە.. ئامادەم ئەگەر دەتەوێت هەر ئێستا..

-نەخێر قوربان، ئێمە شانازی بە بوونی تۆوە دەکەین( مورین بەدەم ئەو قسەیەوە ئیکلامی بۆکرد). من مەبەستم ئەمە نەبوو. من تەنیا دەمویست شتەکەت بۆ ڕوون بکەمەوە. مەسەلەکە ئەمەیە کە . قوربان.. ئەم ژنە خزمێکی دووری منە. زۆر دوور؛ بن عامین... پێکەنینت بەم قسەیەی من نەیەت قوربان. ئێمەمانان خەڵکی ڕەشۆکی و نەخوێنەوارین.. ئەم ژنە لە منداڵیەوە هەر وابووە. داماوە عەقڵی پارسەنگی دەوێت . لە لێرەوارەندا گەورە بووە . کەسێکی جوتیار و دێهاتیە. هەمیشە لەنێو پیاوانی بەلەمڕاکێش و کرێکاراندا بووە.. ئیدی ئەز قەزای ڕۆژگار خانووەکەیان سووتاوە.. دایکی لەنێو شەواتەکەدا سووتاوە، بابی شێت بووەو خۆی سووتاندووە.. ئیدی خۆی داوەر بە کە ئەم جۆرە ژنە دەبێت چ چیرۆکێک بۆ ئینسان بگێڕێتەوە.. من ئەم قسانە لە گیرفانی خۆمەوە دەر ناهێنم، با ئەوەشت پێ بڵێم کە ئەنجومەنی پزیشکانی موسکۆ معایەنەیان کردووە، ئەنجامگیرییەکەیان ئەمە بووە کە مێشکی تەواو نییە؛ شێتە.. جگە لە من کەسی دیکەی نییە، بۆیە بەتەنها لەگەڵ مندا دەژی. ئیدی پێکەوە دەژین، ئەگەر خوا پارووە نانێکی پێ ڕەوا دیتین، پێکەوە دەیخۆین و شوکری خوا دەکەین، ئیدی کارمان نوێژو نزاو تەوەکەل بە خوایە.. ئیدی من ئازادی تەواوم داوەتێ و بۆ هیچ شتێک ڕێگری لێناکەم... هەرچیەک دەکات و دەڵێت ئازادە..

ڕوخساری ئوردینوف گۆڕا، نیگەرانی پێوە دیار بوو، یاروسلاف ئیلیچ، جارێ دەیڕوانیە مورین و جارێ دەیڕوانیە ئوردینوف. مورین بە ویقارێکی زۆرەوە سەری باداو درێژەی بە قسەکەی خۆی دایەوە:- بەڵام نا ئەزبەنی من نەمدەویست ئەوە بڵێم، بەڵکو دەمویست ئەوە بڵێم کە ئەم ژنە تەواو نییە، گەردەلولێکی لەسەریدایە، واتە زۆر کەودەنە. ببورە قوربان کە ئەو قسەیە دەکەم، ئیدی ئاگری عەشق و ڤیان هەڵیگرتووە. هەمیشە حەز دەکات یەکێکی خۆشبوێت. یەکێک هەبێت کە ئەمی خۆش بووێت. بە بێ خۆشەویست ناحەوێتەوە... بمبورە قوربان ( بەدەم ئەو قسانەوە دەستی بە ڕدێنیدا هێناو دوولا لەبەری نووشتایەوە).. من لە ساکاری دێهاتیانەی خۆمەوە ئەم قسانە دەکەم..

بەڵێ من دەمبینی کە چۆن دەهات بۆلای تۆ.. هەستم دەکرد کە چۆن جەنابت دەتویست چارەنووسی خۆت بە چارەنووسی ئەوەوە ببەستیتەوە..

یاروسلاف ئیلیچ ڕەنگی سووری سوور بووەوە ، نیگایەکی گلەیی ئامێزی مورینی کرد. بەڵام ئوردینوف لەسەر کورسیەکەی ئۆقرەی نەدەگرت.

–نەخێر ئەزبەنی.. من ئەمەم مەبەست نەبوو... مەبەستم ئەمە بوو کە .. من فەلاحێکی سادەو ساکار، بێ شێلەو بێلەم.. بابایەکم دێهاتی بێ سیوات.. تۆ هەر ئەمرێکت هەیە ئێمە لە خزمەتتداین. ئێمە نەخوێندەوارین، نۆکەری ئێوەین..( دووبارە، دوو لۆ لەبەر دەمیدا نوشتایەوە) ئێمە، من و ژنەکەم هەمیشە دوعای خێرت بۆ دەکەین، ئێمە چمان لە خوای گەورە دەوێت؟ پاروویەک نان و لەش ساغی، ئەوەندەمان بەسە. ئێمە سەگی کوێین تا ناشکوری بکەین؟ قوربان من دەبێ چ بکەم؟ دەتوانم سەری پیری خۆم بە دارو دیواردا بکێشم؟ جەناب بەخۆت دەزانیت، ئیدی ئەوە ژیانە!دەبێ بەزەییت بە حاڵی مەدا بێتەوە.. ئاخر چۆن دەبێت لە ماڵەکەی خۆمدا، لە پەنای خۆمدا فاسقێکی داوێنتەڕ ڕابگرم.. زۆر ببورە کە ئەم قسە بێ پەردەیەم کرد. لە قوڕی بابایەکی دێهاتی هەر ئەو تۆزە هەڵدەستێت! تۆ پیاوێکی بەئەدەبیت.. گەورەیت، گەنجیت،هەر کارێکت بوێت، دەتوانیت بیکەیت.. بەڵام ژنەکەی من بەخۆت دەزانیت منداڵە، منداڵێکی بێ عەقڵە.. لە کەفلەکونێکا دەکەوێتە داوی هەر بێ ئابڕوورییەکەوە، ئابڕووی دەچێت، ناوی دەزڕێت. ئەو ژنە، گەنجە، سوووررو سپییە، میهرەبانە، من پیرم، سەراپام نەخۆشییە! ئیدی ئەوە حاڵەکەیە، چ دەکرێت؟ نەوەک شەیتان لە خشتەتان بەرێت؟ من هەمیشە هەوڵدەدەم بە چیرۆک و حیکایەتان هێوری بکەمەوە! تەنانەت مەراییشی دەکەم. بەڵێ ئەزبەنی ئێمە، من و ژنەکەم، هەمیشە دوعای خێرت بۆ دەکەین. قوربان ئەم ژنە بە کەڵکی تۆ نایەت. ڕاستە جوانە، بەڵام لەدوا ئەنجامدا ژنێکی دێهاتیە، ساویلەکەیە ، فەلاحێکی وەکو من ! ئەگەر ڕاستت دەوێت، بۆ ئاغایەکی تێگەییشتوو و خوێنەواری وەکو تۆ جوان نییە چاوبڕکێ لەگەڵ ژنانی دێهاتیدا بکەیت و دووی ژنانی فەلاح بکەویت.. مەگەر هەر خوا بزانێت چەند نزای خێر بۆ تۆ دەکەین!..

مورین، دوای ئەو قسانە جارێکی دی دوو لا نوشتایەوەو ماوەیەکی زۆر بەو حاڵەوە مایەوە، بەردەوام دەستی بە ڕدێنیدا دێنا. یاروسلاف ئیلیچ، نەیدەزانی ئەرکی ئەو چیە؛ دەبێت چ بکات. ئەنجام بەوپەڕی نیگەرانیەوە گوتی:– بەڵێ، دۆستی ئازیز، ڤاسیلی میخا ئیلوفیچ، ئەم پیاوە باسی هەندێ بەدحاڵی بوونی بۆ کردم کەوتووەتە بەینتان، کە من باوەڕ ناکەم ڤاسیلی میخائیلوفیچ..

بیستوومە گوایە هێشتا نەخۆشیت( یاروسلاف ئیلیچ کە هەستیکرد ئوردینوف نیگەرانە، بلەز قسەکەی بڕی.)

ئوردینوف ڕوویکردە مورین و پرسی:- نها پێم بڵێ چەندت قەردارم؟

- ئەم قسەیە چییە ئەزبەنی.. باسی شتی وا مەکە! چما جنێومان پێ دەدەیت؟ شەرمە! ئاخر ئێمە، من و ژنەکەم چ خراپەیەکمان دەرهەق بە تۆ کردووە؟ تا ئەم جنێوانەمان پێبدەیت! کەمێک مدارای مە بکە..

یاروسلاف ئیلیچ کە بە ئەرکی خۆی دەزانی مورین تێبگەیەنێت ئەو هەڵوێست و قسەیەی سەیرو نابەجایە، گوتی:- بەڵام ئەم هەڵوێستەت سەیرە هاوڕێ.. ئەم پیاوە ژووری لە ئێوە بەکرێ گرتووە، هەست بەوە ناکەیت وەر نەگرتنی کرێی ژوورەکە، سووکایەتیە بە ئەو؟

- ببورە قوربان.. ئەم قسەیە چییە ئەزبەنی.. ئایا ئێمە هیچ هەڵەیەکمان دەرهەق بە تۆ کردووە؟ هەر چییەکمان لە توانادا بووبێت کردوومانە تا تۆ لێمان ڕازی بیت. تکایە ئەزبەنی خۆ ئێمە کافر نین؟ ئێمە شانازیمان بەوە دەکرد نانی ئێمەی هەژار بخۆیت، نۆشی گیانت بێت، هیچ لاریمان لەوە نەبوو تا کەی لە کولبە تاریکەکەی مەدا دەمایتەوە!..بەڵام شەیتان کەوتە بەینەوەو، ئیدی کەیبانووەکەم نەخۆش بوو، جگە لەو کەسی دی نەبوو خزمەتی ئاغا بکات، وێڕای ئەوەش حەزمان دەکرد لێمان ڕازی بێت. چارمان چییە؟ خۆزگە دەتزانی چەند لەبەر قاپی خوا دەپاڕاینەوە کە ئاقیبەت خێر بیت! چۆن لەبەردەم ئەیکونە پیرۆزەکاندا دەکەوتینە سەر چۆکان و دوعای خێرمان بۆ دەکردیت!..

مورین جارێکی دیکەش دوو لۆ لەبەردەمیا نووشتایەوە. ڕوندک زاییە چاوانی یاروسلاف ئیلیچ، بە جۆش و خرۆشەوە ڕوانیە ئوردینوف و گوتی:- بەڕاستی ئەم خەسڵەتانە مایەی شانازییە! چ گەنجینەیەکی میوانپەروەری لە ڕوحی ئێمەی ڕووسدا پەنهانە!

ئوردینوف، سەراپای یاروسلاف ئیلیچی بە نیگایەکی تووڕەی شێتانە دا بێژت.

مورین، بلەز هاتە قسان و گوتی:- بەڵێ قوربان، ئەو پیاوە ڕاست دەفەرموێت. مەسەلەکە ڕێک میوانپەروەریە. بەڵێ ئێمە بە میوانپەروەرییەوە پابەندین( هەنگێ ڕوویکردە ئوردینوف) ئەم برادەرە ڕاست دەکات، با وای دابنەین کە چەند ڕۆژێک میوانی ئێمە بوویت، من لە خوام دەویست خزمەتی میوانێکی وەکو تۆ بکەم، لێ ئەفسووس شەیتان لێنەگەڕا و کارەکەی لێ تێکداین. نەخۆشییەکەی

کەیبانۆیەکەم سەری هەڵدایەوە. ئاخ ئەگەر خانمی خانەخوێ نەبایە، هەر خۆم بان هەنگێ دەتبینی چۆن خزمەتی میوانە پایە بەرزەکەم دەکرد. تۆم لەسەر سەرم دادەنا، چۆن پەرستاریم دەکردیت. ئەگەر خزمەتی جەنابت نەکەم خزمەتی کێ بکەم. دەتبینی چۆن چارەسەری نەخۆشیەکەتم دەکرد! فشە دکتۆرییەک بەلەدم.. خۆزگە ڕۆژێکی دی لەنک مە دەمایتەوە، بە شەرەفم حەز دەکەم.

یاروسلاف ئیلیچ گوتی:- ئەلهەقی ڕاست دەکەیت.. یانی دەرمانێک پەیدا نەدەبوو؟

بەڵام یاروسلاف قسەکەی تەواو نەکرد.

کارەکەی ئوردینوف، کە یەک خولەک لەوە پێش بە نیگای توورەو شێتانە سەراپای دابێژتبوو، کارێکی نابەجێ و بێ ئینسافانە بوو.

یاروسلاف ئیلیچ پیاوێکی زۆر نەجیب و مەردانە بوو. بەڵام نها پەی بە هەموو شتێک بردبوو. لە نێوان ئەو دووەدا گیری خواردبوو. ئەگەر هەر خۆی و ئوردینوف بایەن لەگین بوو لە قاقای پێکەنین بدات و جلەوی پێکەنینەکەی پێنەگیرابا. دوای پێکەنینەکەی بەدڵ دەستی ئوردینوفی گوشیباو دڵنیای کردبا کە قەدرو خۆشەویستی ئەوی لە دڵ زیاد بووە نەک کەم، لەو هەڵوێستەشی خۆشبا، چونکە ئەوە لێکەوتەی گەنجایەتیەو لێی ناگیرێت. بەڵام لەو کاتەدا، چونکە پیاوێکی هەست ناسک و زۆر بەئەدەب بوو، تیا مابوو، خۆی لە تەنگانەیەکی ناخۆشدا دەبینی نەیدەزانی چ بکات.

مورین، کە زۆر کەیفی بە پرسیارەکەی یاروسلاف ئیلیچ هات، گوتی:- فەرمووتان دەرمانێک؟ مەبەستتان دەرمانی دەردەکەیەتی! ئەگەر لە من دەپرسیت.. لە بەندە جەنابی پایەبەرز، لە منی دێهاتی پیری بێ سیوات و نەفام، ئەوا دەڵێم کە نەخۆشیەکەی پایەبەرز هی کتێب خوێندنەوەی زۆرە.

هەنگاوێ چووە پێشەوەو لەسەری ڕۆیی:- ... سەنگینی باری کتێب! پایە بەرز زیاد لە پێویست ڕۆشنبیر بووە. ئێمەی دێهاتی بە زمانی ڕووسی خۆمان دەڵێین هێندەی کتێب خوێندووەتەوە لە عەقڵ دەرچووە.

یاروسلاف ئیلیچ، بە توندی قسەکەی پێبڕی و گوتی:- بەسە، ئەم قسە نابەجێیانە چییە؟

ئوردینوف گوتی:- باشە من دەڕۆم. سوپاس یاروسلاف ئیلیچ.

ئەوسا بەدەم هەستانەوە بە یاروسلاف ئیلیچی گوت:- بەهەرحاڵ سەرت لێدەدەمەوە، یاروسلاف ئیلیچ جارێ بە دووعا!

- خوات لەگەڵ قوربان، خواحافیز، پێمان لێ مەبڕە، جارجار سەرمان لێبدە قوربان...

ئوردینوف، هیچی دی گوێ لێنەبوو. وەکو شێت بەهەشتاو وەدەرکەوت. سەبری بڕابوو، وەکو ئەوە بوودارکارییەکی زۆر کرابێت، هۆشی بەخۆوە نەبوو. هەستیدەکرد نەخۆشیەکە زۆری بۆ هێناوەو خەریکە دەخنکێت. نائومێدیەکی ساردی وەکو سەهۆڵ نیشتبووە سەر دڵی. ئازارێکی بەسوێ چنگی نابووە دڵ و دەروونی و خوێنی جگەری دەخواردەوە. وەکو مەنگەنە ڕوحی دەگوشی. لەو دەمەدا هەزار خۆزی بە مردن دەخواست. لاقەکانی لە دووی نەدەهاتن، ئەژنۆکانی دەنووشتانەوە. لە پەنا تەیمانی باخێک ڕۆنیشت، گوێی لەو خەڵکە نەبوو کە بەلایدا دەبوورین، یان لە دەوری خڕ دەبوونەوە. نە گوێی لەو قسانە بوو کە دەیانکرد و نە بەرسڤی ئەو پرسیارانەی دەدایەوە کە لێیان دەکرد. لە ناکاوا لە میانی ئەو دەنگانەی دەوروبەرییەوە، دەنگی مورینی ناسییەوە. سەری هەڵبڕی. پیرەمێردەکەی لەبەردەم خۆیدا بە دیکرد. ڕوخسارە زەردەکەی زۆر جدی بوو. لە تۆ وایە بووە بە کەسێکی دی، هەرگیز لەو کەسە نەدەچوو کە لە نووسینگەکەی یاروسلاف ئیلیچ، هوڤیانە پێی پێکەنی بوو، پێی ڕابواردبوو. ئوردینوف ڕابووە سەر پێیان. مورین، باسکی گرت، یارمەتی دا کە لەنێو ئاپۆڕای خەڵکەکە بێتە دەرەوە.

مورین، بە لاچاوێکەوە تەمەشای کردو گوتی:- پێویستە بێیت کەلو پەلەکانت کۆ بکەیتەوەو بیانبەیت! خەم مەخۆ قوربان. تۆ لە هەرەتی گەنجیدایت، هەق نییە نائومێد بیت..

ئوردینوف، هیچ وەڵامێکی نەدایەوە.

- وا دیارە زیز بوویت ئەزبەنی، پەست دیاریت.. بەڵام تۆ هەڵەیت. ئیدی ئەوە ژیانە، هەر کەسە خەمی خۆی وماڵی خۆیەتی..

ئوردینوف گوتی:- من کارم بە تۆوە نییە، نە دەتناسم و نە دەمەوێت نهێنییەکانت بزانم.. بەڵام ئەو.. ئەوە..

ئوردینوف، بەدەم ئەو قسانەوە، گریان ئەوکی گرت، ڕوندک لە چاوانیا قەتیس ما، بایەکە ڕوندکەکانی یەک یەک لە چاوانی دەرڤاند . ئوردینوف، بەسەری قۆڵی دەم و چاوی سڕی. ڕەفتارو

تەمەشاکردنەکەی، لێوە لەرزەی لێوە شینەکانی، هەر هەمووی لە هی شێتان دەچوو. هەر کەسێک بەو حاڵەوەی دیتبا وای دەزانی شێت بووە.

مورین، برۆکانی وێک هێنانەوەو گوتی:- من پێشتر پێمگوتیت ئەم ئافرەتە نیمچە شێتە. بەڵام چماو چۆن شێت بووە، ئەمە بۆتۆ ناکاتە هیچ، بیزانیت یان نەیزانیت هیچ لە مەسەلەکە ناگۆڕێت. هەرچیەک بێتماڵی خۆمە، من پێی ڕازیم. من لە خۆمم خۆشتر دەوێت، بە کەسی نادەم. ئێستا تێگەیشتیت؟

پرشنگێک لە چاوانی ئوردینوف بووەو گوتی:- ئاخر من گوناحم چییە؟ چما گیانم بەم ئاوایە گڕی گرتووە؟ چما ڕوحم لەبەر نەماوە؟ چما دڵم بەم ڕادەیە دەیەشێت؟ ئاخر بۆچی کاترینام ناسی؟

مورین، بزەیەکی کردو لە فکران ڕاچوو، ئەوسا گوتی:- ئەم شتانە لە من مەپرسە.. ژن.. ژنان قوڵایی بنی دەریا نین کە پەی بە ڕازەکانیان نەبرێت. بەڵام ژنان بە مەکرو فێڵبازن. ڕاستە ئەزبەنی ویستی دەستبەرداری من بێت و بەگەڵ تۆ بکەوێت..

هەڵوەستەیەکی کرد، بەدەم خەیاڵەوە لەسەری ڕۆیی:- .. با ڕێک و ڕەوان پێت بڵێم، ئەزبەنی. دەیویست دەستبەرداری من ببێت و ڕەدووی تۆ بکەوێت. لە پیری من بێزار بوو بوو. هەرچیەکی ویست لە منی کێشایەوە! ئیدی لە من تێر بوو، ئیدی یەکسەر عاشق و دڵبەندی تۆ بوو.. خۆ ئەگەر هەر گەنجێکی دیکەشی لەجیاتی تۆ بەگیر هێنابا، بۆ ئەو فەرقی نەدەکرد و هەمان هەڵوێستی دەبوو... من قەت بێ دڵی ئەوم نەدەکرد، ئەگەر شیری باڵندەشی - کە شیری نییە — لێ داوا کردبام بۆیم پەیدا دەکرد. چونکە خودا باڵندەی شیردەری نەخوڵقاندووە، خۆم بۆییم دەخوڵقاند. ئەم ژنە زۆر لەخۆی باییە، بادی هەوایە، حەزی بە دەرکەوتنە، خەون بە ئازادییەوە دەبینێت. بەڵام خۆشی، سەرچاوەی عەزابی دڵی خۆی نازانێت... باشتر وایە هەر بەو دەقەوە بمێنێتەوە.. قوربان تۆ هێشتا لە تافی لاویدایت، دڵت تەژی کەلەجان و جۆش و خرۆشی لاویە؛ وەکو دڵی کچێکە کە دڵدارەکەی تۆرابێت، ڕوندکان دەڕێژێت و بەسەری قوڵی دەیسڕێت. قوربان من ئامۆژگاریت دەکەم کە لاواز نەبیت! بەشەر کە لاواز بوو بەرگەی تەنیایی ناگرێت. هەرچییەکت هەیە بیدەیە، هەنگی بە خۆی دێتەوە بۆلات و هەموویتدەداتەوە. ئەگەر نیوەی دنیای بدەیتێ هەر هەست بە بەهێزی ناکات، ئەگەر ئازادی بدەیت بە مرۆڤێکی لاواز، دەستەوەستان دەبێت، خۆی بۆتی دێنێتەوە، ئازادی بۆ دڵێکی لاوازی ساویلکە هیچ بایەخێکی نییە... کەسێک وابێت تیا دەمێنێت، ناتوانێت بەو تەبیعەتەوە بژی.. من بۆیە ئەم قسانە بۆ تۆ دەکەم چونکە هێشتا زۆر گەنجیت، لە هەوەڵی تەمەندایت. من هیچ

دژمنایەتیەکم لەگەڵ تۆدا نییە. هاتیت و پاشان ڕۆیشتیت، تۆش نەبای هەرکەسێکی دیکەش با بۆ من فەرقی نەدەکرد! من لە هەوەڵەوە دەمزانی کە هاتن و ڕۆیشتنت هیچ شتێک ناگۆڕێت. بەڵام ڕێگری هیچ فایدەیەکی نەبوو. ئەگەر بتەوێت بە کامی دڵ بژیت، نابێت هیچ ناڕەزاییەک بنوێنیت.

مۆرین لەسەر فەلسەفەڕێسی خۆی بەردەوم بوو و گوتی: ... مرۆڤ کە تووڕە دەبێت دەست دەداتە خەنجەر، یان ئەگەر خەنجەری دەست نەکەوێت، بەدەستی خاڵی پەلاماری حەریفەکەی دەدات، هەوڵدەدات دەست بنێتە بینی و بیخنکێنێت بەڵام ئەگەر حەریفەکەت بەخۆی خەنجەرت بداتە دەست و سینگیت بۆ ڕووت بکات، هەنگێ خۆبەخۆ شپرزە دەبیت و پاشەکشە دەکەیت...

هەردووکیان گەیی بوونە حەوشی ماڵەکە. دەرگاوانە تاتاریەکە لە دوورەوە مورینی ناسییەوە، بە ڕێزەوە کڵاوەکەی داگرت. مۆڕەیەکی کینەئامێزی لە ئوردینوف کرد.

مورین هاواررێکرد:- ئەهای کوڕۆ، دایکت چ دەکات؟ لە ماڵە؟

- بەڵێ لە ماڵە.

- پێی بڵێ یارمەتی ئەم گەنجە بدات تا کەل و پەلەکانی کۆبکاتەوە. دەیەوێت باربکات.. تۆش هەڕە سەرەوە یارمەتی بدە. دەی خێراکە، ماتەڵ مەبە!

بە پلیکانەکاندا سەرکەتن، ئەو پیرەژنەی کە لە ماڵی مورین دا کارەکەری دەکرد، دایکی کابرای تاتار بوو. بەدەم خوتەخوتەوە کەوتە کۆکردنەوەی کەل و پەلەکانی یارۆی کرێچیەکەی جارانەوە، لە بوخچەیەکی گەورەی نان.

- سەبر بکە، شتێکی دیکەش ماوە، هی تۆیە با بۆتی بێنم.

مورین بەدەم ئەو قسەیەوە چوو بۆ ژوورەوە، پاش خولەکێک بە بالیفێکەوە زڤڕییەوە، بالیفێکی گوڵدۆزی کراوبوو، بۆ ئوردینوفی درێژکرد. هەمان ئەو بالیفە بوو کاتێ کە ئۆردینۆف نەخۆش بوو کاترینا بۆی هێنا بوو و نابوویە ژێر سەری.گوتی:- ئەمە دیاری کاترینایە بۆ تۆ. نها ئیدی برۆ، ئەسپاردەی خودا بیت، گەردنم ئازا بکە.

هەنگێ بە ئەسپایی و بە ڕاوێژێکی باوکانەوە لەسەری ڕۆیی: - وریابە نەیەیت بەم ناوەدا، چونکە ژێوان دەبیتەوە!

دیار بوو مورین نەیدەویست سووکایەتی پێبکات. بەڵام وەختایەک دوا  نیگای ئەوی کرد، دیار بوو کە کینەیەکی بێ پایان لە چاوانیا شەپۆلی دەدا؛ ئەوسا بە نەفرەتەوە، دەرگاکەی بە توندی لە دوای ئوردینوفەوە داخست.

ئوردینوف، دوای دوو سەعاتان لە ماڵی ئەشپیس، پیرەمێردی ئەڵمانی گیرسایەوە. تینشنی کیژی خاوەن ماڵەکە هەر کە ئەوی بینی لە خۆشیا هاواریکرد. ئەوسا لە ئەحواڵی پرسی، کە زانی نەخۆشە، بلەز کەوتە پەرستاری. پیرەمێردی ئەڵمانی بە گەڕانەوەی ئەو زۆر خۆشحاڵ بوو، پێی گوت کە نها دەویست بڕوات و دووبارە ئاگادارییەک دەربارەی کرێی ژوورەکەی بە دەرگای تەلارەکەوە هەڵواسێت، چونکە ماوەی ئەو کرێیەی کە پێشەکی دابووی ئەمڕۆ تەواو دەبوو. کابرای ئەڵمانی هەر دەرفەتێکی بۆ ڕەخسابوایە باسی دووربینی و دروستکاریی و دیقەتی ئەڵمانیانەی خۆی دەکردو شانازی بە ئەڵمانی بوونی خۆیەوە دەکرد.

ئوردینوف، هەمان ڕۆژ نەخۆشکەوت، لە جێگادا کەوت و تا سێ هەیڤان هەڵنەستایەوە. بەرەبەرە حاڵی باشتر بوو، ناو بە ناو لە ماڵ دەچووە دەرەوە. ژیان لە ماڵی کابرای ئەڵمانی یەکنەواو ڕۆتینی بوو، کیژە جوان و نموونەییەکەی، سەلارو سەنگینەکەی بۆ ئوردینوف هەموو شتێک بوو. لە هەموو ڕوویەکەوە یارمەتی ئوردینوفی دەدا. بەڵام پێدەچوو ئوردینوف ژیانی لەبەر چاو کەوتبێت، نە هیچ گەرمیەکی هەبوو، نە هیچ ڕەنگ و بۆیەک! ئیدی وەکو پیرەمێردی لێهاتبوو، چووبووە قاوغەکەی خۆیەوە، توندە تەبیعەت و گرژو مۆن. هەستیارییەکەی شەقڵی نەخۆشی لەخۆ گرتبوو. بەرەبەرە دووچاری خەمۆکی بوو، خەمۆکییەکی زۆر خراپ..

بە هەفتان کتێبێکی نەدەکردەوە. ئایندەی بەلاوە تاریک بوو. هیچ کارێکی نەدەکرد، پارەو پولی لە تەواوبووندا بوو. ئیدی دەستی لە هەموو شتێک شۆردبوو، بیری لە ئایندە نەدەکردەوە. هەندێجار بەدەم کەلەجانی زانست خوازییەوە، وێنەکانی ڕابردووی، ئەو وێنانەی خۆی دروستی کردبوون، لە زەینیدا زندوو دەبوونەوە. بەڵام ئەم وێنانە هێندەی دی بێتاقەتیان دەکرد. وای لێهاتبوو، بیرەکانی نەدەگۆڕان بۆ کردار. هەموو داهێنانێکی لێچووە قاتی.. وەکو ئەوە بوو هەموو ئەو وێنانە لە خەودا بدینێت و بە ئانقەست لەوە گەورەتر بکرێن کە توانای ئەفراندنی بە سەریاندا بشکێت و گاڵتەی بە توانای داهێنانی خۆی بێت . لە کاتی خەمباریدا ، بەبێ ویستی خۆی ، خۆی بە شاگردی ئەو جادووگەرە (شاگردی جادووگەر: ئەفسانەیەکی سەدەکانی ناڤینە، دوستویڤیسکی لە ڕێگەی ئەو قەسیدەیەی گۆتەوە کە لە ساڵی ١٧٩٧ دا بە هەمان ناونیشان بڵاوبووەتەوە زانیویەتی.)

دەشوبهاند کە کۆدی ئەو نهێنییە جادووییەی لە مامۆستاکەی دزی بوو کە لە ڕێگەی ئەو کۆدەوە ئەمری بە گسکێکی جادوویی کرد کە ئاو بتەقێنێتەوە، ئیدی لە لەهی و لافاودا غەرق دەبێت چونکە بیری چوو بوو، چۆن بە گسکە جادووییەکە بڵێت: بەسە. بوەستە.

ئاخۆ بەهرەو توانەیەکی داهێنەرانەی تەواو و ڕاستەقینەی هەبوو؟ ئاخۆ شانسی ئەوەی هەبوو کە لە بواری زانست دا ببێت بە داهێنەرێکی گەورەو ڕچە شکێن. جاران، لە ڕابردوودا بە کێمانی باوەڕی بەوە هەبوو. دیارە باوەڕی قووڵ و ڕاستگۆیانە زامنی ئایندەیە. بەڵام ئێستا زۆرجار گاڵتەی بەخۆی و بەو متمانە کوێرانەیەی خۆی دێت و لەجێی خۆی چەقیوەو یەک هەنگاوی بۆ پێشەوە بۆ نانرێت.

شەش مانگێک لەوەپێش، ڕەشنووسی کتێبێکی، بە قەناعەتی خۆی زۆر چاک و پوختەی، کە ئومێدێکی یەجگار زۆری پێی هەبوو، خستبووەوە سەر کاغەز. ئەم کتێبە سەبارەت بە مێژووی کڵێسا بوو، ئوردینوف، لەو کارەدا کۆمەڵێک ئانجامگیری بوێرانەی بەدەستەوە دابوو. نها خەریک بوو هەمان دەسنووسی دەخوێندەوە، پێیدا دەچووەوە، شتی بۆ زیاد دەکرد، شتی لێ کەم دەکرد، گێژەو بێژەی دەکرد، بەڵام ئەنجام تووڕەی دەداو نەیدەتوانی هیچ شتێک لە سەر دارو پەردووی ئەو دەستنووسە ڕۆبنێت. بەرەبەرە جۆرە هزرێکی سۆفیانە لە کەللەی دا، باوەڕی بە چارەنووس و هێزێن گۆنگ و پەنهان هێنا، گەنجی بەلەنگاز هەستی بە ئازارو نەخۆشیەکەی خۆی کرد، داوای شیفای لە خودا دەکرد. کارەکەری پیاوە ئەڵمانیەکە، کە پیرەژنێکی ڕووس و زۆر خواناس بوو زۆرجار باسی نوێژو نزای کرێچیەکەی دەکردو باسی ئەوەی دەکرد چۆن لەبەر دەرگای کڵێساکەدا دەچووە سوجدەو بە دووسەعاتان بەو حاڵەوە دەمایەوە.

ئوردیونف، بە کەسی نەدەگوت کە چی بەسەر هاتووە. بەڵام هەندێجار، بە تایبەتی ئێواران، وەختایەک زەنگی کڵێساکان یەکەم دیداری ئەوی لەگەڵ کاترینادا بیر دێنایەوە، هەنگێ ئەو هەست و سۆزە نادیارەی بیر دەکەوتەوە کە سەراپای دادەلەرزان و دڵی دادەخورپاند، ئەو ساتەی بیر دەکەوتەوە کە بۆ یەکەمجار  لە ماڵی خودادا، لە تەنیشت کاترینا‌وە نوێژی دابەستبوو و ئاگای لە عەمری دنیا نەما بوو، تەنیا گوێی لە دەنگی دڵێکی ترساو دەبوو، هەستی بە داباریني ڕوندکی شادی دەکرد کە بەسەر ئەو ئومێدە تازەیەدا دادەباری کە لەژیانیا بڵاچەی دەدا. هەنگێ عەزابی ڤیان لە دڵەی هەمیشە برینداریدا، وەکو تۆفان هەڵیدەکرد، ئیدی ڕوحی دووبارە دەکەوتە لەرزەو دەردی عەشق هەراسانی دەکرد، خەمێکی ئاگرین دایدەگرت و پێدەچوو ڤیان و عەشقەکەی گوێ

بە گوێی خەم و پەژارەکەی زیاد بکات. زۆرجار بە سەعاتان لە یەک شوێن دەمایەوە، ئاگای لە خۆ نەدەما، ژیانی خۆی فەرامۆش دەکرد، لە دنیاو جیهان غافڵ دەبوو، بێجووڵە دادەنیشت، تەنیاو خەمین، بە داخ و کەسەرەوە سەری دەلەقاند و بە کاوەخۆ ڕوندکی دەڕشت و لەبن لێوانەوە دەیگوت:- کاترینای ئازیزم، کۆترە بێ هاوتاکەم، تاقە خوشکەکەم..

بیرو خەیاڵێکی ترسناک و نابەجێ دابووی لە کەللەی، ئازاری دەدا، ڕۆژ بە ڕۆژ، زیاتر تەنگی پێ هەڵدەچنی و هەراسانی دەکرد، حەوانەوەی لێهەڵدەگرت... ڕۆژ بە ڕۆژ قەناعەتی لە لا پەیدا دەبوو کە ئەقڵی کاترینا عەیبی نییە. مورین لەبەر بەرژەوەندی خۆی بە شێتی لە قەڵەم دەدات. ئوردینوف لەو باوەڕەدا بوو کە سەرو سرێک لە نێوان کاتریناو یارۆی پیرەمێردا هەیە، لێ کاترینا وەکو کۆترێکی پاک، بە ڕوحێکی بێ ئاگاوە لە گوناح، کەوتبووە چنگی بەهێزی پیرەمێردەوە. ئەم جووتە کێ بوون؟ ئوردینوف وەڵامی ئەو پرسیارەی نەدەزانی. بەڵام هەستی دەکرد ئەم بوونەوەرە بەلەنگاز و بێنەوایە گیرۆدەو گرفتاری زوڵمێکی بێ ئامانە و ناتوانێت بەرەڤانی لە خۆی بکات. ئوردینوف، بەمە زۆر نیگەران دەبوو، ژان دەچووە دڵیەوە، کاترینای دێنایە بەرچاوی خۆی. هەستیدەکرد بە ئانقەست ئافرەتێکی بێنەوا، دڵ پاک و، لاوازو بێدەسەڵاتیان عەزاب دەداو ڕاستیەکانیان لەبەرچاوی دەشێواند،هەرکاتێ بەرژەوەندیان خواستبای چاوبەستەکیان لێدەکرد، فریویان دەدا : دڵە ساویلکەکەیان، دڵە لاوازەکەیان عەزاب دەدا، بە گوێرەی بەرژەوەندی خۆیان ڕاستیەکانیان لێدەشێواند. ئیدی لەو ڕێگەیەوە باڵی ڕوحێکی ڕاستگۆو بوێرو عەوداڵی ئازادیان بەجۆرێ دەکرد کە نەتوانێ لەجێی خۆی هەستێت و بەرەو ژیانی ڕاستەقینە لە شەقەی باڵ بدات.

ئوردینوف. بەرەبەرە ڕەڤوک ترو تەریکتر دەبوو، کەمتر تێکەڵی خەڵکی دەبوو. خانەخوێیە ئەڵمانەکانی، مدارای ئەم حاڵەیان دەکردو ڕێزیان دەگرت. ئیدی لە کوچەو کۆڵاناندا وێڵ و سەرگەردان بوو، بێهوودە بە شاردا دەسوڕایەوە، زیاتر ڕووی دەکردە شوێنە دوورو چۆڵەکان. بە زۆری لە بولێڵی ئێوارانداا دەچووە پیاسەو گەڕان و ڕووی دەکردە شوێنە دوورە دەست و چۆڵەکان. ئیدی لە ئێوارەیەکی پایزدا، کە دنیا باران بوو، غوباری خەم بەسەر شاردا دەباری، لە یەکێک لەو کۆڵانە تەنگ و تەریکانەدا تووشی یاروسلاف ئیلیچ دەبێت.

لە دوورەوە دیار بوو کە یاروسلاف ئیلیچ لاواز بوو بوو، چاوە گەشەکانی، پرشنگی جارانیان نەما بوو، دیار بوو زۆر نائومێدەو خەمبار بوو. دیار بوو کاری بەپەلەی هەبوو، کارێک نەدەکرا دوا بخرێت، جلەکانی تەڕ بوو، قوڕو چڵپاوی زۆری پێدا هەڵپژرا بوو. دڵۆپە بارانێک بە شێوەیەکی

سەیر بەسەر کەپووە بچوکەکەیەوە کە تەنها لە سەرما شین بوو بووەوە، ئاوێزان بوو. ڕدێنی بەردا بووەوە.

ئوردینوف، سەری لەم ڕدێنە درێژە سوڕما، هەروەها سەیری لەوەهات کە یاروسلاف دەیویست خۆی لە ئوردینوف، لە دۆستە بەناو قەدیمەکەی، نەبان بکات و خۆی لێبدزێتەوە. لەمانەش سەیرتر ئەوە بوو، ئوردینوفکە جاران باکی بە هاوخەمی و هاوسۆزی هیچ کەسێک نەبوو، ئەمجارە دڵی بەم هەڵوێستەی یاروسلاف ئیلیچ زۆر شکا. ئەو یاروسلاف ئیلیچەی کە جاران ئوردینوف دەیناسی، پیاوێکی سادەو ساکار، دڵپاک بوو، ئەگەر ڕاستت دەوێت برێک گێلۆکەش بوو، بەڵام هیچ خۆهەڵکێشان و بەخۆ نازینێکی نەبوو، هەر لەبەر ئەمەش بوو کە ئوردینوف زۆر خۆشی دەویست. ئەو یاروسلاف ئیچەی جاران، هەرگیز ئەم یاروسلاف ئیلیچەی ئێستا نەبوو. هەڵبەتە ناخۆشە تۆ کەسێکت لەبەر ساکاری و دڵپاکی خۆشبووێت، لەپڕ خۆیت لێ بگۆڕێ، خۆی بخاتە کڵێشەی زاناو داناوە، کەچی ئەو بەدگومانیەی کە هەوەڵجار بە نیگای یاروسلاف ئیلیچەوە دیار بوو، لە پڕ سڕدرایەوە، گەڕایەوە سەر سروشتە ئاساییەکەی خۆی، ئیدی تەبیعەت لەبن پەڕەی ڕوحدایە، بە ئاسانی ناگۆڕێت . ئەوسا وێڕای سەرقاڵییەکەی، دڵی خۆی بۆ دۆستەکەی، بۆ ئوردینوف کردەوە، چاک و خۆشییەکی گەرم و گوڕی لەگەڵدا کردو گرێی دڵی بۆ کردەوە. هەوەڵجار پێی گوت زۆر مژوول و سەقاڵە، ئیش و کارێکی زۆری بەسەردا کەوتووە. ئەوسا گوتی ماوەیەکی زۆرە یەکتریان نەدیتوە، بەڵام لەناکاوا ئاڕاستەی گفت وگۆیەکەیان گۆڕا،ئاڕاستەیەکی غەریبی وەرگرت. یاروسلاف ئیلیچ کەوتە باسی ساختەچیاتی تیرەی بەشەر بە گشتی، باسی بێباری دنیاو زەمانە، خۆپەرستی خەڵکی. بێهودەیی هەموو شتەکان. تەنانەت زۆر بە بێموبالاتی باسی پوشکینی کرد. ئەوسا بە کول و کۆڤانێکی زۆرەوە لە عەلەیی هەندێک لە دۆستەکان دوا کە چۆن لە ڕووا خۆ بە دۆستی گیانی بە گیانی دەزانن و لە پاشملە دژمنی باب کوشتەی یەکترن. ئەنجام گوتی دۆستایەتی ڕاستەقینە لە دنیادانە هەیەو نە ڕۆژێک لە ڕۆژان هەبووە، بە کورتیەکەی یاروسلاف ئیلیچ زیاد لە پێویست زیرەک بوو بوو، هەڵسەنگاندنی بۆ مەسەلێن ورد دەکرد. ئوردینوف هیچ گەنگەشەیەکی قسەکانی ئەوی نەکرد، بەڵام خەم و پەژارەیەکی زۆر سەرو دڵی گرت، وەکو ئەوە بوو یەکێک لە دۆستە هەرە باشەکانی با خاک سپێردرابێت.

یاروسلاف ئیلیچ وەکو ئەوەی شتێکی زۆر گرینگی بیرکەوتبێتەوە، لەناکاوا گوتی:- ئەها... خەریک بوو لە بیرم بچێت بۆتی بگێڕمەوە.. نووچەیەکی تازەم پێیە.. بەڵام هەر بەینی خۆمان بێت.. ماڵەکەی جارانت لەبیر ماوە؟

ئوردینوف ڕاچڵەکی و ڕەنگی زەرد هەڵگەڕا.

یاروسلاف ئیلیچ لەسەری ڕۆیی:- تەسەور بکە، من لەو دواییانەدا، بۆم دەرکەوت کە ئەو تەلارە پەناگەی دەستەیەک دزو قاچاغچی و کڵاوچی و جۆرەها دزو درۆزن بووە. هەندێکیان دەستگیر کراون و لە زندان توند کراون، هەندێکی دیکەیان خۆیان شاردووەتەوە و پۆلیس تاقیبیان دەکات و ئەمری گرتنیان بۆ دەرچووە.. دەی گوێ بگرە. خۆ خاوەنی باڵەخانەکەت لەبیرە؟ چەند پیرەمێردێکی بەویقار و خانەدان دیار بوو.. خواناس و ئابڕوومەند..

- ئێ؟!

- نها خۆت حوکم بدە کە بەشەریەت لە چ زالکاوێکدا دەژی! ئەو کابرایە سەرۆکی هەموو باندەکە بوو. باوەڕ دەکەیت؟

یاروسلاف ئیلیچ، زۆر بە جۆش و خرۆشەوە قسەی دەکرد. هەموو تیرەی بەشەری بە گوناحی ئەم تاقە کەسەوە مەحکووم دەکرد . ئیدی یاروسلاف ئیلیچ تەبیعەتی وابوو کە قەزای گۆزەی دەخست لە دیزە.

ئوردینوف، بە ڕاوێژێکی زۆر نەوی پرسی:- ئەدی ئەوانی دی چییان بەسەرهات؟ بۆ نمونە مورین؟...

-مورین! نا، مورین پیرەمێردێکی ئابڕومەندە. پیاوێکی زۆر مەردو ڕەند، سەر ڕاست و دۆغری.. بوەستە، بیرت هێنامەوە...

- چییە؟ ئەویش یەکێک بووە لەو باندە؟

ئوردینوف، بە کونجکاوییەوە چاوی بڕی بووە زاری یاروسلاف ئیلیچ، دڵی بە توندی لێی دەدا.

یاروسلاف ئیلیچ، بە چاوانی زەقەوە، ڕوانیە ئوردینوف. پاش سووکە هەڵووەستەیەک گوتی:- حەیفت نەکرد. مورین و ئەم کارە قۆڕانە کوجا مەرحەبا!.. بە سێ هەفتە بەر لەم بویەرە، لەگەڵ

هاوسەرەکەیدا بۆ شارەکەی خۆی سەفەریان کردبوو. کابرای دەرگاوان، لەبیرت ماوە؟ کابرا کورتە باڵا تاتاریەکە، ئەمەی بۆ گێڕامەوە.

تێبینی:

ڕۆژی ٢٠٢٤/١٢/١١ لە شاری سلێمانی، گەڕەکی چوارچرای نوێ لە پاچڤەی ئەم چیرۆکە بوومەوە، کە لەم دوو سەرچاوەیەی خوارەوە، بە شێوەیەکی بەراوردکارییانەو لەبەر زەروورەتی ڕەچاوکردنی ئەمانەتداری کاری وەرگێڕان ئەمەم کردووە. جا ئەگەر ئەمە بووبێتە هۆی ئەوەی هەندێ دەستەواژەو ڕستەو پەرەگرافی دەقە کوردییەکە لە ڕواڵەت و شێوەدا تەواو دەگەڵ سەرچاوەی یەکەمدا تێکنەکاتەوە، ئەوا لەگەڵ سەرچاوەی دووەمدا تێک دەکاتەوە، دیارە پێچەوانەش پێچەوانەیە. هەڵبەتە بە دڵنیاییەوە پاچڤە کوردییەکە ئەگەر لە هەردوو پاچڤەکەی دی باشتر نەبێت، ئەوا هیچی لەوان کەمتر نییەو بێ چەند و چوون ڕووی مەجلیسی دەقانی هەیە.

سەرچاوەکان:


- بانوی میزبان/ فیودور داستایفسکی/ مترجم: سروش حبیبی نشرماهی/ تهران، ١٤٠٢
- دوستویفسکی: الاعمال الادبیه ( الکامله- ١٨ مجلدا/المجلد الثانی. ترجمها عن الفرنسیه: د. سامی الدروبی/ القاهره/ ١٩٦٧.